
KURDISTAN


kurdistan
PESHMERGE
شەهیدی زیندوو
یادێک لە هێما و وورە و نەسرەوتن
مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پیڕست

١- وێستگەکانی ژیانی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی ................................ ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی ..... ٥
٢- لە پێناسەکردنی شەهیدی زیندوو کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دا ........................... مستەفا شڵماشی ..... ١٢
٣- یاد و بیرەوەریک لە کاک حەسەن شیوەسەڵی ................................................ ڕەحیم قادری ..... ١٥
٤- سەرماوەزتە نازانم چیت بۆ بنووسم بەرزە قەڵا ............................................. ئەحمەد ڕەحمانی ..... ١٧
٥- کەم ئەندامان، شەهیدانی زیندووی حیزب و گەل ............................................ حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٩
٦- گرتە ویدۆیەکی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی ............................................... برایم قەزاق ..... ٢٢
٧- کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی قەڵایەک لە وەرەی شۆڕشگێڕی .................................. ئەحمەد ڕەحمانی ..... ٢٤
٨- یادێک لە هاوخەبات و پێشمەرگەو فەرماندەی دێرین شەهیدی زیندوو کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی ................
........................................................................................... مەلا رەسووڵ پێشنماز ..... ٢٧
٩- ساتێ لە ژوانی تەمەنی ڕابردووم دا ....................................................... ئەحمەد ڕەحمانی ..... ٣٤
١٠- دیاری کردنی رۆژی کەم ئەندامان ......................................................... کوردستان میدیا ..... ٣٥
١١- ئەو شەوە ١٦ی سەرماوەز خۆڵقێندرا ......................................................... سەدیق بابایی ..... ٣٧
١٢- بۆ مامۆستا شیوەسەڵی(هۆنراوە) ............................................................ عارف عەزیزی ..... ٤٨
١٣- بۆ کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی یادی کارەساتێکی ڕەش ...................................... ئەحمەد کاکەمەمی ..... ٥١
١٤- مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی) ............................................................... شۆڕش ئەسەدزادە ..... ٤٧
١٥- شەهیدی زیندوومان مانای ژیانی شۆڕشگێڕانە بە میللەت دەبەخشێت ........................... کوردستان میدیا .... ٥٠
١٦- ژان بۆ ڕەشە ژان ......................................................................... مەلا برایم مەجیدپوور ..... ٥٣
١٧- رووداوێکی دڵتەزێن .................................................................... مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ٥٦
١٨- ٢٩هەمین ساڵرۆژی تیرۆری مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی ......................................... حوسێن نازدار ..... ٥٨

١٩- لە بیرەوەری تێرۆری ناجوامێرانەی سەرکردەیەکی جوامێردا ................................ کەریم فەرخەپوور ..... ٦١
٢٠- بیست و حەوت ساڵ بە سەر تێرۆری مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی دا دەرباس بوو .................. گیارەنگ ..... ٦٥
٢١- مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی قارەمانی گەل .............................................. برایم جەهانگیری ..... ٦٨
٢٢- شیوەسەڵی، مرۆڤێک بۆ لێ فێربوون! ........................................................ ئاگری باڵەکی ..... ٧٠
٢٣- لە هەموو زرووفێکدا کاک حەسەنی شیوەسەڵی سەرکردە و مامۆستامانە. ................... حەسەن مینایی ..... ٧٣
٢٤- مەلا حەسەن شیوەسەڵی سەمبولی شۆرشی گەلی کورد ................................ سولەیمان ئەحمەدنژاد ..... ٧٦
٢٥- ئاشکراکردنی چەند ڕاستییەک لەژیان‌و خەباتی کاک مەلاحەسەن شیوەسەڵی ............... محەممەد قادری ..... ٨٠
٢٦- مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی، بۆتی ئازادی کوردستان.! ............................. محەممەد ڕۆستەم داستان ..... ٨٨
٢٧- حەسەن شیوەسەڵی نرخێک بۆ ئازادی، بەڵگەیەک بۆ ریسوایی تیرۆریزمی دەوڵەتی! .......... رەحیم رەشیدی ..... ٩١
٢٨- بە قسەی کاک مەلا حەسەن شیوەستەڵیشیان نەکرد ............................................ وەفا قارنجی ..... ٩٥
٢٩- شیوەسەڵی(هۆنراوە) ........................................................................ پەیمان ..... ٩٧

## بەشێک لە وتار، پەیام و نامە هتد...

١- وەرزی زەرد و ژینگە و جمگە(بە بۆنەی ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور سادق) ........................................ ١٠٠
٢- پەیامی هاوخەمیی مەلا حەسەن شیوەسەڵی بۆ تێرۆری کاک مووسا باباخانی ........................................ ١٠٦
٣-پەیامی خەباتکار و کەسایەتیی لەمێژینەی دێموکرات، سەبارەت بە کارەساتی شەوی یەڵدا ........................ ١٠٧
٤- پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزب ........................................................................ ١٠٩
٥- مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی: دیسیپلینی ئاگاهانە بێ دەروپەیکەری دەخنکێنێت ................................ ١١٥
٦- سپاسنامەی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی ........................................................................ ١٢١
٧- دۆسیەی تیرۆرەکەی دەکات ................................................................................ ١٢٦
٨- نامەی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی بۆ خاتوو؛ ئەسما جەهانگیر ................................................ ١٣٠
٩- پەیامی سەرەخۆشی مامۆستا مەلاحەسەن شیوەسەڵی بۆ ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانی ................................ ١٣٣
١٠- شامی غەریبان و هەڵپرووکان و وەرینی گەلاکان (بەشی ١ و ٢ و ٣) ........................ هێرش کەریمی ..... ١٣٦
١١- بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی کۆچکردووی هێژا موهەندیس خەبیاتی ...... ١٤٨

١٢- ڕووداوێکی تراژیک و تێکەڵ بە حەماسەی پێشمەرگە ........................................................ ١٥١

١٣- دیمەنی دوو گلکۆ، یەکی گەورەو ئەوەی دی بچووک (هونراوە) .............................................. ١٥٩

١٤- وتووێژ لەگەڵ کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی ...................................... دیمانەی حەمید تەیموری ..... ١٦٥

١٥- نامەیکی تەلەفۆنی لە مەلا حەسەنی شیوەسەڵی ........................................................................ ١٧٥

١٦- بەشێک لە وتە و نامەی گرتە ڤیدیۆ و تۆماری دەنگی؛ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی ............................... ١٧٧

١٧- کە چاو دەبێتە قیبلەنما؛ بۆ کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی ......................... برایم لاجانی (خوسرەو) ..... ١٨٢



مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی

# وێستگەکانی ژیانی

## مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، پێشمەرگە، فەرماندەری پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکڕات



ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

حەسەن ئیبراهیمی، ناسراو بە مەلا حەسەن شێوەسەڵی، خەڵکی گوندی شێوەسەڵی ناوچەی سەردەشت،

لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی(١٩٤٧ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لەدایک بووە. بەڕێزیان بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە ناوچەدا، لە حوجرەی فەقێیاندا فێری نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی و فارسی و بەتایبەت عەرەبی دەبێت. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ حیزب ئاشنا دەبێت و خولیای بوون بە پێشمەرگە و خزمەت بە گەل و نیشتمان لە مێشکیدا بیچم دەگرێ.

لە ساڵەکانی ١٣٤٠ و ١٣٤١ (١٩٦١ و ١٩٦٢ز) بە هاوکاری حیزب و لایەنگری تەشکیلاتیی حیزب وەردەگیرێ.

لە ساڵی ١٣٤٣(١٩٦٤ز) ەوە بە فەرمی دەبێتە ئەندامی حیزب. لە پاییزی ئەو ساڵەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە مامۆستایان و فەقێکان، یەکیەتیی قوتابیانی ئایینی پێک دێنن. پێش شۆرشی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨ز) دەبێتە کادری پەیوەندیی تەشکیلاتی ناوچەکە.

لە سەرەتای پاییزی ١٣٤٦ی هەتاوی(١٩٦٧ز) گیراو بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا زیندانی کرا. پاش ئازادبوونی، جارێکی دیکە دەگیردرێ و ئەمجارە بەناچار ئاوارەی عێراق دەبێت و لە بەغداد قۆناخی ناوەندی خوێندن تەواو دەکات. لە بەغداد دەبێتە بەرپرسی شانەی حیزبی.

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩ز) دا کومیتەی زاگرۆسی حیزب لەو کەسانە پێک هات کە ئامادەبوون بێقەید و شەرت بگەرێنەوە نێوخۆی وڵات و لە رەوتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا رۆڵی بەرچاویان هەبێ، کاک مەلا حەسەن دەبێتە ئەندامی زاگرۆس و لە نێوخۆی وڵات دەبێتە بەرپرسی رێکخراوی ناوچەی شنۆو هەروەها وەک بەرپرسی سیاسی و نیزامی شیمالی کوردستان بۆ بەرێوەبردنی بەرپرسایەتییەکەی لە کومیتەی زاگرۆس لە ورمێ جێگیر دەبێ. پاش ماوەیەک بە هاکاریی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو دەتوانن کومیتەی ورمێ پێک بێنن. لە پاش ئەوەی بەکردەوە، شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و لە کاتێکدا تازە بەدەستەڵات گەیشتووەکان لە تاران دەیانهەویست شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن، کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی وەکوو بەرپرسی نیزامیی سەردەشت، فەرماندەیی دەستبەسەرداگرتنی شوێنە نیزامییەکانی دەسەڵاتی پێشووی پێدەسپێدرێ‌و بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە لە کۆمەڵە عەمەلیاتێکی مەزندا هەموو ناوچەی سەردەشت دەخاتە دەستی خەڵک.

## کۆنگرە و بەرپرسایەتی

- مامۆستا شیوەسەڵی؛ بەهۆی تواناو لێوەشاوەیەوە لە هەموو ئەم کۆنگرانەی حیزب کە بەشدار بووە توانیویەتی دەنگی متمانە بەشداربووانی کۆنگرە بۆ ئەندامی رێبەری حیزب بۆ خۆی مسوگەر بکات.

- لە کۆنگرەی چوارەم(٤)ی کە لە ٣٠ی رێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠ی زایینی لە شاری مەهاباد دا دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

- لە کۆنگرەی پێنجەم(٥) کە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی = ٦ی دێسەمبەری ١٩٨١ی زایینی لە گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی سەردەشت بەسترا، دەبێتە ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی، بەرپرسایەتیی هێزی شەهید موعینی قبووڵ دەکات.

- لە کۆنگرەی شەشەم (٦) ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٢٢ی جانێویری ١٩٨٤ی زایینی لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان.

- لە کۆنگرەی حەوتەم (٧)ی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ی زایینی لە گوندی کانیە مێو، باشووری کوردستان.

- بەرپرسایەتییەکانی لە سەرەتاوە، بەرپرسی سیاسی - نیزامی لە شیمالی کوردستان، لە شەڕی سێ مانگەدا بەرپرسی جیبهەی سەردەشت - پیرانشار،

- لە ساڵی ١٣٥٩(١٩٨١ز) دا فەرماندەی هیزی شەهید ئاوارە، لەساڵی ١٣٦١(١٩٨٣ز) بەرپرسی هێزی شەهید موعینی بووە.

- لە کۆنگرەی هەشتەم(٨) ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٨ی جانێویری ١٩٨٨ی زایینی لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان

- لە کۆنگرەی نۆیەم (٩)ی ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی = ٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩١ی زایینی لەگەڵی بەدران لای زارگەلی (ناوچیا)

- لە کۆنگرەی: ١٣ و ١٤ی حیزب کە لە؛

١٣ی پووشپەری ١٣٨٣ی هەتاوی = ٣ی جوولای ٢٠٠٤ی زایینی، لە شاری کویە باشووری کوردستان
٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٧ی هەتاوی = ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨ی زایینی، لە شاری کۆیە باشووری کوردستان
بە ئەندامی شانازی(ئیفتیخاریی) کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوەتەوە.

- ڕێکەوتی ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨ی زایینی بەشداری کردن و پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بەڕێز مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی دەڵێ.... خۆشەویستانم، هەم زمانحاڵی کۆنگرەو هەم واقعیەتی موشەخەسی ناوچە، هەم سیگناڵ و ئیشاراتی دەوروبەر ئەو حەقیقەتە دەخەنە باوەشی ئێمە کە کۆنگرەی ئەوجارەمان لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردوو جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە، بەو مانایەی کە هەلومەرجەکان و ئاڵوگۆڕی ئیحتماڵی هاوکێشە ئاڵۆزەکان، ئەرکی زۆر قورس و گەورە و گران و لە عەینی حاڵدا تازە و نوێ دەخەنە سەر شانی ئێمە، چاوەڕوانییەکانیش ئەوەن کە بە ئیلتیزام بە ئایینی هاوسەنگەری و بە تەعەهودی سەریح و شەفافی نیاز پاکانە وەڵامی ئەو سیگناڵانە بدرێتەوە...

## کارەساتە دڵتەزینەکە:

کۆماری ئیسلامی پاش دەیان و بگرە سەدان کرداری قێزەوون و دژە مرۆڤیی دژ بە خەباتگێرانی کورد، و حیزبی دێموکڕات بە تایبەتی بەهاوکاری بەکرێگیراوەکانی، پاش چەند هەوڵێکی بێ ئاکام کە پێشتر لە ڕێگای ناردنی پێڵاو و کاتژمێری بۆمب ڕێژکراو بۆ زەبر وەشاندن لە فەرماندەری بەوج و کارامەی حیزبی دێموکڕات، ڕۆڵەی ئازاو چاونەترسی نیشتمان، مامۆستای زاناو تێگەیشتوو، پێشمەرگە، فەرماندەر و ئەندامی ڕێبەری حیزب، مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، دابوویان، مخابن لە پیلانێکی جینایەتکارانەی سامناکدا، لە ڕێگای چەند خۆفرۆشێکەوە بە بۆمب ڕێژکردنی کتێبی "سفید دندان" (ددان چەرموو) لە نووسینی"جک لەندەن"، توانیان بە بەشێک لە ئامانجە چەپەڵکانیان بگەن و بەشێک لە جەستەی پیرۆزی لێ بستێنن، بەڵام بیری نیشتمان پەروەری و داکۆکی لە وەدیهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکەی نەتەنیا خۆی بەدەستەوە نەدا ئێستاشی لەگەڵ بێ سوور لەسەر ئەم بەڵێنانەی کە بەگەل و نیشتمانەکەی داویەتی بەردەوامە، هەر بۆیە جێ شانازی کۆمەڵانی خەڵک و تێکۆشەرانی گەلی کوردە بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەت.

## کتێبی "سفید دندان" و پیلانەکە:

کاک حەسەن شیوە سەڵی بۆ وەدستهێنانی کتێبی "سفید دندان" لەنووسینی"جک لەندەن"، دۆستێکی خۆی دانیشتووی ناوچەی سەردەشت (کاژەیی) کە هاوکات دوو برای پێشمەرگەی حێزب بوون ڕادەسپێرێ تا ئەم کتێبەی بۆ بکڕێت.
کۆماری تیرۆیستی ئێران ئەم هەڵە دەقۆزێتەوە و بە هاوکاری بەکرێگیراونی بە ناوەکانی سەمەد کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی

ئەو کتێبەی مەلا حەسەن داوای کردبوو بە بۆمبرێژکراوی بۆی دەنێرن.

ئێوارەی ڕۆژی ڕووداوەکە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی = ٧ی دیسەمبەری ١٩٨٧ی زایینی دۆستی! ناوبراو دەگاتە کونەمار لە گەڵ یەک و دوو کەسی ترلە ژووری فەرماندەری هێز کتێبەکە پێشکەش بە کاک حەسەن دەکات، خۆی و هاوڕێکانی لە لای خوارووی ژوورەکە تەنیشت دەرگای چوونە ژووی دانیشن. مەلا حەسەن کە نیزیک پەنجەرەو لای سەروو دانیشتوە کەیفخۆش بە گەیشتنی ئەمانەتیەکە کتێبی "سفید دندان" بە دەستەوە دەگرێت و بۆ ئەوە لە ڕووناکایی پەنجەرەکە چاوی لێبکات کەمێک بە هەر دوو دەست بۆ لای چاوانی هەڵی دەبڕێ و دەیکاتەوە. بەکردنەوەی گرمەی تەقینەوەکەوە و ڕوودانی خەماوی ترین کارەساتەکان لە ناوەندی هێز. دوژمن ئامانجی دیاریکراوی خۆی دەپێکێ. ئەوهەواڵە هەموو ئەندامانی ڕیبەری، ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تووشی سەرسوورمان و باوەرنەکراو هاتە بەرچاو و خەم و پەژارەی ئەم کارەساتە دڵتەزینە ڕەق و بیزاری خۆیان لەم کردەوە تیرۆریستەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

بەداخەوە پیلانی ئەم جاری کۆماری تیرۆیستی ئێران دێتە دێ ئاکامی ئەم تەقێنەوەیە دا مەلا حەسەن هەر دوو دەست و چاوەکانی و هەستی بۆن کردنی خۆی بە تەواوی لەدەست دەدا. هەروەها هەشت ددانی بەتەواوی و هەستی بیسایی گوێیەکانیشی تا ڕادەی ٢٥% لەدەست دەدا و سینگی بە تەواوی دەسوتێ و پاش تێرۆرەکە توشی نەخۆشیی تینوتوس دێت.

دوای کارەساتەکە بە مەبەستی چارەسەری و نەشتەرگەری برینەکان، مامۆستا ڕەوانەی بەغداد و، دواتر بۆ عیلاجی چاوەکانی ڕەوانەی پاریس و پاشان هوڵەند کرا. بەڵام بە داخەوە هیچکام لەو نەشتەرگەرییانە سەرکەوتوو نەبوون و بیناییان بۆ نەگەڕاندرایەوە.

- ئەو خۆ فرۆشانەی کە ئەو تێرۆرەیان جێبەجێ کرد بوون، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گیران و بەسەزای تاوانی خۆفرۆشانە خۆیان گەیشتن.

## مامۆستا و هەندەران

ساڵی ١٩٩٥ی زایینی(١٣٧٤ی هەتاوی) مامۆستا شیوەسەڵی بە هۆی ئازاری زۆر، ناچار دەبێ، کوردستان بەجێ بێڵی و لە دەرەوەی وڵات لە وڵاتی سوێید دەگیرسێتەوە.

لە سوئید دەست دەکا بە خوێندن کە پاش وەرگرتنی دیپلۆم، لە زانکۆ وەردەگیردرێ و پاش تەواوکردنی چوار نیوساڵی خوێندن لە زانکۆ، بە هۆی ناراحەتیی جەستەییەوە ناچار دەبێ واز لە درێژەدانی خوێندن لە زانکۆ بێنێ.

مامۆستا شیوەسەڵی سەرەڕای ئازاری جەستەی هیچ کات کوردستان و نەتەوەکەی لە بیر نەکردوە و چالاکانە لە کۆڕو کۆبوونەوە و سێمینارەکان سەبارەت رووداوی خۆش و کارەساتە ناخۆشەکان هەڵوێست و بیروڕای خۆی دەربڕیوە و پێشوان و هاوخەمی خەڵک و وڵاتە داگێرکراوەکەی بوو.

مەلا حەسەنی شیوەسەڵی جیا لە زمانی دایکیی خۆی کە زمانی کوردیە، شارەزایی تەواوی لەسەر زمانەکانی فارسی، عەرەبی و سوئیدیش هەیە.

## ژیانی بنەماڵەیی



- مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی لەگەڵ خاتوو کلسووم کچی کاک رەسووڵی حاجی سمایلیە. هاوسەر گیری کردوە و خاوەن ٤ کوڕە بە ناوکانی؛ ئارام، خانی، ئاراز و ئارارات!

خاتوو کلسووم نەخش و رۆڵی گرینگ بووە لە پاراستن و بەردەوامی ژیان و زیندوو مانەوەی مامۆستا حەسەن، بەم بۆنەوە جێی خۆیەتی سپاس و رێز و ئەمەگناسی تایبەت ئاراستە دادە کلسووم بکرێ و لە ئاست لە خۆبوردویی و دڵسۆزی و

فیداکاری ئەم خاتوونە گەورە و بەڕێزە سەری ڕێزو نەوازش دابنوێنین،

## خەڵاتی خاتوو کلسووم

- مامۆستا شیوەسەڵی؛ سەبارەت بەو خەڵاتەی کە بە کلسوومی درا، پێم وایە بە من دراوە، ئەمنیش لەسەر سەری دادەنێم و پێشکەشی دەکەمەوە بە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، بە هەموو شەهیدانی کوردستان، بێ جیاوازی، بێ فەرق و بەتایبەتی پێشکەشی دەکەم بە شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەکوو یادگارییەکی گەورە لە نێو خانەوادەی ئێمەدا تا هەین دەمێنێتەوە، وەک شتێکی پیرۆز دەیپەرەستین. من دەس لە باوەشی ئێوە دەکەمەوە، تەشەکورتان دەکەم، داوای لێبوردنتان دەکەم کە بڕێک زیاد لەحەد ئەزیەتم کردن، وەختم گرتن، زۆر زۆر سپاستان دەکەم، سڵاو بۆ گەلی کورد و بۆ ئێوە.

## ڕۆژی کەمئەندامان


- ڕێکەوتی: ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨ی زایینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنین. ڕۆژێک کە لەودا هاوڕێی تێکۆشەر و ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان کاک حەسەن شیوەسەڵی لە ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە پیلانێکی داڕێژراوی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا تیرۆر و لە ئاکامدا زۆربەی ئەندامەکانی هەستیاری سەروڕووی زیانیان پێ گەیشت و هەر دوو دەست و هەر دوو چاویشی لەدەست دا.

سەرچاوە: بابەت و نووسراوەی هاوڕێیان و ڕۆژنامەی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

## لە پێناسەکردنی شەهیدی زیندوو کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دا



**مستەفا شڵماشی**

لەم ڕۆژانەدا کاک ڕەحمانی نەقشی ماندوویی نەناس و دڵسۆز کە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ بە ئارشیڤ کردنی لوتکەکانی خەباتی نەتەوەییمان پەیامێکی بۆ ناردبوم و داوای لێ کردبووم کە ئەگەر نوسینێکم لەسەر کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی هەیە، بۆی بنێرم تا لەو ناملکەیە دا دایبنێ کە بەتەمایە لەسەر شەهیدی زیندوومان بڵاوی بکاتەوە.

من کاک مەلا حەسەن زۆر لە مێژە دەناسم و بەتایبەت لەو کاتەوە کە جەنابیان لە دەفتەری حیزب لە بەغدا کاری دەکرد کە دەبێتە ساڵەکانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٩ و ئەمنیش لە بەغدا دەرسم دەخوێند و زۆرجار سەردانی دەفتەری حیزبم دەکرد. هەرلە وێوە من کاک حەسەن بوینە هاوڕێیەکی زۆر نیزیکی یەکتر. بەتایبەت کە ئەو لوتفێکی زۆری هەبو بەرامبەر بە من

سەبارەت بەوەی کە لە باری حیزبییەوە خۆی بە پێگەیشتوی دەستی شەهید مەلا ئاوارەی برام دەزانی. هەر لەو کاتەوە تا ئێستاش کە چەند دەورەیەکیش لە ڕیبەرایەتی حیزب دا هەردووکمان هەبوین و زۆرجار بیرو ڕامان دەگۆڕیەوە، جاری واش بو جیاوازی بۆچونمان هەبو هیچ کاتێک لە هیچ هەل ومەرجێک دا هاوڕێیەتیمان تێک نەچوەو کەم و زۆر پەیوەندیمان هەر بەردەوام بووە. بەڵام پەیوەندیەکەمان زۆر کەم بە شێوەی نوسین بوەو زیاتر بە سەردانی یەکتر، پێکەوە سەفەرکردن (تەنانەت ساڵی ١٩٨٠پێکەوە سەفەری ئوروپامان کرد) و یا تەلەفونی بووە. کاتێک دەستی تیرۆڕی کۆماری ئیسلامی بە هۆی چەند خائینێکەوە گەیشتە کاک مەلا حەسەن و بە ناردنی بۆمبێک هەردووک چاو و هەردووک دەستیان لێستاند و ئەو قەڵافەتە جوان و قارەمانەیان کردە شەهیدی زیندوو، شتێکی بە بۆچونی خۆم شیاوم لەسەر نووسی، بەڵام بەداخەوە هەرچی ئارشیڤەکەم گەڕام نەم دیتەوە. بەڕاستیش لەبیرم نەماوە لە چ ڕۆژنامەیەک یا گۆڤاریک دا بڵاوم کردوەتەوە پێموایە هەر بۆم نارد. دواییش ڕاستەوخۆ لە هەولێر سەردانم کرد.

بەڵام کاتێک بیستم زەماوندی کردووە، هێندەم پێخۆش بو کە هاتم شتێکی کورتم لەسەر نووسی و بەجۆرێک بە گرنگم زانی کە تا ئێستاش لە ئارشیڤەکەم دا ڕامگرتوەو پێموایە شیاوی ئەوە هەیە کە لە ناميلکە کە دا بڵاو ببێتەوە. ئەمەش دەقی نوسراوەکەیە کە لە خوارەوە دێ:

## بۆ هێمای وورە و نەسرەوتن

کاک حەسەن گیان، بە دڵ و گیان پیرۆزبایی. لە دوورەوە، لە پشت چەندین سنوورەوە، با تێکەڵ بێ لە گەڵ شایی. هەستی دەروونی کەسێکی دڵسۆزانە و بێ ریایی، خۆی بە هاوبەشی شادیت دەزانێ و ڕێزێکی تایبەتیت بۆ دادەنێ. هۆ شێری چیا سەربەرزەکان، هەستی زیندووی ئەویندارانی ئازادی، هۆ گۆڕکەری نامرادی. لە کاتێک دا تەلبەندی کۆت، بەدەستی دۆستی دوژمن، زمانەی دڵمی ڕادەگوشی و هێندەی نەمابو لە ترپەی بخا و ڕای وەستێنێ، هەواڵی زەماوندەکەت فریام کەوت. خەمی لە دڵم ڕەواند و تابووی ناهومێدی تەراند. هەواڵی زەماوندەکەت خەم ڕەوێنە، چەقڵە بۆ چاوی ئەوانەی هەوڵیان دا بە پووڵ، بە بەکارهێنانی دەستی خۆفرۆشان و ترسەنۆکان، بە فێڵ و فوت، بە زەبری دووکەڵ و باڕووت، نرکەی شێرانەت کپ کەن و ناوت لە نێو ناوان وون کەن. ئێستا بە پێچەوانەوە، شایی تۆ و پێشمەرگە و گەلی کورد وریگاکەتە. بۆ ملی دوژمنان پەتە. دێوەزمەی داگیرکەری کوردستانمان تازیەبارە، لە سەرسەرای ئەهریمەنان هەر هاوارە. لە دەست وورەی شێرانەت و لە دەست هومیدی مێرانەت.

بەڵام بۆ هاوڕێیەکانت، بۆ گەل و بۆ نیشتمانت، بۆ مەلانی سەرگەردانی ڕێگای چەتوونی خەباتمان، بڵێسەیەکە. نیشانەی درێژەی ژیانە، تروسکەی وورە بەرنەدانە. ڕێبوارانی ڕێی ئازادی، هاوبەشانی شین و شادی، با هەموومان دەست بدەینە دەست. هەموو ووێکڕا بە برایەتی، بە نیشاندانی یەکیەتی، نێوانەکان پڕ کەینەوە. کەلێنەکانمان بگرین و ڕێ لە نفووزی هەناسەی شەیتانی شەڕ تەواو بگرین. ئەمڕۆ دیسان شایی مانە، با وەک جاران لەو شایی یەدا هەموو پێکەوە دەست بگرین.

ڕێکەوتی: ٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = ٥ی فێبریوەری ٢٠٢٣ی زایینی

---



# یاد و بیرەوەریک لە کاک حەسەن شیوەسەڵی



**ڕەحیم قادری**

دوست و هاوڕێ کۆنم کاک ڕەحمان داوای لێکردم شتێک لە سەر کاک حەسەن شیوەسەڵی بنووسم. دەزانم کە وەڵامەکەی بە هێندی درەنگەوە پێگەیشت هۆیەکەشی دەگەڕیتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە لە خۆم ڕانەدەدی یا بلێم خۆم بە شایانی ئەو کارە نەدەزانی کە لە سەر ئەو مرۆڤە گەورە و شۆڕشگێرە چەند دێریک بنووسم.

ئاشنایی و پێوەندی کاک حەسەن و من دەگەڕیتەوە سەر دەورانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧(١٩٧٩) لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت کە لە شاری سەردەشت بوو و ئێستا ئاوارەی هەندەران نەبووین و بە شانازایەوە تا نووسینی ئەو بابەتەش هەر بەردەوامە. لە کاروباری و تێکۆشانی سیاسیمدا لە ناوچەی سەردەشت بە تایبەت بۆ ڕاکێشانی لاوان دا بو ناو حیزب کاک مەلا حەسەنم بە یەکێک لە پشتیوانانی و یارمەتی دەرانی بەهێزی خۆم دەزانی و لە زۆر هەل و مەرجدا پرس و ڕاوێژم پێ دەکردو و لە

ئاموژگاریەکانی کەلکم وەردەگرت. لە ڕوانگەی منەوە مەلا حەسەن شیوەسەڵی مرۆڤێکی شوخ و شەنگ، قسە خۆش و خاوەن جەفەنگ، هێندی شەرمیون، رووناکبیر، خۆش قەڵەم و لە بواری شەڕوانیدا هیچ بە زیادەرەوی نازانم کە دەگەڵ پارتیزانانی وەک چەگوارا و کاسترو بەراورد بکەم.

لێرە دا پێمخۆشە بیرەوەریەک بگێرمەوە. ئەندامی کۆری فێرکردن و بارهێنانی سەراسەری بووم. لە گوندی مووسالانی سەردەشت دەورەیەکی چەند رۆژەمان بۆ مامۆستایان پێکهینا کە تییدا زیاتر لە سەد(١٠٠) مامۆستای شۆڕش و شۆڕشگێر بەشدار بوون، جیگا و نەخشی کاک قادر عەبدی لەو دەورەیە دا جێی رێز و وەبیر هینانەوەیە. لە نامەیەک دا بۆ نەمر دوکتور قاسملوو ئاماژەم بە گرینگی ئەو دەورەیە کرد و خوازیاری بەشداری ناوبراو کرد (نەمران دوکتور قاسملوو و کاک جەلیل گادانی ئەندامی شانازی کۆر بوون). دوکتور قاسملوو هاوڕێ دەگەڵ خیزانی و کاک حەسەن شیوەسەڵی تەشریفیان هێنا.

بەشداریان هێزو دڵ گەرمێکی تایبەتی بە مامۆستایانی لاو بەخشی. پاش باسێکی ئاکادمیک و سیاسی لە لایەن نەمر دوکتور قاسملوو و پرسیار و وەڵام گووتیان ئێستا نۆرەی گۆرانی گوتنە. لە کاک حەسەنیان هەڵپێچی و داوای گۆرانی لێکرد. چاکم لە بیرە مەلا حەسەن سوور سوور هەلگەرابوو بەڵام داواکاران پاشەکشەیان لە داوای خۆیان نەکرد. لەکۆتایی دا کاک مەلا حەسەن خۆی بەدستەوە دا و چەند دێرێکی لە گۆرانی؛ (ئەز کوردم کوردم لی لی ناز) پێشکەش کرد. یادی بەخێر.

پاش ئەو کارەساتە سامناکەی کە بەسەر مەلا حەسەن هات و بۆ چارەسەری و نەشتەرگەری هینایانە فەرانسە و هوڵەند لە پەیامیکدا پێمگووت: سەد بریا زانستی پزیشکی ئەوەندە پێشکەوتوو بایە کە بمتوانیبایە چاویکی خۆمم پێشکیشت کردبا. هەر وەک پیشتر ئاماژەم پێکرد ئێستاش پێوەندێکی باشمان هەیە و بە لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجی تەندرووستی ناوبراو زۆری کات و وەختی ناگرم. ئەوەی ئێستا بۆم جێی سرنج راکیشە هێزی بیرو توانای فکرو زانایانە ناوبراو لە پەیام و گرتە ڤیدیۆ و تۆماری دەنگ دا کە بڵاویان دەکاتەوە. پەیامەکانی هەرچەند تا ڕادەیەک دوور و دریژن، بەڵام جێی سەرسوورمانن ئەو بە شێوەیەکی روون و جوان و رازاوە و بە کوردەیەکی پەتی و ئەدەبیانە پێشکەشی بینەران و گۆیگرەکانی دەدا.

لە ریگای تۆش را برام کاک رەحمان سلاوی گەرمی خۆم پێشکەشی کاک حەسەن و خێزانی گەورە و بە توانای دەکەم. و سپاسی بەرێزتان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆمنت رەخساند تا لە سەر کەسایەتیکی خەباتگیرو ناسراوی گەلەکەمان بەکورتی بدویم.

مادرید ١٢ی فوریە ٢٠٢٣

# سەرماوەزتە نازانم چیت بۆ بنووسم بەرزە قەڵا



**لە پێنووسی ئەحمەدیلە بۆ کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی**

**ئەحمەد ڕەحمانی**

ناوێرم بە بەرزایی باڵاتا هەڵزنێم لە لانک و گیارەنگ هۆمل و زەرتک بڕوانم و نمەی ئاوهەڵدێری شەڵماش سەیر بکەم و لە عەگیدی و مێرخاسی و جوانخاسیت نەڕوانم و تێر تێر ڕانەمێنم لە جامانەی سەرت و خەندەکانی پێشمەرگانەت نەژنەوم. سەختەو دژوارە پێنووسی کول و کۆڵم لە گڕ وەسفی کێوی قاف ڕاچێ و لە تۆرمەی خەباتت بدوێ، دەترسم وشەکانم نەزۆک بن و نەتوانم پڕ بە پڕی شانازیەکانت لە مێرخاسی و شەهامەتی پێشمەرگانەت بدوێم، لێ بزۆزم و

پێنووسم ئۆقرە ناگرێ لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی خۆت دا پیرۆزانە وشە بە باڵات نەگرم. نازانم لە کام بژۆین و لێرەواری سەردەشتی سەر سەوزی ڕۆمانە خەباتی دارساوێن و نێڵەی چۆمی کەڵوێ و گرە سوورەی ئاوری نەورۆزی سەر قوتکی گیارەنگ و مەتەرێزی مێرانی دێموکراتەوە لە باڵای قەندیل ئاسات بدوێم، نازانم لە کام هەڵەمووت و گەوەو سەختە ڕێی خەباتی دەیانساڵەت بدوێم. هێندە بەرزی کاتێ دەمهەوێ وشە بە بەرزی باڵات ببڕم، پێنووسم دەلەرزێ، پەنجەکانم لە گۆ دەچن و وشەکانم هەناسە سارد دەبن، ئاخۆ نەکا لە وەسفی مێرخاسیت دا پڕ بە بەرزی باڵای پێشمەرگانەت نەتوانن وەسفت بکەن. سەرماوەزەو ناخم بۆ وەسفی پێشمەرگە نێڵەی دێ لە گەرمی، هێندە ئاشقی باڵای جوانی پێشمەرگەی سەرماوەزیم ئەگەر پێنووسم نەنووسێ پیرۆزانەی سەرماوەزی هەست بە کەمی خۆم دەکەم، دەڵێم ئەحمەدیلە سەردەمانێک لە نێو شۆڕشدا گەورە مێرخاس و عەگیدی وەک شێوەسەڵی دەستی مێهرەبانی ختیە سەر سەری.

ئەحمەد ڕەحمانی

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



# کەمئەندامان، شەهیدانی زیندووی حیزب و گەل




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

وشەی کەمئەندام لە کۆمەڵگەی جیهانیدا وشەیەک نییە کە بۆ بەزەییپێداهاتنەوە بێ، بەڵکوو بۆ ئەوەیە وەک مرۆڤگەلی ئاسایی ڕۆژی خۆیان هەبێت. ڕۆژە جیهانییەکانی وەک منداڵان، ژنان، لاوان، باوک، دایک، خۆشەویستی و ژینگە و زۆرێکی دیکە هەموویان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراون. دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ کەمئەندامان بۆ ئەوەیە کە ئەم توێژە لە کۆمەڵگەش پشتگوێ نەخرێن و هەموو کەمئەندامێک وەک بەشێک لە کۆمەڵگە چاوی لێ بکرێ و لەلایەن حکوومەتەوە ، کارئاسانیی تایبەتیان بۆ بکرێ و ئەوەش بۆتە هۆکارێک کە ئەگەر مرۆڤەکان بەشێک لە جەستەیان کەمیی هەیە، بەڵام لە ئاست ژیاندا دەبێ وەک مرۆڤی ئاسایی و بەڵکوو بەزیادیشەوە، سەیریان بکرێ و ڕێز لە توانایی و بەهرەکانیان وەر بگیرێ.

لە یەکەم حەوتووی کۆتا مانگی ساڵی ١٩٩٢ی زایینیدا ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٣ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٢ی زایینی (بەرامبەر بە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٧١ی هەتاوی)ی وەک ڕۆژی کەمئەندامان لە جیهاندا دیاری کرد و لەم ڕۆژەوە وەک زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی جیهانی، خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکانیش بوون بە سێحەبی ڕۆژی خۆیان.

کەمئەندامان بە سەر چەندین دەستەدا دابەش دەبن، بەشێکیان زگماگی لەدایک بوون و لە باری جەستەیی و ڕەوانی و مێشکییەوە بوونە کەمئەندام، بەشێکیان بە هۆی ڕووداوی سرووشتی و کارەساتی جۆراوجۆر کەمئەندام بوون و، بە هەزاران کەسیش بە هۆی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراق و مینە چێندراوەکانی هەر دوو حکوومەتی ئێران و عێراق و شەڕە جیهانییەکاندا کەمئەندام بوون و بەشێکیان بەداخەوە لەلایەن حکوومەتەوە بە تاوانگەلی جۆراوجۆر بە بەرچاوی خەڵکدا کەمئەندام کراون.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە پێناسەی کەمئەندامانی جیهان نییە، بەڵکوو ئاوڕدانەوەیەکە لە کەمئەندامانی سەنگەر، ئەوانەی بۆ ئازادیی گەل و نیشتمان بەرامبەر بە دڕندەترین حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستاندا، بەربەرەکانی و خەباتیان کردووە و لەو پێناوەدا بەشێک لە جەستەیان لە خاکی پیرۆزی نیشتماندا بەجێ هێشتووە و پێش ئەوەی کەم ئەندام ببن، لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا دەیان قارەمانەتی و فیداکارییان بۆ گەلەکەیان خوڵقاندووە.

لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەی هێزی بەهێزی گیارەنگ، کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە کردەوە و پیلانێکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا قەڵافەتی مێرانەی بە تەقینەوەیەکی سامناک شەقار شەقار بوو، و لە ئاکامدا زۆربەی ئەندامەکانی هەستیاری جەستەی و سیما و ڕووخساری جوان و بە هەیبەتی زیانیان پێ گەیشت و بەداخەوە هەردوو دەست و هەر دوو چاویشی لەدەست دا.

کاک مەلا حەسەن وەک دیارترین و سیاسیترین کەسایەتیی کورد و پێشمەرگە و نیشتمانپەروەر لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە جەستە بۆتە کەمئەندام، بەڵام وەک هەموو لایەک دەزانین، کاک مەلا حەسەن لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە و وەک داربەڕووەکانی کوردستان ڕیشەی لە خاکی پیرۆزی کوردستاندا داکوتاوە و بە گوتار و وتاری، هەمیشە پێشەنگایەتیی هێزی پێشمەرگە و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردووە. ئێستاش بە خۆشییەوە مامۆستا و کەمئەندامانی سەنگەر بوونەتە هێما و سیمبوولی خۆڕاگری و ئازایەتیی گەلەکەیان و بە پێی ئیمکان و باردۆخی ژیانیان ئەگەر زیاتر لە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیان خەبات نەکەن ئەوە کەمتریش خەبات ناکەن و بوونیان لە ڕیزەکانی خەباتدا نیشانەی سەروەری گەل و حیزبەکەمانە.

بەشێکی بەرچاو لە کەمئەندامانی سەنگەر وێرای ئەوە کە پێشتر فەرماندە و کادر و پێشمەرگە بوون و بەردەوام لە نێو

خەڵکی ناوچەدا بوون، بەڵام دوای کەمئەندام بوونیان خولیای کاری پێشمەرگانەیان نەک لە دەست نەدا، بگرە لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبدا بەوپەڕی تواناوە خزمەتیان کردووە و هەنووکەش خزمەت دەکەن و لە بوای جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتی و فێرگە و کاری بەڕێوەبردنی کۆمیتەکانی دەرەوە لە باری دارایی، تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی خزمەت دەکەن.

کەمئەندامانی سەنگەر ئەو کەسانەی کە بە دانانی مایە لە خۆیان و بە هەڵگرتنی زامی قورس و ئازاری هەمیشەیی جەستەییان، هەنووکەش لە ڕیزی خەبات و تێکۆشاندا بە دڵاواڵەییەوە خەبات دەکەن و بەبێ ئەوەی منەت بە سەر گەلەکەیاندا بکەن، درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەن و لە دەرەوەی وڵاتیش وەک نموونەی هەرە چالاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەن و بوونە دەنگی دلێری پێشمەرگە و دەنگی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ کەمئەندامانی سەنگەر لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بۆ ئەوەیە کە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو نەبەزە شۆڕشگێرانە بگرێ کە لە ڕیزی شۆڕش و خەباتدا لە سەنگەری بەرگری خاکی کوردستاندا، بە سەخاوەتەوە بەشێکی دیار لە جەستە و قەڵافەتی پێشمەرگانەیان بە دایکی نیشتمان سپاردووە و بۆ درێژەدانی خەبات و ژیانیان لە کەرەسە دەستکردەکان کەڵک وەر دەگرن و هەموو هەوڵەکانی ئێستاشیان هەر بۆ ئامانج و ڕێبازی ڕزگاریخوازی گەلەکەیانە. هەروەها هەنووکەش بۆ گەل دەژین و بۆ گەل دەمرن و ئامادەیی هەموو جۆرە خزمەتێکیان و وەرگرتنی هەموو جۆرە بەرپرسایەتییەکیان هەیە بۆ ئەوەی گەلەکەیان بە ئامانجی ڕزگاری و سەربەستی خۆی بگا.

بەرز و بەڕێز بێ ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب و کەمئەندامانی سەنگەر بەتایبەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## گرته ویدۆیەکی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی




**برایم قەزاق**

ئێستا گرته ویدۆیەکی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵیم چاو پێ کەوت و گەرامەوه بۆ سی ساڵ پێش و برینەکانی ئەو کارەساتەی لێ کولاندمەوه و فرمێسکی رژاوی بێ کەسی و بێ دەسەڵاتی ئەو رۆژانەم دیسان سەرەوخوار بوونەوه و رق و قین و توورەییم بەرانبەری رژیمی فاشیستی ئێران وەکی پلیتەی چرای گرسۆزی نێۆ مەقەری بۆ نم و شێ داری ئەو سەردەمانەی که پێشمەرگه بووم و ئێستاش شانازی پێوەدەکەم، هەڵکشا. کاک مەلا حەسەن دەیان جار میوانی ماڵی ئێمه بووه و کەسێک نییه تەنیا له وێنەدا چاوم پێی کەوتبێ. پێشمەرگەیەکی ئازا خۆشەویستی هەمووڵایەک و سیحەبی شەرەف و کەرامەت و دڵپاکی و دوور له هەموو خو و خدەیەکی ناحەزی هەرزەکاران و هەوسبازان، تێکۆشەرێکی بێ وێنەی سەردەمی شۆرشی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧، دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر، دەست پاک و نەترس و کوری هەموو ماڵێک. داخی گرانم هەروەکی خۆی باس لەچلۆنایەتی ئەو جینایەته بەسامه دەکا و بکەرانی ئەو پیلانه گڵاوەی دوژمن له ناسیاو و بگره خزمیش تێی دابەشداربوون!

کاک مەلاحەسەن لەو گرته ویدیۆیه دا سپاسی ئەو خزمەتانەی من دەکا و هەرچەند به نێو باسم ناکات بەڵام دەزانم زۆر

زۆر خۆی دەبین دار و قەرزداری من دەزانێ کە بە نێو کارگێرانی دەفتەری پاریس سپاسی کردووین. بە نۆرەی خۆم لە کاتی مانەوەی لە پاریس تاماوەیەکی زۆر من خزمەتیم دەکرد و تا دەفتەری سیاسی کەسێکی تری نارد و پاشان گەراوە بۆ کوردستان.

بۆ مامۆستا سپاسی کردووم؟! ئەو قارەمانەی دوژمنی وەهەراس هێنابوو، دەیان و سەدان پاسدار و فەرماندەی سپا و جاش و بەکرێگیراوانی بەرەو دۆزەخ ناردووە، پاشی تەقینەوەی ئەو کتێبــە هەر دوو دەستی دەپەرن و چاوە زیت و تیژەکانی لێ کوێر دەبن و لە کاسەی سەری دەردێن! ئەو تێکۆشەرە بۆ هەموو پێداویستی یەکی بە بێ یارمەتی کەسی دووهەم چی بۆ نەدەکرا! خواردنم بۆ ساز دەکرد، بە زاریمەوە دەکرد، خواردنەوە دەدایە، جێگام بۆ رادەخست، بەیانان دەم بردە حەمامێ و بە کاوەخۆ دەم شووشت، ویشکم دەکردەوە، لیباسم لە بەردەکرد، ددانەکانیم دەشووشت و ردێنم دەتاشی و دەم هێنا سەر میزی نانی بەیانیم دەدایە، قەترەم لە چاوەکانی دەکرد و برینەکانیم بۆ خاوێن دەکردەوە ... ئەو کارانەم نەک بەلاوە گران و ناخۆش نەبوو بە پێچەوانە بە شانازییەوەم دەکرد. شەوی واش دەبوو دوو بە دوو دادەنیشتین و ئیستیکانێکیشمان ئاو دیو دەکرد. وەفا و گەورەیی کاک مەلا حەسەن بەرانبەری من وەکی کارگێرێکی ئەو دەمی دەفتەری پاریس و ئێستا پاشی ٣٠ ساڵ کە گوێم لێیە سپاسم دەکا منی هان دا ئەو چەند دێرە بنووسم و پێی بڵێم مامۆستا گیان پەیامە بە حەق و دڵ شکاوانەکەتم گوێ دایە و حەقت پێ دەدەم ئەوەش زیاد دەکەم بەرپرسی ماڵی حیزب ئامادە نەبوو هەموو رۆژێ لیوانێک شیر مۆزت بە پووڵی حیزب بۆ بکرێ با بمێنێ بۆ مێژوو ئەو کەسەی کە من حەیام برد و شاهیدم ئێستاش ماوە کە کوتم بەرپرسی ماڵی دزێ دەکا و کاک دوکتوور قەبووڵی کرد و قەرار بوو لێپرسینەوەی دەگەڵ بکەن بەڵام مەرگ مەودای نەدا بە کاک دوکتوور و ئەو جارە دەستی دز و دەستەبازان لە نێو حیزب پەرەی ئەستەند.

مامۆستا گیان راستە بوویە چیرۆکێکی فەرامۆش کراو، منیش بێ دەسەڵات و چم لە دەست نایە. جەنابت هەموو رۆژێ دەت فەرموو: کاک برایم خەجاڵەتم و بەماچ کردن تۆڵەم بۆ ناکرێتەوە و دەت لێسمەوە!

مامۆستا گیان وەکی جارانم خۆشم دەوێی و دەت لێسمەوە.

رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی قەڵایەک لە ورەی شۆڕشگێڕی



**ئەحمەد ڕەحمانی**

پێنووسی کلۆڵ و داماو دەلەرزێ، کاتێ دەتەوەێ تاوی بدەیتێ و لە گەورەیی قەندیلێک لە ورەی پێشمەرگانە بدوێ، زەریا لە بڕوا بە نیشتیمان خۆشەویستی، گڕکان لە کوردایەتی، شەپۆلێکی هەڵچوو لەو شەپۆلانەی کۆزیلکەی ئامێزیان لە ناو هەڵەمووت و گڕە بەردەکانی نیشتیمان دا بۆ ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو دەگرتەوە، نمەی دڵۆپەبارانێکی نەرم و نیان و وردیلەی جوان کە زەوی قاقڕ و دێمەکار کەیلی دابارینی بوو، ئەو کلوە بەفرانەی بە حەسرەتەوە لە سەمادا بوون و دەیانەویست خۆیان لە هەیبەتی باڵای پێشمەرگانەی بئاڵێنن، پەلکە زێڕینەکانی ئەو دیو چیا پێشبڕکێیان بوو ئاخۆ کامەیان دەتوانن جوانی پێشمەرگانە لە باڵای ئەودا بەخۆیانەوە ببین.

پێنووسم کلۆڵە و تەتەڵەی وشەکانیەتی کاتێ دەیەوێ لە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی بدوێ، بەکامە شا وشەو کامە ڕستە و کامە داڕشتنە دەتوانم لە گەورە مرۆڤ و شۆڕشگێڕێک بدوێم کە خۆیان پێناسەی مەزنترین مرۆڤی سەردەم و خۆیان بە جەستەو ڕووح فیدای خاک و نیشتیمانە!!!

ئەکەی پێنووس، شەهامەتی دەوێ بتوانی لە ڕێی گەوهەرە وشەکانتەوە ملوانکەیەکی ئەمەگ و وەفا بهۆنیتەوە بتەوێ لە

بەژن و باڵای پێشمەرگانە و جوانی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بئاڵێنیتەوە.

بزۆزم و هەستی گڕگرتووم لێم ناگەڕێ، پێنووسم وەفا بۆ مەزنە شۆڕشگێڕێ نەگێڕێ، کە بارتەقای تەمەنی منی ڕووتەڵەی گەورەبووی نێو شۆڕش بە چیادا و هەڵەمووتا هەڵزنا، لە بوار و بەستێنی گەورە چۆم و ڕووبارانی دا، شاخ نەما بن پێی ئادیداسەکانی ڕانەمووسێ، تاوێر و گڕەبەرد نەما شەوان لە باوەشی نەگرێ، دڵۆپەی باران و کلوەبەفر نەمان لە ئامێزی گەرمی نەگرن، زوورگ و دۆڵ و پێدەشتەکانی نیشتیمان نەمان ئەو هەنگاویان بەسەر دانەنێ.

سەردەمانێ ئەو لە شاخ بوو گەلێ هاتن لە جوانی هەیبەتی پێشمەرگانەی ئەو دەستیان دایە چەکی شەڕەفی پێشمەرگانەو تاکو کاتێ شەهیدیش بوون کۆڵە پشتی خەباتیان دانەنا و نەسرەوتن. پێنووس ئەستەمە بتوانێ وشە و ڕستە و پاڕستەکانت خۆ لە قەرەی هەڵزنان بە چیادا بدەن، دەوەرە لە داوێنی چیادا بۆ وشە دادەمێنی.

بەخۆم نیە لەم شەوە تاریک و ئەنگوستە چاوەدا، لەم غوربەت و تاراوگە بێ هیوایەدا شریتی خەیاڵم بۆ نیشتیمان پچڕ پچڕ تێک دەکەمەوە، بەدیار هێندێک لە گرتەکانەوە بزەیەکی منداڵانە سیما و ڕووخسارم دادەگرێ، بە دیار هەندێکیشیانەوە شادەمارەکانی دڵم دەگوشرێن و بەندی دڵ و هەناوم دەکەوێتە لەرزە، وەک زۆر لە شەوان بەر پەنجەرەکەم باوەشی ئاواڵە دەکات بۆ ژوانم، لە گەڵ نیگاکردنی هەر دڵۆپەبارانێک و بیستنی هەر گڤەبایەک، خێڵی خەیاڵم لەم غوربەتە تاوڵی مرادی دەپێچێتەوەو لە گەوەو توولە ڕێیەکانی نیشتیمان ئاودیو دەبێتەوە.

گەڕامەوە بۆ ئەو دەمەو بەیانیە گەرمەی کە ماڵمان لە هەواران بوو، دایکم بە مەسینە مسەکە بەر دەرگای ئاوڕشێن کرد بوو، بە گەسکە قرژنەکە خەریکی ماشتنی خۆڵەکەی بوو، بۆنی گڵێکی خۆش ئەم ناوەی تەنیبوو، سەر شیرەیەکی پان کردبۆوە، بادیقەندێکی لە پێش خۆی دانابوو هێدی هێدی بە قەندشکێنەکەی کەلە قەندە تەورێزیەکەی دەکردە کلۆ کلۆ ، ئای چەندە خۆش بوو کاتێک لەتکێکی بچووک لە دەستی دایکم دەپەڕی و خێرا پڕم پێدا دەکرد و بە ددانەکانم دەمکرۆشت، چەندە ئەو کاتانەش خۆش بوو کە دایکم لە قەند شکاند تەواو دەبوو پەنجەیەکم بە تفی نێو زارم تەڕ دەکرد و لە بنی بادیقەندەکە خاکە قەندەکەم پێ هەڵدەگرت.


زۆر جاران بە دایکمم دەگوت دایەگیان ئەرێ ئەوڕۆ کە پێشمەرگەکان بێرەدا ڕابردن، پێشمەرگەیەکی جوان و باڵا بەرزی جەمەدانی بەسەریان لەگەڵ بوو، زۆر مەشرەف خۆش و دەم بە پێکەنین بوو، جار جار دەستێکی دەهێنا بە سەری ئێمەدا،



سەرچاوە
Serchawe

سەیرم دەکردن تا بە خێزەڵانەکەدا هەڵدەگەڕان و لە چیا ئەستەمەکە ئاودیو و نەدیو دەبوون، زۆرم پێخۆش بوو لە سیمای پێشمەرگانەیان بڕوانم، زوو بگەڕێنەوە بەلای ماڵێ ئێمەدا تێبپەڕن و بیانبینمەوە. دایکم دەیگوت ڕۆڵەی ئەوە کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بوو، ئەوان بەرەو ناوچە دەچوونەوە، ڕۆڵەم نازانی کاک مەلا حەسەن چەندە قارەمانە، ڕەبی خوڵا مەحفووزیان بکات، دایکم دەستی نزاو پارانەوەی بەرەو ئاسمان ڕادەداشت و بۆ گەڕانەوە و سەلامەتیان دوعا خوێن بوو.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠٢٢



## یادێک لە هاوخەبات و پێشمەرگەو فەرماندەی دێرین شەهیدی زیندوو کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی. و وەڵامی هەندێک لە برادەران.



**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز**

لەوەتی دەستم کردوە بە نوسینی هێندێک وردە بابەتی دەورانی ڕابردوو، بەتایبەتی ڕۆژە ئاستەم و پڕ تەنگو چەڵەمەکانی دەورانی کاری نەهێنی و لە زەمانی دەسەڵات داریەتی حەمە ڕەزای تێهەڵدراو و داروەستە دز و بێ ئەخلاقەکەی و دژی گەلی کورد وجوڵانەوەکان، ناوی هێندێک لە برادەرانم هێناوە کە پێموابوە لە لایەن خۆمان و دەسەڵاتدارانەوە غەدریان لێ کراوە و زۆر بە کەمی کەوتونە ناو ناوانەوە. یان هەر باسیان نەکراوە یان ئەگەر کرابێش هەقی خۆیان پێنەدراوە.

چەند یەک لە دۆستان و هەڤالان ئەوە چەند جاریکە بە نوسراوەو بە تەلەفون داوایان لێ کردوم باسێک لە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی بکەم. هۆی ئەوەی کە باسم نەکردوە چەند شتە،

**یەکەم؛** شت ئەوەیە بە خۆشیەوە ماوە و دەحاڵی حەیاتدایە و من لە چەند جێگادا بە شەهیدی زیندووم ناوزەد کردوە.

**دووهەم؛** ئەو برادەرە لە زۆر جێگا و شوێندا باسی کراوە و تاڕادەیەک هەقی خۆی پێ دراوە.

**سێهەم:** کاک مەلا حەسەن ناوێکی زۆر و دەنگێکی زۆری دەناو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە چ لە دەورانی کاری نەهێنی و ڕۆژە سەختەکاندا کە دەبێتە زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردو چ لە دەورانی ڕاپەڕینی خەڵکانی ئێران و نەمانی شاداو چ لە دەورانی جەلادی زەمان وە دەجالی سەدەی بیست و یەکەمدا ئیمام خومەینی دژە ئینسان و ئینسانیەت. ناسیاوی و تێکەڵاویم لە نزیکەوە لەگەڵ کاک مەلا حەسەن دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٥٤ساڵ پێش ئێستا و دەورانی جوڵانەوە بەسەرداسەپاکەی ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨، کە لە لایەن سازمانی ئەمنیەت و بەشی پاراستنی ناو شۆڕشی باشوور بەشێک لە بەرپرسە خۆفرۆشەکانیان بەسەرماندا سەپا بە غایەی تایبەتی خۆیان و بۆ ڕازی کردنی دڵی حەمەڕەزا شای دژی کورد و قاتڵی مەرگی شەهیدکردنی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی مەحەمەد. ئەو کات کاک مەلا حەسەن یەکێک لە جوان چاکترین و ڕوناکبیرترین مەلا و فەقێکانی ئەو ناوچەی سەردەشت بوو. کەسی نزیکی شەهیدی سەرکردە مەلا ئاوارە بوو. پێش ئەو کاتیش لەسەر کاری نەهێنی تەشکیلاتی چەند جار گیرابوو. بەدوای سەرکوت کردنی جوڵانەوەکە و شەهید بوونی یەک لە دوای یەکی برادەرانمان و گەڕاندنەوەی کادر و پێشمەرگەکان، کاک مەلا حەسەن و نەمر کاک فەقێ محەمەد گۆمانی یان سەرمێرگی کە ناسرابوو بەمەلا چەتە وەک دوو تەتەر و هەڵسوڕێنەری کارە هەرە گرینکەکانی تەشکیلاتی نێوان شارو گوندەکان. حیس و غیرەتیان قبوڵی نەکرد بێنەوە سایە و سێبەری کەسانێک کە بوونە هۆی لەبەین چوونی هەڤاڵەکانیان.

زۆر ئازایانە و بەو پەڕی شەهامەتەوە دەنێوخۆیی وڵاتدا دەمانەوە و بە بەردەوام پەیوەندیان بە هەستە نەهێنیەکانی ناوەوە و ئێمە لە باشوری کوردستان هەبوو. لەو ماوەیەدا هەتا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٠ و بەیانیە مێژوییەکەی یازدەی ئازار یەک دوو جار گیران، بەڵام بەهۆی ئەوەی نە ئیعترافیان کرد نەکەس هەبوو شتیان لەسەر بڵێ ئازاد کران. لەو کاتەدا کە ئێمە کۆنفرانسی دوو لە بناری قەندیل و کۆنفرانسی سێمان لە کۆیە گرت و برادەرانی پاشماوەی جوڵانەوەکەمان لە بەکرەجۆ وەرگرتەوە و لە هیران و نازەنین و کۆیە جێگیرمان کردن، دەستمان کردەوە بە کاری نەهێنی و تەشکیلاتی هەردوکیان هاتن و لەقەڵادزێ و کۆیە لەگەڵ من و زیندو یاد کاک کەریم حیسامی و مامۆستا مەلا عەبدوڵای حەسەن زادە و نەمر کاک کەریم حەداد دانشتنیان کرد و گەڕانەوە ناوخۆ. دیارە هەموو جارەکان بە جیا دەهاتن نەک وێکڕا، جارێک لەو جارانە مەلا حەسەن گیراوە بەڵام زۆری نەخایاند ئازاد. بۆ جاری دوایی کە هاتەوە بڕیارماندا کە نابێ بچێتەوە ناو وڵات، ئەو کات ڕەفیقە حیزبیەکانی جوڵانەوە کە هەموویان لەگەڵ من لە کۆیە بوون وەک شەهید لەتیف مەلا عەلی کە ناوی ڕاستەقینەی عومەر داشامەزینی بوو، فەتاح باساوەبی و مەلا بیز و مەلا سەدیق و مەحمودقازانی و کەریم نەستانی و عەبدول نەستانی و ئەحمەد نەستانی و زۆری دیکە. چەند ڕۆژێک مایەوە بەبێ ئاگاداری ئێمە دووبارە گەڕایەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و بۆ مەهاباد بەڵام فەقێ مەحەمەد هەم مایەوە هەم پەیوەندی لەگەڵ ئێمە نەپچڕاند و بەنەهێنی و نێوە نێوە هەر دەهات. ئاخر جار من و نەمر کاک کەریمی حسامی و مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە بڕیارمانداز ئەوجارە بەدوای مەلا

حەسـەندا بنێـرین و دەسـت بەسـەری بکەیـن و بـرادەران لەگەڵ خۆیـان بیـبەن بـۆ بەغـدا و لەوێـش نە وەرەقە و نەهـیچ پێناسەیەکی پێ نەبێ و هەرواشمان کرد.

ساڵی ١٩٧١ و دوای کۆنفرانسی سێ ناردمان هاتە کۆیە، ئەو کات مامۆستا حەسەن زادە خانوی دەست نەکەوت لەگەڵ ئێمەو منداڵەکانی لە خانویەکدا بووین و بۆخۆشی لە بەغدا بوو. مەلا حەسـەن کە هـات نەم هێشت بگەڕێتەوە لە مـاڵی خۆمـان و لە لای خوشکی و منداڵەکان کە دەبێتە براژنە ئەستی خێزانی مامۆستا مەلا عەبدوڵا ماوەیەک هێشتمانەوە. نێوە نێوەش لە لای مەلا سەدیق و برادەران دەمایەوە. بیرەوەریەکی زۆر گرینگی ئەو ڕۆژانەم لایە بەڵام لێرەدا بۆ نوسین نابێ.

بەهەر چەرمەسەرییەک بوو گەیانـدمانە بەغـدا، مـاوەی بەغـدا و چـونە مەدرەسـەی ئێوارانی مەلا حەسـەن و شـەهید جەلالـی میراوەیـی و ڕەحمـان کـاژەیش دەوران و داسـتانی دوورو درێـژی هەن. کـاری حیزبیمـان بە هەمـو شێوەیەک دەکـرد و چـونە مەدرەسەشیان هـر بەردەوام بـوو. لەو مـاوەیەدا کە بەیەکەوە بـووین پێموانیە کەس هێنـدی من و مەلا حەسـەن و نەمر کـاک مەحەمەدینی سیراجی و نەمر مامۆستا هێمن یەکتریـان خۆش ویستبێ، بەقەولـی دەڵێن وەک ئاشقە و باشقەمان لـێ هـاتبوو بە بەردەوام گـاڵتە و گەپـی خۆمـان هەبـوو. نوووکتەیەکی خۆشی ئەو کاتـانە: شـەوێک من و مەلا حەسـەن و مەلا ڕەحمـان کاژەیی پشیلەیەکمان دەناو تەلیسێک نا و سەرەکەمان بەست و لەبەر دەرگـای مامۆستـا هێمن دانامانـا، ئەویش بە عـادەتی خۆی تۆزێک سەرگەرم بوو ئێمەش خۆمـان لـێ مـات کردبـوو، هەر هـاتە دەرێ و دیتـی پشیلە دەنـاو تەلیسدا خۆ هەڵداوێ تۆزێک سڵەمیەوە و بەدەنگە لەرزەکەی خۆی هاواری ئێمەی کرد و گوتی کوڕینە داوەرن بـزانن ئەو تەلیسە بـۆ وادەکـا. ئیتر هەرسێکمان بە پێکەنینەوە پشیلەمان دەرهێنا.

لە کاتی گەڕانەوەمـان دوای ڕوخـانی شـا لە یەکەم ڕۆژی کە بەر پرسـایەتی شورای پێشمەرگەم پـێ سپێردرا. مەلا حەسـەنم کرد بە ئەندامی شۆڕای پێشمەرگە و لە تەواوی هێنـانەدەری چەک و تەقەمەنـی لە پادگـانی مەهابـاد و شـەڕەکانی نـاوچەی سەردەشت و مەهابـاد و ورمێ و زۆر شوێنی دیکە مەلا حەسـەن دەورێکـی یەکجـار زۆر قـارەمانـانەی هەبـوو، دوو نـوکتەی زۆر خۆش و بەرچاو باس دەکەم و کۆتـایی پـێ دێنم. کاتێک ئێمە لە مەهابـاد خەریکی پێک هێنـانی هێزەکـان و دابەش کردنـی چەک بووین پێش ئەوەی شەڕی ٣ مانگەمان بەسەردا سەپێنن شەوانە لە خەتی ورمێ و میاندواو دابەش دەبوین، حکومەتیش تـانکی زۆری هێنـابونە خەتـی نزیـک کۆسەکەرێز و گـۆلی ورمـێ و شـایعە زۆر بـوو کە حکومـەت نیـازی گـرتنەوەی مەهابـادی هەیە. ئێوارێـک لەگەڵ مەلا مەحەمەد جـوانڕۆیی و نەمـر کەریـم حەداد و مەلاحەسـەن بڕیارمانـدا بۆخۆمـان بە دوو بەشـەدا بەش بین. مەلا مەحەمەد و کاک کەریم حەداد بۆ خەتی میاندواو و مەهاباد دیاری کران و من و مەلا حەسەنیش بـۆ خەتـی



سەرچاوە
Serchawe

ورمێ و مەهاباد. پێش ڕۆیشتنمان من هێندێک کارم بۆ هاتە پێش و بەمەلا حەسەنم گوت جەماعەت بەرە و کەمینی خۆتان دانێننەوە منیش پاش ماوەیەکی دیکە دێم. کاتێک کارەکانم تەواو بوون لە گەڵ زۆر لە پێشمەرگەکان بەرەو کۆسە کارێز وەڕێ کەوتین. نەدەبو شەوانە چرای ماشێنەکانمان هەڵ کەین ۆ بەهیچ شێوەیەک دەنگە دەنگ و هەرامان بێ، لەو دەشتەی خوارپێچی کۆسەکەرێز گوێمان لە بگرەوبەردەیەکی سەیر بوو لەو دەشتە. کاتێک هەستمان ڕاگرت بە کوردی هاواریان دەکرد بیگرە نەهێڵی هەڵێ و هەڵات هەڵات وهانکە هانکێکی زۆر سەیر بوو. بە هەموو برادەرانم گوت بە هیچ جور تەقە نەکەن مەبادا جەماعەتی خۆمان بن. کاتێک دەنگمان دان و ناوی شەڕیان گوت و لێک ئاشکرا بوین سەیر دەکەم ئەوە کاک مەلا حەسەن بەخۆی و جەماعەتەوە ڕاوە جیشک دەکا و کاتێک هات قەد و گیپاڵ لەبەر یەک هەڵوەشاو پشووسوار، پێمگوت جا جەرگت خرابێ ئەمن ناردومی تانکم لۆ بگری یان ڕاوەجشکم بۆ بکەی . ئەو کات من ئەو کەلیمەم زۆر بەکار دێنا. نەقڵی دوهەم مەلا حەسەنمان نارد بۆ لای شەڕی لای ورمێ ناوچەی مەرگەوەر و تەرگەوەر کە حکومەت جاش و قوەتێکی زۆری هێنابۆ ئەو مەڵبەندە، شەڕی قارەمانانەیان کردن وەک بەیتی گەنج خەلیل لەزۆر شوێنان بە مەلا حەسەنیان هەڵدەگوت.

لەو کاتەدا هاتبۆوە بۆلای ئێمە نیوەڕۆ لە ماڵی ئێمە بووین و لە هاتنە دەردا داوای لێکردم کە پێی خۆشە چاوی بە پورە مەلازادەم، دایکی خوالێخۆشبوی حاجی بەسێ ی خێزانم بکەوێ ماڵیان نزیک بوو کاتێک وەژور کەوتین پورم کە بۆخۆی شێرە ژنێک بوو لە هەیوانێ لەسەر کورسیەک دانیشتبوو دوای سڵاو گوتی ڕەسوو گیان ئەوە کێیە لەگەڵتە؟ گوتم پورێ ئەوە کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵیە و ئەو شەڕانەی لە لای ورمێ دەکرێن هەمووی بە بەرپرسایەتی و ئازایەتی ئەو پیاوەی دەکرێن. هەر چاوێکی لێ کرد و هەناسەییکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی یاخوا ڕۆڵە نەمێنم بۆخۆت و بۆ حیزبەکەت ئەگەر ئەو قونلێکەوتوە قارەمانتان بێ دەبێ ئەوانی دیکەتان چۆن بن. مەلا حەسەن کە تەماشاییەکی خۆی کرد لۆیەکی پشتێندەکەی هاتبو خوارێ وە هەمیشە شڕ و شپێو بوو گوتی وەڵاهی پورە مەلازادە ڕاست دەکا. ناچارم نوکتەیەکی دیکەش باس بکەم.

لە ساڵی ١٩٧٧ کە ماڵی من و چەند برادەری دیکە لە کۆیە کەوتبونە بەر غەزەبی حکومەتی بەعسی سەدام حوسێن و بۆ شاری رۆمادی نەفی بووین(تەبعید) بە حوکمی ئەوەی کە ئەو کات ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم دەبوو لانیکەم حەوتووی چوار ڕۆژ لە ماڵەکەی بەغدامان بم، مەلا ڕەحمانی کاژیی و مەلا حەسەن کە ماشێنی حزبیان دەئاژوا بەنۆرە دەهاتن بەدوامدا و پاشان دەیان بردمەوە. لەوکاتیشدا برادەران لە کاک کەریمی حسامی و کاک حەمەدەمین و شەهید سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و شەهید جەلال میراوەیی هەمویان فێری لێخوڕینی ماشێن ببون بە مەلا ڕەحمان و مەلا حەسەنیشەوە، ڕۆژێک مەلا حەسەن هەروەک لەپێشەوە ئامازەم پێکردوە زۆری خۆش دەویستم هەڵی پێچام و گوتی ئەتۆ کە وەزعی ماڵیت لە

هەموومـان باشـتره و ئەو هەمـوو کچانەشـت هەیه بـۆ فێـری شـۆفیری نـابی و سـەیارەیەک نـاکڕی. هەرچـی گـوتم لەگەڵ حەوسەلەو زەوقی من نایەتەوه بێ فایده بـوو. ئێـواره بـوو گـوتی هەر ئەورۆ فێـرت دەکەم، سوار بـوین و لەگەڕەکی لەراده خاریج بوین و بەرەو چۆلی ڕۆیشتین و سەیارەی وێدام و گوتی ئەوه تورمزه و ئەوه گازەو بۆخۆشم ئەوه ئاگـام لێتە. تۆزێک لێم خوڕی و لەپڕ لاقم کەوتە سەر گـاز و ماشێن بـاڵی گـرت، هەرچـی هـاواری کـرد و سـەری بـۆ لای لاقـم شـۆڕ کـردەوه و دەیگوت ئەوەتا تورموز نەخێر ئەمن هەر پێم لە گاز قـایمتر دەکرد. بـاوەڕکەن ئەو کاک مەلا حەسەنە ئـازایه وا خەجڵا بـوو وه هاوار هاوار کەوت دەتگوت لە پێشەوەی شەڕه و دەکەمین کەوتوه سەد لوله تفەنگی لەسەر ڕاگیراوه، ئەمیش هەر هـاوارم دەکرد و دەمگوت کـوڕه مەلا حەسـەن سەگبابخێو هەڵـی گرتـوم ئـاخیری هەردووک لاقـم هەڵێنـا و دەستم لە فەرمـان بەردا و گوتم ئاخر نائێم هەڵی گرتوم ئیتر ماشێن بە هەمو هێزی خۆی وەدار عەمودێکی گەورەی چیمەنتۆ کەوت و ئێمەش لەگەڵ مەلا حەسەن بەسەر یەکدا کەوتین و ماشێن بە پێش تێک قوپاوی ڕاوەستا. لەکاتی تەماشا کردنی ماشێن و دار عەمودا که پێشی ماشێنەکه زۆر خەراپ ببـو، گـوتم ئەرێ مەلا حەسـەن ئەتـۆ بـۆ وا خەجلای و بـۆ ئـاوا شێوای خـۆ ئەمن ئەتـۆم پـێ پیاوێکی زۆر ئازا بوو. لە وڵامدا گـوتی کـاکه چـونکه خەتـایەکه ئـی من بـوو یەکسـەر منداڵەکان و دایکت و بـراژنه بەسێم هاتەوه بەرچاو که لەو غەریبایەتییه بێ پیاو و بێ ساحێب دەمێننەوه، ئیتر خۆم له دەستدا. ماشێن هەڵبـۆوه و هـاتینەوه ماڵەکەمـان و نەقڵم بـۆ بـراوەران گێـڕایەوه هەتـا مـاوەیەک بـوو بە قسـەی ڕۆژ و پێکەنینمـان و تـازەش دەسـتم بـۆ ماشێن نەبردەوه.

یادی ئەو ڕۆژ و ڕۆژگارانە خۆش و ڕوحی مەلا چەتەی ڕەنج بە خەسار هەر شاد بێ و بە هیوام کاکه مەلا حەسـەنیش سـاغ و سەلامەت و سەرحاڵ بێ زۆر لەمێژه هیچ پەیوەندیم لە گەڵی نەماوه و دەشزانم بەرانبەر بە من دۆستێکی وەفـادار و دڵسـۆزه بەڵام نازانم خەتـای چونەوەی کوردستانی منه یان بێ لوتفی ئەوه! هەرچی بێ هەر سلامەتی ئەو گرینگه.


تێبینی: پـۆلیس و ژانـدرمەکانی داگیرکەرانـی کوردسـتان لە کـۆنەوه پیـاوه ئـازا و تێکۆشـەرەکانی کوردوسـتانیان بە چەته و ڕێگر ناوزەده دەکرد. فەقێ محەمەد یا مەلا چەته ئەو پیاوه ئـازا و نەتـرس و قـارەمـانە بـوو کاتێک من شەهید عەبـدوڵای موعینیم لە شەڕی سپی سەنگ ڕا بە برینـداری گەیانـده داری کەلـی مـاڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردسـتان، پاش ماوەیەک ئەو لەسەر ڕاسپاردەی شەهید سولەیمانی موعینی بە نامەی کاک سولەیمانەوه هات بۆ سیتەک بۆ لامان بەبـێ هیچ پێناسەیەک. له حاڵێکدا لەهەر جێگایەک سەیتەرەکانی پارتی و حکومەتی ئێراق گرتبـاین لەوانه بوو ئیعدامی بکەنە.



کاک مەلا حەسەن شیوسەڵی




جێژنی نەورۆز لە سەلمانپارک لە بەغدا ساڵی حەفتاکان؛ لە ڕاستەوە: شەهید جەلال میراوەیی، شەهیدی زیندوو کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، مەلا ڕەحمانی کاژێ، بۆخۆم،؟.؟، سەرچۆپی مامۆستا مەلا عەولا حەسەنزادە.




ئەم وێنەیە لە قەڵادزێ گیراوە. ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: مەلا عەزیزی ئەحمەدی (مەلا عەزیزی کونەمشکی سەردەشتی)، ڕەسووڵی پێشنەماز، حەسەنی شیوەسەڵی.




سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٢١

## ساتێ لـە ژوانی تەمەنی ڕابردووم دا



**ئەحمەد ڕەحمانی**

هەوارە و هەوار دادەگەڕامەوە بۆ سەردەمێ کە منداڵێکی ڕووتەڵەی نێو شۆڕش بووم، سەردەمێ لە ژیان کە شەرمێونی خاراندبوومی، لە بن پیرە دارێکی هەڵۆڵی داوێنی چیا لە بەژن و باڵای پێشمەرگەم دەڕوانی، حەزم لێ بوو هەمیشە سەیری جامانە و جل و بەرگیان بکەم، لە دوورەوە لە گەڵ نەرمەبزەکانیان منیش نەرمە بزەم دەهاتێ، خۆڕسکانە شەیدای باڵا و هەیبەتی پێشمەرگە بووم... زەمەن دەڕۆیشت و منیش گەورەو زیتەڵە دەبووم، تا گەورەتر دەبووم هێندەی تر ئەوینداری ناوی پیرۆزی پێشمەرگە دەبووم، ئەم شا وێنەیەی نێو شۆڕش سەدان بیرەوەری ئەرخەوانی نێو شۆڕشی بیرهێنامەوە، گەڕامەوە بۆ ژوانی نەرمەبزەکانی دکتۆری ڕێبەرمان، خۆش مەشرەفی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، بەدیار ئەو وێنەیەوە لە نێو شەپۆلە بەهەیبەتەکانی شۆڕش دا بە بەلەمێکی دارینی بچکۆڵەی هێدی هێدی سەوڵم دەدا، نەدەگەیشتم بەکەنار و دوای زەردەپەڕ دەکەوتم، هەرگیز پشووم نەدەدا، نازانم بۆ چی دەبێ چوار بەشی ژیانم بەدیار ڕابردوومەوە هەناسە هەڵکێشان، هەنیسکدان، چاوی تەڕی ئاوێتە لە گەڵ ئەسرین بێ. بینینی ئەو وێنەیە لە شاکارە ڕۆمانی ژیانم دا لاپەڕەی نووسینەکانی هێندە دووروو درێژ و نەبڕاوەن تەمەنی منیش دەبڕێتەوە دوا دێڕی شاکارە ڕۆمانی شۆڕشی د. قاسملوو تەواو نابێ و نابڕێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٨ی مای ٢٠٢٢

## حیزبی دێمۆکڕات ١٦ی سەرماوەز، کە لەو ڕۆژەدا کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستی، وەک ڕۆژی کەم ئەندامان دیاری کرد.

حیزبی دێموکرات ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کرد.

کوردستان میدیا: بە مەبەستی ئەمەگناسی و ڕێز گرتن لە تێکۆشانی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکرات ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ ئاگاداری هەموو لایەک، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەت کەمئەندامانی حیزب، ڕادەگەیەنین کە بۆ ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزگرتن لە تێکۆشانی هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان، لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چ بەشێوەی



سەرچاوە
Serchawe

تێرۆر، پیلانی جۆراوجۆری جینایەتکارانی ڕێژیم، یا لە سەنگەری بەرگری بەرانبەر بە نەیارانی کورددا ئەندامێک یا چەند ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە و لەگەڵ ژیانی کەمئەندامی بەرەوڕوو بوون، بەڵام کەمئەندامبوون نەیتوانیوە بەربەست بێ لە درێژەدان بە تێکۆشان و تەنانەت بیروباوەڕی ئازادیخوازانەیان پتەوتر و ئیرادەیان لێبڕاوانەتر بووە، حیزبی دێموکرات ڕۆژێک وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری دەکا.

هەرچەند ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزگرتن لە جەستە بەخشانی حیزبەکەمان، ئەرکی هەموو کات و هەموو ڕۆژەکانی ساڵ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەت ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بەم حاڵەش بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ئەمەگناسییەک و ڕێزگرتنێکی تێکڕایی بێنینە ئاراوە کە شایانی تێکۆشەرانی جەستەبەخش بێ، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنین. ڕۆژێک کە لەودا هاوڕێی تێکۆشەر و ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان کاک حەسەن شیوەسەڵی لە ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە پیلانێکی داڕێژراوی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێراندا تیرۆر و لە ئاکامدا زۆربەی ئەندامەکانی هەستیاری سەرورووی زیانیان پێ گەیشت و هەر دوو دەست و هەر دوو چاویشی لەدەست دا. دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزدانان بۆ ڕابردووی تێکۆشانی ئەم بەشە لە تێکۆشەرانی دێمۆکرات تەنیا گۆشەیەک لەو ئەرکانەیە کە بەرانبەر بە جەستەبەخشانی حیزبەکەمان لە ئەستۆمانە. چوونکە زۆر ئەرکی دیکەی نیشتمانی، هاوڕێیەتی، ئینسانی و ئەخلاقیشمان هەیە کە پێویستە لە ئەنجامدانیاندا شێلگیر و بەردەوام بین.

هیوادارین بەسەرکەوتنی خەبات و وەدیهێنانی ئامانجەکانمان ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ ژیانێکی ئەوتۆ بەرەوڕوو نەبنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی سیاسی

١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی

٤ی دێسامبری ٢٠١٨ی زایینی

سەرچاوە: کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

# ئەو شەوە ١٦ی سەرماوەز خۆڵقێندرا،




**سەدیق بابایی**

چند ڕۆژ پێشتری قەرار بوو سەردانی سلێمانی بکەین. بەڕێز دۆکتۆر قاسملو فەرمووی لە گەڕانەوەتاندا ماسی بکڕن.

قەرارەکەئەوەبوو خۆی بە سازکردنی ئەو ماسیانە مێوانمان بکات.

کاتی گەڕانەوەمان لە سلێمانی نزیک شاری ڕانیە لە قەراغ بەنداوی دووکان ماسی تازە ڕاوکراوبۆ فرۆشتن هەبوو، لەسەرقەراری پێشوومان چەند ماسیەکمان کڕی و لە دەفتەر تەحویلی دەبیرخانەمادان.

ئێوارەکەی مێوانی کاک دۆکتۆر بووین. شەوێکی سەرەتا شیرین پڕلە بیرەوەری،گێڕانەوەوگوێبیس بوونی وتە پڕ ناوەرۆکەکەنی ڕێبەری حێزب.

ئەگەرباشم لە بیرمابێت سەعات نزیکەی ٩ی شەویان درەنگتربووکە کادری بێسیمی حێزب هاتە نێو ژووری دانیشتنەکەمان و

پارچەکاغەزێکی پێشکەش بە دۆکتۆرکرد.

لە گەڵ خوێندنەوەی ناوەرۆکی نووسراوەکە کە لەوە دەچوو خەبەرێکی تازەی تێدابێت هەستمان بەجۆرێک تێکچوونی ڕوومەتی تا ئەوکات گەش و شادمانی دۆکتۆر قاسملو کرد!

کورت دوای خوێندنەوە چاوەڕوانی پێش ئێمە درێژخایەن نەما دۆکتۆر بە پەرۆشەوە فەرمووی: "تەقینەوەیەک لە ناوەندی هێزی مۆعینی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی فەرماندەری هێزی بە ئامانج گرتوە. ناوبراو بە توندی بریندارە."

دۆکتۆر بەعادەتی خۆی لە کاتوساتی ئەوتۆدا بەسەرخۆیی داوای کرد سبەینێ ڕۆژی دواترئێمە سەردانی (کونەمار) شوێنی ڕووداوەکە و لەچلۆنایەتی ئەوکارەساتەڕاپۆرتی بۆ ئامادە بکەین.

مێوانەکان کاک عۆسمان ڕەحیمی،کاک فەتاح عەبدۆلی ،کاک عەلی کاشفپوور دلنیانیم کاک جەعفەر حامێدیش بوو یان نا، وێرای خۆم (سدیق بابایی) ئامادەبووین.

بیستنی ئەم هەواڵە لەناکاوە تەموو مژێکی خەماوی قورسی خستە سەردڵی هەموومان . ئیتر قسەی خۆش و پێکەنین جێگای خۆی بە باسی کردارو شێوازەکانی ترۆری تاران بەرئەنگاری و کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوخۆیی هەمووباسەکانی دوایی لە خۆ گرت.

باشم لە بیر ماوە کە من بۆ خۆم لەمێشکم دا کەوتمە فکری گەڵاڵەیەک بۆ بە هێزکردنی دەستەی پارێزگاری دۆکتۆر کە تا ئەوکات پێم وابوو لە هەڵسەنگاندن بۆوێنە لەگەڵ پارێزگارانی ڕێزدار مام جەلال کاتێک سەردانی لای ئێمەی دەکرد زۆر لاوازدەهاتە پێش چاو. لە مێشکمدا بە پێ ئەزموون و ناسیاریم لە پێشمەرگەکانی حێزب بە نیازبووم دەستەیەک لە پێشمەرگە ئازاو جێ متمانە بە تەجرەبە کانی هێزی پێشەوا، بێستوون و شاهۆ وەک پێشنیاری خۆم بدەم بە دەبیرخانەی حێزب.

بەداخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان زۆری نەخایاند کە هەموو ڕیسەکانی لە مێشکم دا کردە خوری و کۆمەڵێک ناهۆمێدی و لێکترازان جێگای بە یەکریزی و پتەوکردنی کەلەبەرەکان گرت!

سەرەتای ڕۆژی پاشترخۆمان گەیاندە کونەمار .دیارە کەک حەسەن نەقڵی نەخۆشخانەی رانیە کرابوو.

ژووری فەرماندەری هێزلە قەدپاڵێکی لێژولە دڵی زەویدا سازکرابوو.تەنیا دەلاقەیەک بە قەد پەنجا تا شەست سانتیم ڕۆناکایی ئەم ژوورە کە ٥ تا٦ مەترپانتایی هەبوو دابین دەکرد.پەنجەرەکە لە لای خواری سەرەوەی ژوورەکە هەڵکەوتبوو. بە گوێرەی ئەم زانیاریانە بە ئێمە دران زۆر پێشتر بەڕێز کاک عەبدوڵا حەسەن زادەلە ڕێگەی فەرماندەری هێزی مۆعینی کتێبی (سفید دندان ـ نووسینی جک لندن)کە بە فارسی لە ئێران هەبوو داوا دەکات.

کاک حەسەن شیوە سەڵی دۆستێکی خۆی دانیشتووی ناوچەی سەردەشت (کاژەیی) کە هاوکات دووبرای پێشمەرگەی حێزب بوون ڕادەسپێرێ تا ئەم کتێبە ـ ی بۆ بکڕێت.

ئێوارەی ڕۆژی ڕووداوەکە دۆستی! ناوبراو دەگاتە کونەمار لە گەڵ یەک دووکەسیترلە ژووری فەرماندەری هێز کتێبەکە پێشکەش بە کاک حەسەن دەکات ، خۆی و هاوڕێکانی لە لای خوارووی ژوورەکە تەنیشت دەرگای چوونەژوور دا دەنیشن. مەلا حەسەن کە نزیک پەنجەرەو لای سەروودانیشتوە کەیفخۆش بە گەیشتنی ئەمانەتیەکە کتێبی سفید دەندان بە دەستەوە دەگرێت و بۆ ئەوە لە ڕووناکایی پەنجەرەکە چاوی لێبکات کەمێک بە هەردوو دەست بۆ لای چاوانی هەڵی دەبڕێ و دەیکاتەوە. گرمەی تەقینەوەو ڕوودانی خەماوی ترین کارەساتەکان لە ناوەندی هێز. دوژمن ئامانجی دیاریکراوی خۆی دەپێکێ. ئەمە دەقی ئەو بەسەرهاتە تاڵە بوو کە ئەوکات بۆ ئێمەیان گێڕایەوە.

سەرەتا سەردانی ژوورەکەمان کرد. هێشتارلەتکە وردەکانی گۆشت و خوێن بە دیواری ژوورەکەوە تەڕاییان پێوە دیار بوو. مێوانەکانی مەلاحەسەن هەڵگرانی دیاری مەرگ بە ئاستەم پڕیشکی تەقینەوەکەیان وێکەوتبوو.

هەڵگرانی کتێبەکە دەسبەسەر و زیندانی کرابوون. بە پێ ڕاسپاردەی کاک دۆکتۆر دەبوو چۆنیەتی ڕووداوەکە بە نووسراو لە گەڵ خۆمان بۆ دەبیرخانەی حێزب ئامادە کردبا.

لەوپێوەندیەدا چاوپێکەوتنێکی کورتمان لە گەڵ ڕاگیراوەکان بە تایبەت کەسی ئەسڵی واتە دۆستە ناسراوەکەی فەرماندەری هێز وەک گۆمان لێکراوی سەرەکی ئەنجام دا.

وەک لە نووسراوەکەماندا بە وردی هەمووماان ئاماژەپێکرد ناوبراو بە ئەم شێوە گێڕایەوە: "لە سەردەشت کتێبەکە لە گەڵ هەندێ کەلوپەلی تر لە نێو جانتاییێکدا بەرەو (کونەمار) ناوەندی کۆمیتەی حێزب شارستانی سەردەشت و هێزی مۆعینی [هەڵکەوتوو لە خوارووی ئاوایی دۆڵەتوو نزیک سنووری قەڵادزێ] وەرێ دەکەوێت.

لە گوندی قاسمەڕەش پۆستی چاوەدێری و کۆنترۆڵی سپای پاسداران دوابەدوای پرسوجۆی سەرتایی جانتاکەی لێ وەردەگرن و لە ژوورێک بە بێ ئاگاداری ئەو چاوی لێ دەکەن پاشان بە هەموو کەلوپەلەکانیەوە وێدەدرێتەوە."

شیاوە بوترێت مەبەستی نێوبراو لێرەدا ئەوەبوو بە ئێمە بسەلمێنێت کە کتێبەکەلە قاسمەڕەش لە گەل کتێبێکی تری هاوشێوە بەڵام بۆمرێژکراو جێگۆڕکێی پێدەکرێت.

هەڵبەت هەرئەوکات ئەم وتە بۆ ئێمە وەک پاساو و خۆدزینەوە لە ئاشکرا کردنی ڕاستی ڕووداوەکە بە چاوی گۆمانەوە سەیر کرا. زانیاریەکانی ڕێزدار مەلا خدری دۆلەگەرمی کە لەوێ ئامادەبوو هەڵگری نێوەرۆکی گۆماناوی وتەکانی کاژەیی بوون. هەروەک پێمان وترا کڕیاری کتێبەکە تاقەکەسی ڕاسپێردراو ببوو.

گۆمانیتر لەوکاتەدا ئەوەبوو کە بەشی زانیاری(ئێتلاعاتی سەردەشت) لە داواکاریەکی ئەوتۆئاگادار کراوە، بۆیێ ئێتلاعاتی کۆماری ئێسلامی بە ئاسوودەیی و زانیاری تەواو کتێبەکە بۆمرێژ دەکەن و وەک کاژەیی بە ئێمەی وت ئەگەری ئەوە هەبوە لە (قاسمە ڕەش) کاتێک جانتاکە بە بیانووی پشکنین دەبەن کتێبەپێشتر کردراوەکە لە گەڵ ئەوەی ئامادەکراو ئاڵوگۆڕ دەکەن.

ئێمە نە پسپۆڕی قەزایی بووین و نە ئەرکی دەسنیشانی تاوانباریا تاوانبارانمان لە سەر شان بوو. تەنێ لە سەر پێشنیار و خواستی کاک دۆکتۆر دەبوو ناوبراو لە چۆنیەتی سەرەتایی ڕووداوەکەڕاپۆرت ساز بکەین. لەبەر ئەوە نووسینەکەی ئێمە هیچ دەورێکی قەزاییو بڕیاردەری نەدەگێڕا.

پاشتر لێکۆڵینەوەی ورد و تایبەت بە پسپۆڕانی بەشی قەزایی حێزب دەسپێردرێ و لە کۆتایی پرۆسەیەکی ورد و تایبەتدا بڕیاری پێویست دەدرێت.



سەرچاوە
Serchawe

دوابەدوای گەڕانەوەمان لە(کونەمار) چووینە نەخۆشخانەی (رانیە) بۆ سەردانی کاک حەسەن. هەژێنەرترین بەشی ئەم بیرەوەریەکورتە دیتنی جەستەی گلۆڵەبوو و تێک وەپێچراوی ناوبراو لە باند دا بوو کە بە بێ گفت وەک تەپۆڵە بەفرێک لە سەرتەختی نەخۆشخانە کەوتبوو. ئەمە جەستەی کەسێک بوو کە دۆژمن تا دوێنێ ئارامی لە ناوچەی سەردەشت بە دەستی ئەولێ بڕابوو.

هاوکاتی دیداری ئێمە کاک عەبدولا حەسەنزادە وێرای چەند بەرپرسێکی عێراقی سەردانی مەلاحەسەن لە نەخۆشخانەیان کرد.

ئەوە کورتە بیرەوەری ئێوارەی شازدەی سەرماوەزی ١٣٦٦ بوو کە تالآیی زیاتری پاش سیو چەندساڵ تا دێت بە ناوەرۆکو پێشهاتەکانی دواتری زیاتر و زیاتر ئازارخوڵقێن دەر دەکەون.

لە لایێکیتر بە خۆشیەوە هێشتار کاک حەسەن شێوەسەلی فەرماندەری ناوداری حێزب بە ورەی تایبەت و بەرزی هەمیشەیی خۆی نەک هەر لە ژیاندایە بگرە تاوێک لە پێناو ئەو ئامانجەی هەردوو دەست و چاوی بۆ بەخشی وازی نەهێناوە. کاک حەسەن وەک بەڵگەی سەلماندنی حاشا هەڵنەگری ترۆریزمی دەوڵەتی کۆمارێ ئێسلامی لە قەراغ بەڵگە سەرلمێندراوەکانی تر (میکۆنۆس) هەموو زانیاری و وردەکاری درۆستی پلانە خەمناکەکەی ماشێنی ترۆری تارانی باشتر لە هەموومان لە سینگی پڕلە ئەوینی کوردستان بۆ ڕسواکردنی ترۆریستان پاراستوە.

ڕێکەوتی: ١٦ سەرماوەزی ١٣٩٨ = ٨ی دێسامبەری ٢٠١٩




سەرچاوە
Serchawe

## بۆ مامۆستا شیوەسەڵی.

**عارف عەزیزی**

ئەی سەرکردە و قارەمانی وڵاتی سوور
ئەی شەهیدی بێ ناونیشان،

پارێزەری خاک و سنوور.
هەر چوار پارچەی نیشتمانت،
دەزانن تۆ،
شیوەسەڵیە بلیمەتەکەی دیمۆکراتی
دەزانن تۆ،
ئەستێرەی گەشی ئاسمانی خۆرهەڵاتی.
دەزانن تۆ،
درێژە پێدەری ڕێبازی پێشەواو،
قوتابی ڕەحمانی کورد و،
جێی متمانەی شەرەفکەندی و،
هیوای بەرزی گشت وڵاتی!...




هاوسەنگەرانت دەزانن،
تۆ نەفەسی لە خەبات دا
ڕەمزی گەلی لە وڵات دا
دەزانن کە.
وەکوو بورکان پڕ ئاگری

وەکوو چیا خۆڕاگری

وەکوو هەڵۆ بەرزەفڕی

سینگی نەیاران ئەدڕی

لە تەنگانەدا دلێری

لە سیاسەتدا بوێری

وەکوو دەریا قووڵ و مەنگی

لە بەحری شۆڕش دا نەهەنگی!..

هەموو ڕۆژهەڵات دەزانێ،

تۆ بە هندەی مانگ ڕووناکی

بە هندەی هەتاو بێ باکی

هندەی داڵەهۆ سەنگینی

هندەی سارەوەن ڕەنگینی

تۆ هێندەی قەندیل ئارامی

هێندەی ئارارات، بەسامی.

هۆ شیوەسەڵی،

ئەی شەهیدە زیندووەکەی دێموکراتم.

مێژوو شاهیدی ئەوەیە،

هەموو دار بەڕوویەکی شاخ،

داستانێکی تۆی لەبەرە

هەموو گابەردێکی وڵات،

ووتەیەکی تۆی لەسەرە،

هەموو نەوەیەکی کورد،

دێنە سەنگەر و مەقەڕت!

هەموو بیرو لاوێکی گەل

سوژدە دەبەن بۆ باوەرت!.

هۆ مامۆستای نیشتمانە چوار بەشەکەم.

هەموو گەلی کورد دەزانێ

لەوەتەی کە زیندان هەیە، حوکمی ئەبەدیت لەسەرە

لەوەتەی سێدارە هەیە، حوکمی ئیعدامت لەبەرە

لەوەتەی کە تیرۆر هەیە، شکۆی تۆیان لا مەبەستە!

لەوەتەی کە خۆفرۆشان،

کتێبێک ئەکەن بە دیاری بۆ ڕێبەرێکی دیمۆکرات،

شیوەسەڵییەکەی کوردستانم، نابێنا و بێ قامک و دەستە!

هەموو گەلی کورد دەزانێ،

لەوەتەی کە تفەنگ هەیە، تۆ گیان فیدای نیشتمانی

لەوەتەی کە سەنگەر هەیە، تۆ خۆبەخشێکی مەیدانی

لەوەتەی کە کتێب هەیە، تۆ خوێنەری

لەوەتەی کە قەڵەم هەیە، تۆ نووسەری

لەوەتەی کە مەکتەب هەیە، تۆ مامۆستای

لەوەتەی کە لەژیاندای، تۆ پێشڕەوی هەردوو دونیای!...

هۆ مامۆستا شیوەسەڵی،

ئەی پێشمەرگە بوێرەکەی ڕۆژهەڵاتم

ئەی کادرە دلێرەکەی دیمۆکراتم

لەوەتەی کە شۆڕش هەیە، تۆ پێشمەرگەی

لەوەتەی پێشمەرگە هەیە، تۆ فەرماندەی

لەوەتەی فەماندە هەیە، تۆ ڕێبەری

لەوەتەی کە ڕێبەر هەیە،

تۆ وانەی سەربەخۆیی ئەڵێیتەوە

لە کێبەرکێی نەتەوەیەکانی جیهان دا


تۆ گرەوی ڕاسگۆیی دەبەیتەوە.

ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی یادی کارەساتێکی ڕەش،



ئەحمەد کاکەمەمی

لە کولتووری سوێدی دا ژمارەی ١٧وەک ژمارەی ١٣لە کولتووری کوردەواریدا نەحس و ناحەز و نەویستە. ئەگەر لە نەهاتێک یا کەسێک تووڕە بن نەفرین و جنێو دژێیوی گرانیان ١٧، خوتۆنە.

سەیرە بۆ منی کورد ئێستا نەک هەر ژمارەی ١٧ و ١٣ بەڵکو ژمارە ١٦ شی هاتۆتەسەر. ئەم ژمارەی ١٧ و ١٦ لە ژمارە ١٣ نەک هەر نەحسترن. بەڵکو ناخۆشەویستترن، ڕەنجاوەرترن، دژن، دوژمنن،... ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ زایینی ڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری هەرە لێهاتوو و لێوەشاوەی کورد دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هەڤاڵانییەتی لە بەرلین. ١٧ی ١٣٩٧ هەتاوی ڕۆژی هێرش دەکرێتە سەر پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە لە دەروازەی شاری کۆیە. لەم ڕۆژە دا لە جەنگەی نیوەڕۆدا خوێن دەبێت بە ئاو و دۆست بە نەیار و برا بە دوژمن و بە بەرچاوی خەڵکی شارێکەوە شەهید دەکرێن.... ١٦ی ئۆکتوبێری ٢٠١٧ کارەساتی شەهیدکرانی جەستەی دایکی نیشتمان و بەدەستەوەدانی یەک لە سێی خاک و خەڵک لە باشوور کوردستان. کارەساتێک کە بوو بە زامێکی قووڵی نیشتمانی و ڕووشان و خرۆشانی هەست و نەستی نەتەوەیی. نەنگێکی نەتەوەیی بە گرانی سەنگیی زەوی و مانگ و ئەستێران، ئازارێکی هەزار ساڵەی خاک و پاک



**مەلا حەسەن شیوەسەڵی**

و ئـاو و مـاوی هەمـوو بست بە بستی نیشـتمان و هەمـوو تـاکێکی کـورد. ١٦ی دێسـامبری ١٩٨٧( ١٦ی سـەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی) ڕۆڵەی نەسرەتوو و پێشمەرگەی هەمیشە سەرکەوتوو کاک **مەلا حەسەن شیوەسەڵی** هێرشی تێرۆری دەکرێتەسەر و ئەوە ٣٠ ساڵە هەموو چرکەی کاتژمێران، هەموو کـاتژمێرانی شەو و ڕۆژان، هەمـوو ڕۆژانـی هەفتە، هەمووهەفتەی مانگـان، هەمـوو مـانگی هەمـوو سـاڵان و سـاڵان بە سـی... شـەهید دەکرێـت و زینـدوو دەبێـتەوە... شـەهیدێکی زینـدوو، زینـدوویەکی شەهید... بەڵام بۆتە قارەمانێکی ڕاستەقینەی ئازا و شیاوترو سەربەرز و ئینسانیتر... لە هەموو قارەمـانە ڕاستەقینە و ئەفسانەکانی نەتەوەکانی جیهان کە بوونەتە سیمبولی لێهـاتووی نەتەوەی خۆیـان و جیهـان. ئەمرۆکە هەموو ئەو بـوونەوەر دوو پێیەی کە ناوی ئینسانی لەسەرە چ مردوو و نووستوو و چ زیندووی ئەم جیهانە دەزانن شەهیدەکان هەر هەمـان کەس و هی هەمان نیشتمانن و بکوژەکەش هەر هەمان بکوژە!

**شیوەسەڵی**؛ تۆ! ئازای ئازایان ئێرەییت پێ دەبەن، ئەوەنـدە شـەهید بـووی شـەهادەت شـەرمەزارتە. ئەوەنـدەت ئـازار کێشـاوە ئازاریشت بەزاندوە و لە دەستت بێزارە. تۆ هەر زیندووی، هەر ماوی و هەر دەمێنێ...

**ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

## مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی)




**شۆڕش ئەسەدزادە**

ئەوکات کە ئەو ڕووداوە لە بنکەی هێزی گیاڕەنگ ڕوویدا، من لەوێ نەبووم چونکە تازە ژیانی هاوبەشم پێک هێنابوو لە شاری سلیمانی بووم. بەڵام پێشمەرگەی بنکەی هێزی گیاڕەنگ بووم، مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیاڕەنگ بوو. بەڕێزی هەتا بڵێی و دڵت بخوازێ کەسێکی دیموکرات و سادق و ڕەشیدو بەوەفاو دلێرو ڕۆح سووک و خۆشەویستی هەموو کادرو پێشمەرگەکانی هێزو خەڵکی ناوچەکە بوو. کەمترجار هەڵدەکەووت بۆ عەمەلیاتەکان لەگەڵ نەبوایە هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی سەنگەرەکان بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان. فەرماندەیەکی بە تواناو بە بەرنامەو بوێرو لە خۆبوردوو بوو، من ماوەی چەند ساڵێک لەخزمەتیدا بووم، دەزانم کەسایەتی مامۆستا چەندە ڕیشەدار بوو لەناو خەڵکی ناوچەکەداو لەناو هەموو کادرو پێشمەرگەکاندا. دوژمن هیچ کاتێک لەباری سەربازیەوە نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەم فەرماندە قارەمانە بێتەوە زۆرجار پیلانی تیرۆری ئەم فەرماندەیان دارشت و بەڵام هەرگیز سەرکەووتوو

نەبوون، دوژمن مەبەستی بوو لەناوی بەرێ چونکە تەنگی بەهێزەکانی دوژمن هەڵچنیبوو لە ناوچەی سەردەشت. بۆیە سەرئەنجام ئیتلاعاتی ڕژێم کە خەبەری هەبوو کاک حەسەن چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو کە کتێبی (ددان چەرموو) یان (سپید دندان)ی بۆ بکڕن و بۆی بێنن. دوژمن لەم فرسەتە کەڵکی وەرگرتبوو هێنابوویان کتێبەکەیان هەڵکۆڵیبوو ناوەکەیان پڕ کردبوو لە مەوادی تەقینەوە بە شێوەی شێلان و پەستراو هەتا لەکاتی تەقینەوەدا ئەوپەڕی وێرانکاری بکات. بۆ ئەم مەبەستە دوژمن ٢ کەسی دیاری کردبوو بە شێوەیەکی فێرکراوو و تەعلیم دراو هەتا هیچ شک و گومانێک نەمێنێ، ئەم کەسانە بریتی بوون لە(سەمەد کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی) کتێبەکە لەگەڵ خۆیان دێنن و تەحویلی کاک حەسەن دەدەن. کاتێک کتێبەکە دەکاتەوە لە باوەشیدا دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەردوو چاوەکانی و هەردوو دەستی. کارەساتەکە زۆر دڵتەزێن و سامناک بوو دوژمن توانی زەربەی خۆی بوەشێنی لە حزبی دیموکرات بە گشتی و لە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی بەتایبەتی. هەتا ئێرە زۆر ئاساییەو ئێمە لەشەڕداین لەگەڵ دوژمن لەشەڕیشدا شیرینی نابەخشنەوە، من پێموایە هەرچەندە زەرەرێکی گەورەیان لێداین بەڵام مامۆستا پێشتر لەشەڕەکاندا لەگەڵ دوژمن بە دەیان جار زیاتر تۆڵەی خۆی لە دوژمن کردۆتەوە، بەڵام دیسان سەرمایەیەکی وەکو مامۆستا کەم نەبوو بۆ حزبی دیموکرات وخەڵک یەکجار گرنگ و بە نرخ بوو٠ بەم شێوەیە ٣٠ دانە ساڵە مامۆستا بەدەم ئەم هەموو ئازارەوە دەناڵێنێ٠ بە قەولی خۆی دەفەرمووێ ژانی من (ڕەشە ژانە). هەرچەندە لێرەدا من کارم بە ٢ باڵەکەی دیموکرات نیە باسەکەی من با نەبێتە ئەم باڵ و ئەو باڵ لەسەر یەک مەبەستم هەموو بەرپرسانی حزبی دیموکراتە لە ڕادەی سەرەوەدا ئەوانەی کە قسەیان دەڕوات و دەتوانن بڕیار بدەن. دەمەوێ لە هەموویان بپرسم و بە نەوەکانی داهاتووی بسپێرم، سبەینێ منداڵەکانی ئێستا گەورە دەبن و دەپرسنەوەو بۆیان پرسیارە کە بۆچی لەکات و ساتی خۆیداو لەم هەموو کاتەی کەبەدەستەوە بوو نەتانتوانی پەروەندەی شەهیدان دکتورەکان و ڕێبەرەکانمان (قاسملوو - شەرەفکەندی) و شەهیدی زیندوو (حەسەن شیوەسەڵی) هەمیشە زیندوو ڕابگرن؟؟ ئایا نەدەکرا لەسەر شەهیدی زیندوو مامۆستا کە بۆخۆی هێشتا لە ژیاندا ماوەو نەفەسی کۆڵە مەرگی دەکێشێ و سیستمی بەدەنی بێ دەست و بێ چاوی ئەو گەورەترین و زیندووترین شاهیدە بۆ مەحکوم کردنی کۆماری سێدارەو تیرۆریستی ئیسلامی ئێران لە هەموو دادگاکانی ناو ووڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا، هەتا ڕێبەرانی تیرۆریستی ئێرانی پێ بێنە ناو دادگاکانی ئەوروپا؟؟؟ بەداخەوە ئێستا دەبوو ئێمە ئەم تیرۆرە بکەینە مەشخەڵی ڕێگای سزادانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو جیهان دا. دەبوو تیرۆری مامۆستا لە ڕیزی تیرۆری ڕێبەراندا بوایە. من داوا لەهەموو تازە پێگەیشتووەکان و لاوان و کیژو کوڕانی کوردستان دەکەم هەرگیز پشت گوێ خستنی ئەم پەروەندانەی شەهیدانی ڕێبەرو شەهیدانی زیندوو لەبیر نەکەن و ڕێبەرانی ئێستاو ئەوسا بێنە بەر پرسیارو لێیان بکۆڵنەوە و بڵێن ماوەی چەند دەیە دانیشتن لە باشووری کوردستان بۆچی کۆماری ئیسلامیتان هەڵنەسوڕاند لە دەرەوەی ووڵات و نەتانکیشانە ناو دادگاکانی ئەوروپا.؟؟؟ کاک حەسەن شیوەسەڵی ئێستاش وەکوو فەرماندە هێزی خۆمی دەبینم و هەمیشە خۆم بە وەفادارو

پێشمەرگەیەکی ئەو زاتە گەورەیە دەزانم.


پێویستە بڵێم کاتی تەقینەوەکە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی = ٧ی دێسەمبەری ١٩٨٧ی زایینی بوو لە بنکەی هێزی گیارەنگ ڕوویدا. هەروەها هەردوو خائین و خۆفرۆشەکان لەلایەن حزبەوە بەسزای خۆیان گەیشتن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# شەهیدی زیندوومان مانای ژیانی شۆڕشگێڕانە بە میللەت دەبەخشێت



**کوردستان میدیا**: مامۆستا مەلا "حەسەن شیوەسەڵی" شەهیدی زیندووی نەتەوەکەمان بە ئیرادەتر لە ڕابردوو بۆ داهاتوو بانگی ئازادی و بوێری بە گوێ پێشمەرگەکانی کوردستاندا دەخوێنێت.

٣٠ ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی خووگرتوو بە تێرۆریزم و جەنایەت وەک هەمیشە دەستی تاوان بۆ کوردستان درێژ دەکات و ڕۆڵەکانی دەکاتە ئامانجی گڵاوی، بەڵام بێخەبەر لەوەیکە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە، پشتیان لە چیاکانە و دوندی چیاکانیش بۆ خۆ شاردنەوە نابێت، بۆیە هەر دەم موژدەی ئازادی و خۆڕاگری بۆ نەتەوەیەکان بە دیاری دێنن.

٣٠ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی، دوو تێرۆریستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوەکانی "سەمەد کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی" بە هێنانی کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بە ناوی "دان چەرموو"، لە نووسینی (جاک لەندەن)، کە درا بەدەستی خەباتگێڕی ناسراو مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی بەهێزی "گیارەنگ" و لە ئاکامی تەقینەوەی ئەو بۆمبەدا بە داخەوە مامۆستا هەردووک بینایی چاوەکانی و هەردوو دەستی لە دەست داو بەشێکی زۆر لە جەستەی پۆلاینی زامی هەڵگرت.

کردەوەیەکی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەریخست کە ئەو ڕێژیمە هەتا چ ڕادەیەک دژ بە گەل و ویستەکانی نەتەوەی کوردە. ئەوەیکە دوژمن بۆچی کاک مەلا حەسەنی هەڵبژارد و ئەو پیلانە دژی ئەنجام دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستا کەسایەتیەکی خۆشەویست، ناسراو و فەرماندەیەکی نیزامی زۆر ناسراوی حیزبی دێموکرات بوو کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چالاکی بووەو بەتایبەت لە ناوچەی سەردەشت کۆماری ئیسلامی لە دەستی وەزاڵە هاتبوو.

کاک حەسەن مامۆستا و فەرماندەی سەرجەم فەرماندەکانی حیزب بوو، ئەو گەلاڵە داڕێژ و شارەزای زۆربەی شاخ و دۆڵەکانی کوردستانەکەی بوو و سەدان حەماسەی قارەمانانەی لە شەڕ دژی داگیرکەرانی کوردستاندا تۆمار کردبوو.

لەوەش زیاتر، مامۆستا لە باری سیاسیی کەسێکی زیرەک وبە ئەزموون و قارەمانی سیاچاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و هەروەها ئاگاداری پیوەندی زۆر تایبەتی حیزب و هێزە سیاسیەکانیتری کوردستان بوو.لە ناو ڕێبەری حیزبیش دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ناو و ناوبانگی مامۆستا بۆ دۆست و دوژمن ناوێکی ناسراوو دیار بوو.

ڕاستە دوژمن توانی بەو جینایەتەی زامێکی قووڵ لە جەستەی حیزب و لە دەروونی مامۆستا شیوەسەڵی بکا، بەڵام مامۆستا بەچۆکدا نەهات، وەکوو کێوی ئیمان و بڕوا، وەک چیا سەرکەشەکانی کوردستان مایەوە. ئیستاش هۆش و زەکاوەت و توانای مامۆستا کەم وێنەیە و ئارشیوێکی دەوڵەمەندی لە مێشک و سینگی دا هەڵگرتووە زۆر شتی نەوتراو و نەنووسرا و نەبیستراوی لای مامۆستا هەیە کە کاتی بلاوکردنەوەی نەهاتووە.ئێستاش مامۆستا وەکوو سیمایەکی زۆر ناسراو و دیار حیسابی لە سەر دەکرێ.

ئاخر ئەو هاورێ و یادگارو جێی متمانەی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو بوو. بیروباوەری نەگۆڕ و چەسپاوی دێموکراتی لە مێشک و دڵ و دەمارەکانی لەشی دایە و بۆ هەمیشەش وەکوو سیمبول و هێمای بەرخۆدان چاوی لێ دەکرێ و ئەو جینایەتەی


بەرامبەری کرا لە یاد ناکرێ.

مامۆستا مەلا حەسەن شێوەسەڵی لە کۆنگرەکانی ١٣، ١٤ و ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ڕێزگرتن لە خەبات و قارەمانییەتی دۆستی بە ئەمەگی دوکتور قاسملووی شەهید وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات هەڵبژێردراوە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

لە ساڵڕۆژی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا وێڕای سەری ڕێز و حورمەت دانەواندن بۆ مامۆستای دلێر و قارەمانی گەلەکەمان، پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## ژان بۆ ڕەشە ژان



مەلا برایم مەجیدپوور

کاتێک گوێم لەدەنگی قارەمانی گەڵ کاک مەلا حەسەنی شێوەسەڵی بوو سەراپای لەشم لەرزی، واقم وڕماو دڵم تەزی، ویشک بوم و دەتکوت بزمارکوت کراوم، جوڵەم لێ بڕا بوو هەموو ئەندامی لەشم ببونە گوێ و بەتێکڕا سرنجی وتە پڕ ماناو ناوەرۆکەکانیم دەدا، هوشم لە خۆشم نەمابوو.

لە پڕ تەلەفونەکەم زنگی لێدا، ڕایچڵەکاندم. دۆستێکم بوو بەگریانەوە کوتێ: کاک مەلا برایم گوێت لێیە کاک مەلا حەسەن چەندە بەناڕەحەتی و خەمباری باسی بەسەرهاتەکەی خۆی دەکا؟ قەت لەو باوەڕە دانەبوم ئەو چیا سەختە ئاوا ڕوخابێ. کوتم برای ئازیزم سوپاس کە لەو کاتەدا بەسەرت کردومەوە، وامدەزانی لەبیرت چومەوە. براکەم هەستو سۆزەکەت جێگای ڕێزەو دەشزانم چەندە لەکوڵیو چ ئازارێک لە دەرونتدا سەری هەڵداوە، بەڵام براکەم ئەو کەسەی وەک پڵینگی چیا سەخت و بەرزەکانی کوردستان بوو، هەڵمەتبەری پێشەوە بۆ سەر داگیر کەران بوو، نمونەی ئازایەتیو فەرماندەیەکی کارامەو لێزان بوو، ئەو کەسەی بە نەخشەو بوێری دوژمنی تاساندبوو، نەڕوخاوەو نەچەمیوە، ئێستاش دەگەڵ ئەو هەمو ئێشو ئازارانەی کە خۆی نەبێی کەس تواناى تەحەمولیانی نیە، بۆ چرکە ساتێکیش بێهیوایی ڕوی تێنەکردوەو وەرەی بەرنەداوە. لە هەمو ئەعزای لەشی تەنیا مێشکو بیری بەساغی ماوە، کە ئەوانیشی بەهێزەوە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

خزمەتی نیشتمانو گەڵ دەکاری هێناوە. بەو زمانە پاراوەو بەوگفتە شیرنو پڕناوەرۆکانە درێژەی بەخەباتەکەی داوە. ئەوەی لە قسەکانیدا ئیشارەی پێکردون دەر بڕینی ڕاستیە و لەقالبی گلەییدا وەدەری ناوە، دەربڕینو دەست نیشان کردنی کەمو کوڕیەکانی ناو خۆمانو باسی کەمتەرخەمی بەرپرسان و هاوڕێیان و نیشاندانی ئەمەگنەناسی هاوڕێو هاوکارو دۆستو ڕەفیقان لەو حاڵەتەی ئەوی تێدایە، ئەوە دەگەیێنێ کاک حەسەن لەو بوارەشدا هەر قارەمانەو بوێرانە پەنجە لەسەر کەمو کوڕیەکان دادەنێو پێمان دەڵێی: هەروا لەگۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلدا ماوەو کۆڵی نەداوەو بەچۆک دانەهێندراوە، من دڵنیام قسەکانی ویستی دڵی زۆرانە کە یان نەیاتوانیوە یان نەیان ویستوە دەریان ببڕن.

ئەو زانیاریە بەنرخانەی خستە بەر بیرو ڕای هاوسەنگەرانی و ئەوەش ئەوپەڕی ئەمەگناسیو دڵسۆزیە بۆ گەلوحیزبەکەی ووشیارکردنەوەی بەرپرسانە بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو قۆڵی لێهەماڵن و قەرەبوی نەکراوەکان بکەنەوە. دنیا لەوە تێبگەیێنن کە ئەو گەلە چەندە فیداکارو لەخۆ بردوو ئەو دوژمنەشیان چەندە جێنایەتکارو دورلە ئەخلاقی مرڤانەیە. من پێموایە بەکەم گرتنی ئەو هەمو قوربانیو فیداکاریانە تەنیا زیانی بۆ خۆمانو ویستی دوژمنانە. هاوڕێمان کاک مەلا حەسەن بەدەربڕینی ئەو ڕاستیانەو تەحەمولی ئەو هەمو ئێشوو ئازارانە سەلماندویەتی ئێستاش هەر فەرماندەیەکی قارەمانە.بەڕاستی دڵی منیشی وەژان خست بەو ڕەشەژانە.

من و مامۆستا هەتا ڕودانی ئەو کارەساتە لە نیزیک یەکتر کارمان دەکرد ئەو لە هێزی گیارەنگ و من لە بنەکەی سنور، بنکەیەکیان جیرانی ئێمە بوو. ئەوەی من تێمدا دەدیت و دەهاتە بەرچاوم جیا لەئازایەتی و لێزانیەکی تەواو لەبواری نیزامی دا، کەسێکی لیزانو بەتواناش بوو، لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بە مانای وشە خەڵکی و خاکی بوو، لەبەرانبەر مەعمورانی بەعسیدا ئەوەندە بەوقارو خاوەن کەسایەتی بوو وەک ژنراڵێکی کورد هەڵسوکەوتی دەگەڵ دەکردن و ئەوانیش پێیان دەکوت سەیدی. کاک مەلا حەسەن فەرماندەیەکی نیشتمان پەروەر، وردبین و وریاو ژیر هەر لەسەردەمی لاوەتیڕا تێکەڵاویی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانەوە هەبوە، ماندو نەناسێکی قاڵب و لە خەباتی کوردایەتیدایە. دەم بە پێکەنین و قسەخۆش و ڕاست بێژ بوو، هەیە. ئیمان بەڕەوایی داواکەی و شێلگیربون لە بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان، کوماری ئاخوندی کە لە گۆڕەپانی شەڕو بەرەنگاریدا لە حاند لێزانیو بوێریەکەی دامابوو، ڕویکردە نەخشەو فرتو فێڵە ترسنۆکانەو نامرۆڤانەکانی و بەهۆی دوو خۆفرۆشی کورد توانی پیلانەکەی دابەزێنێ و هەردوک دەستو هەردوک چاوەکانی لەو قارەمانە بستێنێ و زیان بەسەرتاپای ئەندامی لەشی بگەیێنێ. بەداخەوە ئێمەی کورد زۆرمان نەخۆشی حەسودی و یەکتر بەکەم زانین و ڕێز لێک نەگرتنمان هەیە. وەک پێویست بایخی پیاوە زاناو ئازاو لە خۆ بردوەکانمان نازانین و جێگەو پێگەی شیاویان بۆ دەست نیشان ناکەین. بەڕاشکاوی دەڵێم: ڕێبەرە شەهیدەکانی ئێمە ئەگەر کورد نەبان

هێچیان لە گاندیو ماندیلاو قارەمانی مەیدانەکانمان لە چیگوارا کەمتر نەبون. حیزبی دێمۆکڕات کە ڕێبەری خەباتی نەتەوایەتی گەل و خاوەنی کۆماری کوردستانە دەبوایە ئورگانێکی تایبەتی بۆ کردنە بەڵگەی مێژوویی و ناساندنیان بە ناوەندەکانی مافی مرۆڤو ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتوەکان پێک هێناباو کەسانی شیاوی بو ئەنجامدانی ئەو کارە و ناساندنی ئەو جینایەتانە دیاری کردبایە. ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات هەمزە یەکو، سمایلێک ۆ محممەدێک و ڕەحمانێک و سادقێکمان بە غەدرو خەیانەت بە شێوەیەک کە تەنیا لەدەسەڵاتدارانی ئێران بە پاشایەتی و ئاخوندیەوە دەوەشێتەوە تڕۆر کراون، حەسەنێکمان شەهیدی زیندوەو لە بەکەڵکترین ئەندامی لەشی مرۆڤ بێبەش کراوە. باشە داخوا جینایەتی لەوە گەورەترو نامرۆڤانەتر بەو شێوەیە لە کوێی دنیایە ڕویداوە؟ ئێمە نابێی تەنیا لەساڵڕۆژەکانیاندا یادیان بکەینەوەو قسەیان لەسەر بکەین، ئەوەیان ئیخۆمانەو بۆ خۆمانە، بەڵام مێژومان پێویستی بەبەڵگەیەک هەیە کە دنیاش پەسندی بکاو دانی پێدابێنێ هیوادارم ئەو ڕەشەژانە ڕامان چڵەکێنێ و قوڵمان پێهەڵکاو نەهێڵی بسرەوێن تا ئەوانەمان بەدینا پێنەناسێنی. ئەوانە بەڵگەو پشتیوانەی خەباتەکەمانن، هەقانیەتی ئێمەو جینایەتکاری دوژمنەکەمان دەسەلمێنن.

ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

# رووداوێکی دڵتەزێن



مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە کاتێک دا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە پێشوازی کۆنگرەی هەشتەمەوە دەچوون و لەو کاتەش دا دەست و پەنجەیان لە گەڵ گیروگرفتەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەیان نەرم دەکرد، خەبەری رووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی جەرگبڕ بە دەفتەری سیاسی گەیشت. رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە رابردوویەکی پڕ شوورەیی و شەرمی لە کردەوەی تێرۆریستی و دژی ئەخلاقی دا هەیە، جینایەتێکی دیکەی خوڵقاند بوو. رۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ بۆمبێکی بەهێز لە شکڵی کتێبێک دا بۆ تێکۆشەری بەناوبانگی کورد کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەری هێزی گیارەنگ لە ناوچەی سەردەشت دەنێرێ. کاتێک ناوبراو بێ خەیاڵ کتێبەکە دەکاتەوە بۆمب دەتەقێ و دینا لە بەر چاوی تاریک دەبێ.

دەفتەری سیاسی و لە سەرووی هەمووانەوە شەخسی دوکتور قاسملوو بە بیستنی ئەو خەبەرە دڵتەزێنە زۆر خەفەتبار بوون و

ئەوی دەکرا لە هەوڵ و تەقەلا بەکاریان هێنا بۆ ئەوەی خەسارەتەکە چەندی بکرێ کەمتر بێ. بەخۆشی یەوە هەوڵ و هیممەتی پزیشکەکان لە عێراق و ئۆرووپا کاک حەسەن لە مەترسیی مردن رزگار کرد. بەڵام بەداخەوە هەر دوو دەستی هەر لە کاتی تەقینەوەکە دا پەڕیبوون و دوایەش هەوڵ و تەقەلای پزیشکەکان نەی توانی رووناکایی بۆ چاوەکانی بگێڕێتەوە و چاوەکانیشی لە دەست دان.

کاک مەلا حەسەن کە تەواوی تەمەنی مێرمنداڵی و لاوێتیی خۆی لە ریزەکانی حیزب و لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کورد دا بەخت کردبوو، بە قارەمانەتی و ئازایەتی لە هەموو کوردستان دا ناوبانگی دەرکردبوو و هەر بۆیەش ببووە چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی، بەو رووداوە تاڵەش لە مەیدان دەرنەچوو. ئەو لە کۆنگرەکانی ٨ و ٩ی حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵ بژێرایەوە و خەباتی سیاسیی خۆی درێژە پێ دا. لە کۆنگرەی دەیەم دا خۆی کاندیدا نەکردوە. بەڵام هەروا لە ریزی تێکۆشەرانی دڵسۆزی حیزب دا ماوتەوە و دیسانیش یەکێک لە خەباتگێڕانی رێگای ئامانجە پیرۆزەکانیەتی.


شتێک کە حەز دەکەم لێرە دا تۆماری بکەم ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات زیانی لە دەست چوونی فەرماندەرێکی کارامەی وەک حەسەن شیوەسەڵی پێ گەیشت، بەڵام بە داخەوە نەی توانی بەوەخت ئەو جینایەتە پڕ شوورەیی یە لە قاو بدا و لە باری تەبلیغاتی یەوە وەک زیندووترین بەڵگە بۆ ریسوا کردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کەلکی لێ وەرگرێ. بەڕاستی ئەو رووداوە لە هێندی رێکخراوی دیکە دا قەومابایە وەک پۆپ لە سەرتاسەری جیهان دا دەتەقیەوە و بۆ چەند رۆژ یەکەمین خەبەری راگەیەنە گشتی یەکان دەبوو.

سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان بەرگی دووهەم نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٩هەمین ساڵرۆژی تێرۆری مامۆستا حەسەن شیوەسەلی.



**حوسێن نازدار**

**٢٩سال لەمەوە بەرلە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦دا، رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بە ناوی "سپید دندان" بۆ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی،**

**ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەنێرێ کە بە داخەوە لە دستیدا دەتەقێتەوە و لە ئەنجامی ئەو تێرۆرە دا مامۆستا حەسەن هەر دوو دەست و چاوەکانی و هەستی بۆن کردن، لە دەست دەدا. هەروەها هەشت ددان و بیسایی گوێیەکانیشی تا رادەی ١٠٠% و ٢٥% لەدەست دەدا و سینگی بە تەواوی دەسوتێ و تووشی نەخۆشی تینیتووس دێت. بە شاهیدی کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان؛ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، مرۆڤێکی ئازادیخواز، نیشتیمان پەروەر، دێموکرات و شۆڕشگێر بوو. رووناکبیرێکی بیرکراوە، تیژبیرو وریا و ژیر بوو. رەخنەگرێکی بنیاتنەرو ڕاهێنەرێکی داهێنەر بوو. سیاسەتوانێکی واقێعبین، دووربین، بە هومێد و باوەڕ پێکراو بوو. مودیرێکی بە بەرنامە، بە ئەزموون، دڵسۆز بە مشوور، پڕ کار و چالاک بوو. فەرماندەیەکی لێوەشاوە، شارەزا، بە توانا، ئازاو فیداکار بوو. پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین، خاوەن ڕەوشت و ئاکار و کردەوەی دێموکراتی بوو. کادرێکی ڕاستگۆ، رووخۆش، خۆش**

مەشرەف و خاکی و خەڵکی بوو.

هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە بوون کە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵیان کرد بە خۆشەویست و جێی متمانە و هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە فەرماندەیی و ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانەتی کەم وێنەی حەسەن شیوەسەڵی لە شەڕی جەبهەیی دوورودرێژ و شەری پارتیزانی لە ناوەند و باکوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی بەکرێگیراوانی رێژیمی ئیسلامی ئیران، ببوو بە باس و وێردی سەر زمانی خەڵکی کوردستان و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیەکی زۆری بۆ دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئیسلامی ئیران دروست کرد بوو هەر بۆیە پیلانی تیرۆر کردنی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵیان جێبەجێ کرد.

تیرۆر کردنی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی زەبرێکی کاریگەر و شوێندانەر بوو کە بە جەستەی حیزبی دێموکرات کەوت و بۆ بزووتنەوەی میللی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانیش خەسارێکی گەورە بوو. ئەم تیرۆرە لە لایەک بوو بە مایەی خەموو پەژارەی خەلکی کوردستان و دۆستانی گەلی کورد و لە لایەکی دیکەوە رق و قینی شۆڕشگیرانەی رۆڵەکانی گەلی کوردی بەرامبەر بە رێژیمی ئیسلامی ئیران زیاتر لە پێشوو بزواند و لەسەر درێژدانی خەبات و رێبازی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی شێلگیرتری کردن.

رێژیمی ئیسلامی ئیران پێی وابوو بەم تیرۆرە مامۆستا حەسەن دەکوژێ و حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان سارد دەبنەوە، بەڵام پاش تێپەر بوونی ٢٩ ساڵ بەسەر ئەم تیرۆرەدا، مامۆستا حەسەن شیوەسەلی بەردەوام و بێحەسانەوە و پسانەوە بە شیوازی سیاسی و تەشکیلاتی و دیپلۆماسی لە دژی رێژیمی ئیسلامی ئیران خەبات دەکات و حیزبی دیمۆکرات و بیرو رێباز و ئامانجی شیوەسەڵی بەردەوام لە بەرەو پێشچوون و گەشە و درەوشانەوە دان و قوتابیانی شێوەسەڵی ئاڵای پڕ لەشانازی ئەویان بە شەکاوەیی ڕاگرتووە و بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد دڵسۆزانە و سەر بەرزانە و و شیلگیرانە خەبات دەکەن.

**تێبینی ١:** ئەو خۆفرۆشانەی کە ئەو تێرۆرەیان جێبەجێ کرد ٢ کەس بوون: ١- حەسەنی رەمەزانی و ٢- سەمەدی مەلا حەسەنی کاژێی ناوچەی سەردەشت، کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانەوە گیران و بەسەزای تاوانی خۆیان گەیشتن.

**تێبینی ٢:** پێویستە ئاماژە بە ئەوە بکەم کە دادە کلسووم (هاوسەری مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی) نەخش و رۆڵی گرینگ بووە لە پاراستن و بەردەوامی ژیان و زیندوو مانەوەی مامۆستا حەسەن، بەم بۆنەوە سپاس و رێز و ئەمەگداری خۆم ئاراستەی دادە کلسووم دەکەم و لە ئاست لە خۆبوردویی و دڵسۆزی و فیداکاری ئەم خۆشکە گەورە و بەرێزە سەری رێزو نەوازش دادەنوێنم، هیوادارم لەگەڵ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی تەندروست و تەمەن درێژو و شاد و سەر فرازبن.

رێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٥ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# لە بیرەوەری تێرۆری ناجوامێرانەی سەرکردەیەکی جوامێردا!



**کەریم فەرخەپوور**

ڕۆژ ١٦ی سەرماوەزە،"جەک لەندەن" لە ژێر حەبای ئاخوندەکانی "تاران" دا، بە کەڵبە گڕەکانیەوە هەڵگری پەیامی مەرگە و تینووی خوێنی قارەمانێکی کوردە، ئەو قارەمانەش کەس نیە بێجگە لە مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" تێکۆشەر و خەباتگێڕی سەرسەختی ڕێگەی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری.

چ کارەساتێکی سامناک روویدا، چ هەواڵێکی شوم و خەمهێنەر، کارەساتێک کە چەند ساڵێکە بۆتە خەمی ئازادیخوازانی کورد و غەیرە کورد.

مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" لە خانوە قوڕینەیەکی گوندێکی هەژارنشینی کوردستان، لە باوەشی دایکێکی رووسووری کورددا پێگەیشت و بە پشتیوانی باوکێکی وەرزێر و دەست قەڵشیو رەوانەی حوجرەی مزگەوت کرا، ئەو کات حوجرە مەکۆی شۆڕش و قوتابخانەی کوردایەتی بوو، کاک حەسەن شیوەسەڵی هەر لەویٚ فیری ئەلف و بێی سیاسەت و نیشتیمانپەروەری بوو و دڵ و مێشکی بە چرای زانست رووناک بۆوە. دوای حوجرە ڕاپێچی بەندیخانە کرا و لەویٚ لەژێر ئەشکەنجە و زەبر و زەنگی "ساواک" دا فێری وانەی خۆڕاگری و نەبەزین بوو و هەر لەوێوە ڕێگەی چیای گرتەبەر و بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازا، بوو

بە فەرماندەیەکی لێهاتوو، بوو بە مامۆستا و سیاسەتوان، بوو بە پیاوێکی ناودار و بە ناوبانگ، بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و جێگەی هیوا و ئومێدی هەژارەکان، بوو بە چقڵی چاوی دوژمن، بوو بە ڕەمزی فیداکاری و ڕزگاریدەری نیشتیمانێکی داگیرکراو.

گەورەیی و عەزەمەتی ئەو زاتە شۆڕشگێڕەی کورد تەنیا لای ئەوانەیە کە هاوبەند و هاوخەباتی بوون یا لە نزیکەوە ناسیویانە و دۆست و هاوڕێ و هاوبیری بوون. من شانازیی ئەوەم هەیە کە ماوەیەک تا کاتی برینداربوونی وەک پارێزەر و پاسەوان و باوەڕپێکراو لە پەلی فەرماندەیی و شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت لە خزمەتی دابم هەر بۆیە هەمیشە لە دڵمدایە و لە حاست گەورەیی ئەو مامۆستایەم سەری ڕێز دادەنوێنم. سەردانواندن لە حاست ڕێبەرێک کە قوتابخانەیەک بوو بۆ فێر بوون، کێوێک لە خۆڕاگری، پیاوێک سەرتاپا ئازایەتی، پێشمەرگەیەک تا سەر ئێسقان بیر و باوەڕ، مەلایەک لە نیشتیمانپەروەری،زانایەک لە مەیدانی سیاسەتدا،کتێبێک لە شێعری هەمە جۆر، لە جوان چاکیدا خەونی سەدان کیژی شۆخ وشەنگ، دنیایەک بیرەوەری تاڵ و شیرین، سەنگەرێکی لە گیران نەهاتوو، هەمیشە دەم بە خەندە،ڕەنگێک لە ڕەنگە جوانەکانی "گیارەنگ"، هاوڕێ و هاوڕێبازی ئاوارە و قوتابییەکی بە ئەمەگی قوتابخانەی پێشەوای مەزن و یار و یاوەرو هیوا و ئومێدی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر.

ئای لە دەست ئەم ساتە وەختانەی کە ویژدان دەخەوێ، کورد دەبێتە داردەستی داگیرکەر و برای خۆی دەکاتە قوربانیی مادده و خەیاڵ و ئارەزوو . ئەو ڕۆژەی کە دوژمنی داخ لە دڵ خەونی پێوە دەدی هاتە دی، "حەسەن شیوەسەڵی" کەوتە نێو تەنووری باڕوت و ئاگری ساددەیی و دڵپاکی و خۆشباوەڕی، هاوسەنگەرانی سەرتاپا بوونە خەم و بۆ هەژاران بوو بە فرمیسک و داخ و حەسرەت.

مامۆستا ئازیز، لە سایەی ڕابردووی پڕ لە شانازیت، ئەمڕۆ پەنجەکانت بوونەتە پێنووسی دەستی مناڵانی هەژاری گوند و سەرجەم خوێنداکارانی نیشتیمانی داگیرکراو و وانەی فیداکاری نەبەزینیان پێ دەنووسنەوە، سۆمای چاوە لە دەست چووەکانت بوونەتە چرای ڕێی تێکۆشانی خەباتکارانی ڕێی ئازادی، بوونە ئەستێرەی هیوا بەخشی ئاسمانی تار و خامۆشی نیشتیمان، بیر و هزرت بیر و هزری هەموومانە و ئاواتەکانت خەون و ئاواتمانە.

غرووری کوردانە وپێشمەرگانەت بە پانتایی پێدەشتەکانی کوردستانە بەڵام لە پەنا دەستت شێرە ژنێک هاوبەشی بەشێکی بەرچاوی شانازیەکانتە، هاوڕازێک کە هاوتا و نموونەی دەگمەنە، دایکێک سەرتاپا سۆز و فیداکاری، فریشتەیەک تەمەنێک

لە هاوکاری و خۆشەویستی بۆ تێکۆشەرێکی ناوداری کورد، خاتوو "کلسووم" و بیر و هزری نیشتیمانپەروەرانەی. چەپکێک گوڵی رەنگاو رەنگ، میداڵێک لە ئیفتیخار و شانازی پێشکەشە بەو شاژنەی کورد.

مامۆستا گیان، هەموو ژیانت لە رێی کورد و دیموکراتدا سەختی و سەرفرازی و نەهامەتی بوو، گەلێک شانازیت بۆ کورد تۆمار
کرد و لە پێناویدا بە شەهیدی زیندوو ناو دەبرێی. ساڵوەگەڕی بریندار بوونی جەنابت هاوکاتە لە گەڵ ساڵوەگەڕی کارەساتی لێکترازانی ریزەکانی حیزب، کتێبی شانازیەکانی حەسەن شیوەسەڵی بۆ کۆتایی لاپەرەکانی ئەم وەرزەی ژیانت پێویستی بە تۆمار کردنی شانازی و شاکارێکی دیکە هەیە. هەر وەک جاران تۆ مامۆستا و ئێمەش قوتابی،

هەر وەک جاران تۆ مامۆستا و من" کوڕە چکۆڵە". چەند ساڵێکە بە دەست مەسەلەیەکی ماتماتیکەوە گیرمان خواردووە، پرسیارم لە زۆر عالم و زانا کرد، لە دەرگای زۆر کەسم دا، لە بەر زۆر کەس پاڕامەوە و دەستی زۆر کەسم ماچ کرد، کەس نەیتوانی حەلی بکات و هەموویان لە حاستی دا داماون. دایکی پێشمەرگەیەکی شەهید لە زمان ئاوارەی شەهیدەوە ئادرەسی تۆی پێدام و دەڵێ "تەنیا کەسێک کە بتوانێ ئەم مەسەیە حەل بکات مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" یە"، هەر بۆیە دەستەو داوێنی جەنابت بووم، کلیلی ئەم گرێ پووچکەیە هەر جەنابتی، مێژوو و ڕابردوو بە خوای ویژدان بسپێرە، دەزانم چەندە دڵ پڕی لە ژیان و چارەنووس و بە سەرهات و رووداوەکان، منیش دڵم پڕە لە زوخاو، گوێچکەکانم لە دەست داون هێندەی گوێم لە وشەی " بە سەرچاو، با بزانم چیم پێدەکرێ، ئەوە خەریکم، خەمت نەبێ، پەلە مەکە، جێبەجی دەبێ، جا من چکارەم،، زەمانی دەوێ، ئیشاڵڵا خێر دەبێ و زۆر شتی تر کە لە بیستنی ئەم وشانە بێزارم.

بیکە بە خاتری سەداقەت و فیداکاریت، لە بەر خاتری دایکی ئەو هەموو شەهیدانەی کە ڕۆڵەکانیان بە فەرمانی جەنابت بوونەتە گرکانی قەڵای دوژمن، بە خاتری ئەوانەی کە لە سەنگەری بەندیخانە، مەکتەبی فیداکاری جەنابت، چاوڕێی گزینگی خۆری ئازادین، بە خاتری ئەو هەموو گەنج و لاوانەی کە لە رێگەی پیرۆزی دێموکرات دا و لە سەنگەری پێشمەرگانەی بەرێزتان دا ئامادەی گیان بەخت کردنن. دوور لە فیزیک و شیمیا و فەلسەفە، بە پێچەوانەی عیلمی ماتماتیک، بفەرموو (١+١) چۆن دەبێتەوە "یەک"؟ نابێتە دوو، مێشکم پڕە لە دوو، بێزارم لەو هەموو دوو دووە، بێزارم لە بەڵێنی فریودەرانەی ئەو سیاسیانەی کە بە شێت و نەزانمان دەزانن. من وڵامی "یەک"م گەرەکە.

لە کۆتایی دا وێڕای رێز و خۆشەویستیم، سەد مخابن دەستت نییە تا دەستت ماچ کەم بەڵام تکایە با دەستی کەسیتر ماچ

نەکەم، چاوەڕێی هەوڵ و هیممەتی جەنابتین. هیوادارم ببیە فریشتەی نەجاتی حیزب و ئەهریمەنی دووبەرەکی لە گۆڕ بنێی.

سەرفرازیت ئاواتمە.

قوتابیت "کەریم فەرخەپوور"

١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---

## بیست و حەوت ساڵ بە سەر تیرۆری مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی دا دەرباس بوو



بە دۆست دووژمنەوە لە سەر ئەو ڕاستییە کۆکن کە گەلی ئیمە لە پێناوی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسیندا لە ڕادە بەدەر سەخاوەتمەند بووە و لە پێناوی سەروەری نەتەوەیی و نا گووتن بەداگیرکاریش دا سابیت قەدەم و لە بەخشینی سەرو ماڵیش دا هەرگیز دوودڵ نەبووە. هەر لەو پێناوەشدا. قەتلی عامی گشتی و تەنانەت بە جینووسایت کردنیشی بۆ بەڕەوا زانراوە. هەر لەو سۆنگەشەوە کێ هەیە نەزانی کە گەڵی ئێمە بە ناعیلاجی و لە فۆڕم و شکڵی بەرگری ڕەوا دا مەجبوور کراوە کە دەیان هەزار ڕۆڵەی بە ئەمەگ و سەدان سەر کردەو سەرداری هەڵکەوتووی لە مەیدانی شەڕی مان و نەمان دابێ و، لەو ڕێگایەش دا ئەوان لە بەختکردنی بەنرخترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیان بووە دریغیان نەکردوە. زور جاری واش هەبووە کە دوژمن لە بەرەکانی شەڕ دا زەربەو زەفەری بە ڕۆڵە هەڵکەوتوو بژاردەکانی بۆ نەڕخساوە، پەنای بۆ حیلەی شەیتانی بردوەو ترۆرو ڕەشەکووژی بە ڕەواو شەرحی بۆ خۆ بە ئامانج داناوە.

ئەوەندەی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە خۆمان بەچاو دیتوومانە، کاتێک دوژمن لە ئاست خۆڕاگری گەل و سەرکردەو پێشڕەوەکانی دا بەچۆک دا هاتوە و هەستی کردوە کە لە سەر دەستی ئەوان لە مەیدانی شەڕو وتووێژو دیپلۆماسەت دا مایە پووج دەرچووە و لمبۆزی لە خۆڵێ وەردراوە، باری ڕووبەڕوو بوونەوی لێ گۆڕیوین و لە هەموو ئامڕازو وەسیلەیەک، تەنانەت بێ گوێ دان بە هەرچی یاساو ڕێسایەک، ئەگەر چی خواو خەڵک پەسندیش نە بووبێ، هاتۆتە مەیدانێ و دەستی لێ نەپاراستووین.



سەرچاوە
Serchawe


کێ هەیە نەزانی کە لە کۆی دوژمنانی گەلی ئێمە دا جمهوری ئیسلامی ئێرانێ لە جەعل و تەزویر و کوشتارو ترۆر دا شەهادەی یەکەمی پێبڕاوە و، لەو ڕاستایەش دا بە کردەوەو بەڵگە سەلماندوویەتی کە سەر دەستەو پێشڕەوڵی هەمووی ئەوانە. بۆ ئیسپاتی ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بەسە کە ئیشارە بە ماجەرای غەمهێنەرو بەسەرهاتی  مامۆستای خۆشەویست کاک حەسەنی شیوەسەڵی بکەین و بیکەینە نموونەی ئەم ئیدیعایە. بۆیە لێرە دا حەز دەکەم وەبیر عەلاقەمەندان بێنمەوە ئەگەر خوازیاری بیستن و وەرگرتنی زانیارین لە پەیوەند لەگەڵ ئەو جنایەتە سامناکە دا، با سەردانی سایتی پێشمەرگەکان بکەن بۆ ئەوەی لە زمانی شەخسی مامۆستا مەلا حەسەنەوە کە بە دەنگی خۆی تۆمار کراوە نەتیجەی باشتر وەربگرن.

بۆیە لەو پەیوەندیە دا حەز دەکەم بڵێم کێ هەیە نەزانێ و ئەگەر هەشبێ، با لە زارو قەڵەمی ئێمەمانانی نیزیک و هاوکار لە گەڵ ماموستا شیوەسەڵی دا بزانن کە، لە ڕۆژگارێک دا دوژمن کەوتبۆ بۆسەوە و هەم ئێمە هەم بەرپرسیشیان لەو ڕاستیەیە باش ئاگادار بووین کە دوژمن سەد لە سەد نیازی خەراپە و هەموو هەوڵ و سەرمایەی ماددی و مەعنەویان کە لە مێژبوو لە شکل و فۆرمی دیکە دا لە گەڕ خرابوو نموونەو تەجرەبەکەشی لە دەست ئێمە دا هەبوو، ئەو ڕاستیەیەی یەک لا دەکردەوە کە دوژمن پێداگرە لە سەر ئیجرای پلانەکەی و لە دووی فرسەتی مووەکین دان، تا هەرچی زووتر هاوڕێی سەرکردە و فەرماندەی لێهاتووی ئێمە کاک حەسەنی شیوەسەڵی بخەنە ناو بازنەی تۆڕی ترۆری خۆیانەوە و لە بەینی بەرن.

لە سەر ئەو ئەساسەو لە ژێر ڕووناکایی ئەو زانیاریانەی کە لە ئاست چڕی و پڕی هەوڵەکانی ڕژێم بۆ پێکانی مەبەستەکەی لە دەست کومیتە شارستان و خودی هێزیش دا هەبوون، تەنها گووزینەیک کە بە باشتر و مووناسبترین دەزاندراو لە گەڵ هەڵومەرجی سەخت و دژواری ئەو کاتی هێزو کومیتەی شارستانیش دا دەگونجا، ئەوە بوو کە ئەوەندەی بکرێ و بلوێ با مامۆستا بە دوور بێ لە بەر چاوی گشتی و تەنانەت لە بەر چاوی پێشمەرگەش شاراوە بێت. بۆیە لە ڕابردوو دا و تەنانەت لە بەرەبەری ڕۆژانی پێش ڕوودانی جنایەتەکەش دا، تاکتیکی مامۆستا لە مەحوەتە حزووری نییە پەیڕەو کرابوو. ئەوە لە حاڵەتێک دا بوو کە مامۆستا بە دائیم سەر قاڵی ڕاپەڕاندنی واجبات و، شوێنی حەوانەوە و لێ بوونیشی بۆ من کەشف و شەو ڕۆژ دەیتوانی بە دوو شێوی بێسیمی و حزووری لە دەست ڕەس دابێ.

سەد حەیف و هەزار مخابن پلانی لە پێشدا داڕێژراوی دوژمن سەری گرتوو لە ڕێگای بۆمبڕێژ کردن و ناردنی کتێبێک کە

پێشتر مامۆستا خۆی بە یەکێک لە هەڵگرانی دا سەفارشی تایبەتی بۆ کردبوو، کرا بە ئامڕازی تڕۆرو هەر بەووەسیلەی شەخسی سەفارش کراوەوە دەگاتەوە دەستی مامۆستا و لە کاتی دەورو تەسلیم دا دەتەقێتەوەو بەو جۆرە کە وا ئێستا ئێمە تەئسیرات و کاردانەوەی ئەم خەیانەت کاریە، لە سیماو جەستەی بەڕێزیان دا وەکوو کە هەیە دەبینین.




بۆیە حەزم لێیە ئاکام و پوختەی مەبەستەکەم بە پێشنیبیارێکی گەلێک برایانە کۆتایی پێبێنم و بە عەرزی ئەو دۆست و هاوڕیانە بگەێنم کە لە کاتی هاتن و دابەزینیان بۆ ناو قەزیەیێکی وەها دا، با گۆچان بە دەست بین و ئەو جنایەتە سامناک و پلانە شوومە بە شتی لاوەکی و بێ بەڵگە ئاڵۆزو قەرەبالغ نەکەین. با ئەو هەورازو لێژەی کە چاڵ و قووڵەکانی بێ ئەژمارن ودەستکردی وەستا و ئەندازیاریە کانی بار هاتووی مەکتبی تڕۆرن تێیان نەکەوین. با بۆ جارێکیش بێ بریار بدەین جیهەتی دووکەڵی ڕەشی ئەو جنایەتەو هەموو ئەوانی دیکە بۆ بن لوت و چڕووچاوی عامیلانی هیدایەت بکەینەوەو و بە دیوەکەی خۆشمان دا بیانکەینە هەوێنی تەبایی و برایەتی. لە غەیری ئەوە دا بەرهەمەکەی بۆ ئێمە ئاو جوون و دووژمنیش براوە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٠

# مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی قارەمانی گەل



برایم جەهانگیری

لە دوای کارەساتی ترۆری دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی ئەو کارەساتەی بە هۆی ترۆریستەکانی ڕیژیمی فاشیستی مەسەبی ئیران بەرەورووی مامۆستا مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بۆوە لە ناخەوە هەژاندمی و ویرانی کردم. من بۆ ماوەیەکی کورت و لە نزیکەوە و لە شاری مەهاباد، لە پادگانی مەهاباد هاوکاری بووم، ئەو ماوەیە ئەگەرچی کورت بوو بەڵام شەو وڕۆژ پێکەوە بووین. دەزانم لە ئیمان و لە باوەڕ بە ئامانجەکانی کورد و حیزبەکەی، لە خۆڕاگری بەرامبەر بە هەموو پێشهاتەکان هیچ کێوێک تای ناکات. لە تەقینەوەی کتێبکدا کە ڕێژیم بە هۆی بەکرێگیراوانی خۆی ناردبووی، بەداخەوە مامۆستا هەردووک دەست و هەردووک چاو و توانایی بیستنی لە هەردووک گوێیان لەدەست دا، ئەو ترۆرە ئەگەرچی یەکێکە لە سەدان ترۆر و کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەڵام یەکێکە لەو هۆکارانەی کە سەرەڕای ئەوەی هەرگیز خوازیاری تۆڵەکردنەوە نیم و حەز بە تۆڵەکردنەوە ناکەم کەچی بەلێن بی تا مابم یەک چرکەش لە دژایەتی و هەوڵدان بۆ رووخانی ئەو ڕێژیمە فاشیستییە و بۆ بە سزا گەیاندنی تاوانباران درێغی ناکەم. ئارەزوومە ڕۆژێک دابی کە سەرانی ڕێژیم و بەرپرسە باڵاکانی ئەو سیستەمە وەحشی و مرۆڤکوژە لە دادگایەکی عادیلانەی گەلی دا محاکەمە بکرێن و بە سزای خەیانەت و جنایەتەکانیان بگەن.

مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی هەم قارەمانی گەڵ هەم بەڵگەیەکی زیندووی ترۆریست بوون و جنایەتکار بوونی ئەو

نیزامەیە. لە هەمان کات دا هەم مامۆستا و هەمیش دوژمنانی ماۆستا واتە رێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران دڵنیا بن رۆژی پاکانە حیساب درەنگ یا زوو دادێ و داگای گەڵ هەموو تاوانباران بە سزای خۆی دەگەیەنێ.

مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی بەڕێز، من وەک خۆم چم نییە لە ئاست گەورەییت دا، لە ئاست خۆڕاگریتدا بڵێم جگە لەوەی بۆ خەبات و خۆراگریت سەری کڕنۆش دانەوێنم.


تێبینی: کارەساتی ترۆری مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی بەر لە ترۆری دوکتور قاسملوو بووە و لێرەش دەگەڵ مەبەست لە پلەبەندی و گەورەیی و شوێندانەری ئەو ترۆرانەن لەسەر خۆم .

سەرچاوە: دیواری فیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## شیوەسەڵی، مرۆڤێک بۆ لێ فێربوون!



**ئاگری باڵەکی**

٢٦ ساڵ لەمەو پێش، دوژمن قورگی سەردەشتی سەر سەوزی گرتوو و ویستی بیخنکێنێ، بۆ ئەوەی ورەی پۆلاینی و ئازایەتی مرۆڤێک لەبەین بەرێ، تا کوڕ گەل هاتنە دەست دوژمن دەستی خۆی وەشاند، شیوەسەڵی لەو کاتەوە تا ئیستا وەک شەهید زیندوو لە نێو کۆڕی خەبات دایە، بە فکر و بە بیرکردنەوە و بەڵام بەداخەوە دوژمن دەستی خۆی وەشاند ئەوەی بەجەستە لە ئێمە دور کردووە، شیوەسەلی بە کوڕ گەلی گوتبوو کە، کوڕینە ئاگادار بن دوژمن لە هەل دەگەرێ، هەر بۆیە دەبێ هەمیشە ئێوە چەک لە مست و لەسەر هەست بن، لەو رۆژە بەولاوە کە دوژمن دەستی خۆی وەشاند شیوەسەڵی، مرۆڤە ورە پۆلاینەکە لای پێشمەرگە نەماوە، بەڵام بەدڵ لەگەڵیانە و بە جەستە نا.


حەسەنی شیوەسەلی نموونەی مرۆڤیکی ئازاو چاو نەترس و بوێر، مرۆڤێک کە زۆر پێش لە سەردەمی خۆی دەژیا، ئەو لەکاتی شەڕدا لە ریزی پێشەوە و لە کاتی رێبەریدا لە ترۆپکی سەرەوە بوو، لەگەڵ منداڵ منداڵ بوو و لەگەڵ گەورە گەورە بوو، ئەو تا بلێ مرۆڤێکی خاکی و خەڵکی بوو، بەگشتی خەڵک و پێشمەرگە خۆشیان دەویست، هەر کاتێک شیوەسەڵی لایان با باکیان نەبوو، لەهیچ، چونکە دەیانزانی هەر شوێنێک شیوەسەڵی لێبێت دوژمن خۆی لێ نادات.

ناوی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی لە ریزی تێکۆشەرانی رێی ئازادی و مەیدان دارانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ناوێکی تەواو ئاشنا و ناسراوە. هەرکەس مانای فیداکاری بزانێ و دەگەڵ ترس بێگانە بێ، شیوەسەڵی دەناسێ. هەرکەس

خەڵکی خۆش بویَ و لەرێی ئامانجەکانی گەل دا خۆی ماندوو بکا، شیوەسەڵی دەناسیَ. هەرکەس چەکی شانازی لەشان کردبیَ و هەوراز و لێژی کوردستانی بڕیبیَ، شیوەسەڵی دەناسیَ. هەر کەس پێشمەرگە بووبیَ، پێشمەرگە خۆشەویست بیَ،شیوەسەڵی دەناسیَ.

من وەک خۆم لەتەمەنێک کەم دا بووم کە دوژمن هەوڵی تیرۆری مامۆستا شیوەسەلیَ دا، بەڵام لە بیرمە کە پێشمەرگەکان هەموو نارەحەت و پەشۆکا بوون، من ئەو کات تەنها منداڵی ئەو شوێنە بووم کە بنکەکانی هێزی گیارەنگی لیَ بوو، من بەردەوام وەک مرۆڤێکی بچکۆلە لە نیو پێشمەرگەکاندا دەسوورامەوە پێم سەیر بوو دەبیَ چ قەومابیَ، بۆچی هەموویان وا پەشۆکاون، من نەم دەزانی دوژمن دەستی لە نێو دڵیان نابوو و ویست بووی دڵیان دەربهێنیَ، بەڵام سەرکەوتوو نەببوو،

بەڵام ئەم دڵە بۆهەتا هەتایە توانای رابردووی لەدەست دا.



کە گەورە بوو و فامم کردەوە ئەو کات زانیم ئەو رۆژە پێشمەرگەکان بۆ ئاوا بوون، بابم بۆی گێرامەوە کە چ بووە؟ چۆن

بووە؟ ئەوەندەی لە زاری شایەد و ئاگادارەکان دواتر بیستم ، بەو قەناعەتە گەیشتم کە دوژمن و نەیاران دەیانهەویست شیوەسەڵی لە مەیدان ببنە دەرەوە، بۆیە لە هەموو هەولێک سلیان نەکردۆتەوە، بۆم دەرکەوت کە بە نەبوونی شیوەسەلی کەلێنێک گەورە کەوتۆتە نێو لاشەی دێمۆکرات.

ئێمەی لاو دەبێ شیوەسەڵی بکەینە رەمزیک بۆ پێگەیشتن و بەردەوامی، دەبێ بیکەین بە نیشانەی و رەمزی بەرخۆدان و ئازایەتی، شیوەسەلی فێری کردین کە هیچ کات نابێ لە بەر دوژمن سەر سڵ دانوێنێ، هیچ کات وا مەکە کە دوژمن بزانێ کە بێ هێزی ، هەمیشە خۆت لە بە هێزی دا نیشان بدە.

لە ٢٦ ساڵەی هەوڵی تیرۆری مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، سەری رێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ فیداکاری و لە خۆ بردوویی ئەو مرۆڤە بەرزە. بەراستی مامۆستا شەهیدی زیندووی گەلەکەمانە، کە نەوەکانی هاتوو دەبێ شیوەسەلی ببێتە سەر مەشقی ژیانیان.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - رێکەوتی: ١١ کانونی یەکەم ٢٠١٣

---

## لە هەموو زرووفێکدا کاک حەسەنی شیوەسەڵی سەرکردە و مامۆستامانە.



حەسەن مینایی

بە دۆست دووژمنەوە لە سەر ئەو ڕاستییە کۆکن کە گەلی ئیمە لە پێناوی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسیندا لە ڕادە بەدەر سەخاوەتمەند بووە و لە پێناوی سەروەری نەتەوەیی و نا گووتن بەداگیرکاریش دا سابیت قەدەم و لە بەخشینی سەرو ماڵیش دا هەرگیز دوودڵ نەبووە. هەر لەو پێناوەشدا. قەتلی عامی گشتی و تەنانەت بە جینووسایت کردنیشی بۆ بەڕەوا زانراوە. هەر لەو سۆنگەشەوە کێ هەیە نەزانی کە گەڵی ئێمە بە ناعیللاجی و لە فۆڕم و شکڵی بەرگری ڕەوا دا مەجبوور کراوە کە دەیان هەزار ڕۆڵەی بە ئەمەگ و سەدان سەر کردەو سەرداری هەڵکەوتووی لە مەیدانی شەڕی مان و نەمان دابێ و، لەو ڕێگایەش دا ئەوان لە بەختکردنی بەنرخترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیان بووە دریغیان نەکردوە. زور جاری واش هەبووە کە دوژمن لە بەرەکانی شەڕ دا زەربەو زەفەری بە ڕۆڵە هەڵکەوتوو بژاردەکانی بۆ نەڕخساوە، پەنای بۆ حیلەی

شەیتانی بردوەو ترۆرو ڕەشەکووژی بە ڕەواو شەرحی بۆ خۆ بە ئامانج داناوە.

ئەوەنــدەی مێــژوو بۆمــان دەگێڕێتــەوە خۆمــان بــەچاو دیتوومانــە، کاتێــک دوژمــن لــە ئاســت خــۆڕاگری گــەل و ســەرکردەو پێشڕەوەکانی دا بەچۆک دا هاتوە و هەستی کردوە کە لە سەر دەستی ئەوان لە مەیدانی شەڕو وتــووێژو دیپلۆماسەت دا مایە پــووچ دەرچــووە و لمبــۆزی لــە خــۆڵێ وەردراوە، بــاری ڕووبــەڕوو بوونــەوی لــێ گۆڕیــوین و لــە هــەموو ئــامرازو وەسیلەیەک، تەنانەت بێ گوێ دان بە هەرچی یاساو ڕێسایەک، ئەگەر چی خواو خەڵک پەسندیش نە بووبێ، هاتۆتە مەیدانێ و دەستی لێ نەپاراستووین.

کێ هەیە نەزانی کە لە کۆی دوژمنانی گەلی ئێمە دا جمهوری ئیسلامی ئێرانێ لە جەعل و تــەزویر و کوشتارو تــرۆر دا شەهادەی یەکەمی پێبڕاوە و، لەو ڕاستایەش دا بە کردەوەو بەڵگە سەلماندوویەتی کە سەر دەستەو پێشقرەوڵی هەمووی ئەوانە. بۆ ئیسپاتی ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بەسە کە ئیشـارە بـە ماجەرای غەمهێنەرو بەسەرهاتی مامۆستای خۆشەویست کاک حەسەنی شیوەسەڵی بکەین و بیکەینە نموونەی ئەم ئیدیعایە. بۆیە لێرە دا حەز دەکەم وەبیـر عەلاقەمەنـدان بێنمەوە ئەگـەر خوازیـاری بیسـتن و وەرگرتنـی زانیـارین لـە پەیوەنـد لەگـەڵ ئـەو جنایەتـە سـاماکە دا، بـا سـەردانی سـایتی پێشمەرگەکان بکەن بۆ ئەوەی لە زمانی شەخسی مامۆستا مەلا حەسەنەوە کە بە دەنگی خۆی تۆمار کراوە نەتیجەی باشتر وەربگرن.

بۆیە لەو پەیوەندیە دا حەز دەکەم بڵێم کێ هەیە نەزانێ و ئەگەر هەشبێ، با لە زارو قەڵەمی ئێمەمانانی نیزیک و هاوکـار لـە گـەڵ ماموسـتا شیوەسـەڵی دا بـزانن کـە، لـە ڕۆژگارێـک دا دوژمـن کـەوتبۆ بۆسـەوە و هـەم ئێمـە هـەم بەرپرسیشـیان لـەو ڕاستیەیە باش ئاگادار بووین کە دوژمن سەد لە سەد نیازی خەراپە و هەموو هەوڵ و سەرمایەی ماددی و مەعنەویان کە لە مێژبوو لە شکل و فۆرمی دیکە دا لە گەڕ خرابوو نموونەو تەجرەبەکەشی لە دەست ئێمە دا هەبوو، ئەو ڕاستیەیەی یـەک لا دەکردەوە کە دوژمن پێداگرە لـە سەر ئیجرای پلانەکـەی و لـە دووی فرسـەتی مووەکین دان، تـا هـەرچی زووتـر هـاوڕێی سەرکردە و فەرماندەی لێهـاتووی ئێمە کـاک حەسـەنی شیوەسـەڵی بخەنـە نـاو بازنـەی تـۆڕی تـرۆری خۆیانـەوە و لـە بـەینی بەرن.

لـە سـەر ئـەو ئەساسـەو لـە ژێـر ڕووناکـایی ئـەو زانیاریانـەی کـە لـە ئاسـت چـڕی و پـڕی هەوڵـەکانی ڕژێـم بـۆ پێکـانی مەبەستەکـەی لـە دەسـت کومیتـە شارسـتان و خـودی هێـزیش دا هـەبوون، تـەنها گووزینـەیک کـە بـە باشـتر و مووناسبترین

دەزاندراو لە گەڵ هەڵومەرجی سەخت و دژواری ئەو کاتی هێزو کومیتەی شارستانیش دا دەگونجا، ئەوە بوو کە ئەوەندەی بکرێ و بلوێ با مامۆستا بە دوور بێ لە بەر چاوی گشتی و تەنانەت لە بەر چاوی پێشمەرگەش شاراوە بێت. بۆیە لە ڕابردوو دا و تەنانەت لە بەرەبەری رۆژانی پێش رووداني جنایەتەکەش دا، تاکتیکی مامۆستا لە مەحوەتە حزووری نییە پەیڕەو کرابوو. ئەوە لە حاڵەتێک دا بوو کە مامۆستا بە دائیم سەر قاڵی ڕاپەڕاندنی واجبات و، شوێنی حەوانەوە و لێ بوونیشی بۆ من کەشف و شەو ڕۆژ دەیتوانی بە دوو شێوی بێسیمی و حزووری لە دەست رەس دابێ.

سەد حەیف و هەزار مخابن پلانی لە پێشدا دا داڕێژراوی دوژمن سەری گرتوو لە ڕێگای بۆمبڕێژ کردن و ناردنی کتێبێک کە پێشتر مامۆستا خۆی بە یەکێک لە هەڵگرانی دا سەفارشی تایبەتی بۆ کردبوو، کرا بە ئامڕازی تڕۆرو هەر بەوەسیلەی شەخسی سەفارش کراوەوە دەگاتەوە دەستی مامۆستا و لە کاتی دەورو تەسلیم دا دەتەقێتەوەو بەو جۆرە کە وا ئێستا ئێمە تەئسیرات و کاردانەوەی ئەم خەیانەت کاریە، لە سیماو جەستەی بەڕێزیان دا وەکوو کە هەیە دەبینین.

بۆیە حەزم لێیە ئاکام و پوختەی مەبەستەکەم بە پێشنییارێکی گەلێک برایانە کۆتایی پێبێنم و بە عەرزی ئەو دۆست و هاوڕیانە بگەێنم کە لە کاتی هاتن و دابەزینیان بۆ ناو قەزیەیێکی وەها دا، با گۆچان بە دەست بین و ئەو جنایەتە سامناک و پلانە شوومە بە شتی لاوەکی و بێ بەڵگە ئاڵۆزو قەرەبالغ نەکەین. با ئەو هەورازو لێژەی کە چاڵ و قووڵەکانی بێ ئەژمارن ودەستکردی وەستا و ئەندازیاریە کانی بار هاتووی مەکتبی تڕۆرن تێیان نەکەوین. با بۆ جارێکیش بێ بریار بدەین جیهەتی دووکەڵی ڕەشی ئەو جنایەتەو هەموو ئەوانی دیکە بۆ بن لوت و چرووچاوی عامیلانی هیدایەت بکەینەوەو و بە دیوەکەی خۆشمان دا بیانکەینە هەوێنی تەبایی و برایەتی. لە غەیری ئەوە دا بەرهەمەکەی بۆ ئێمە ئاو جوون و دووژمنیش براوە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٠



سەرچاوە
Serchawe

# مەلا حەسەن شیوەسەڵی سەمبولی شۆرشی گەلی کورد



سولەیمان ئەحمەدنژاد

پەرکوری رق ئەستوورە کورد
لە سەر تۆڵەی تۆ سوورە کورد
دەکا خەباتی خوێناوی
کچ و کور و ژن و پیاوی
پیرە پیاو بانگ دەکا رۆڵە
لە بیر نەکەی تۆڵە تۆڵە

کێ یە ئەو کەسەی لە حەیات دا هەیە و بەڵام هەر ڕۆژێ جارێک گیان دەبەخشێ و گیانی دێتەوە بەر. چاوی هەیە ئەمما لە هەموو ئەو جوانی‌یەی کە سروشت خولقاندوویەتی مەحرومە و نایبینێ. دەستی هەیە بەڵام لە هەر دووک دەستەکانی دوو قامکی نییە جارێک قەڵەمی پێبگرێت و هەڵبەستێکی شۆرشگێری پێهەڵبەستێ و پێی بنووسێ. شەو بێ یا ڕۆژ زستان بێ یا بەهار بۆ ئەو فەرق ناکات. لە ناو کۆشک و قەسرو تەلار و باڵەخانە دابێ یا لە ناو کەلاوە یەک و خانووە روخاوێکدا بۆ ئەو هەر یەکە و لەززەتی لێ ناکاو نایبینێ. لە بەر شۆقی دەیان گلۆپی بە رق بێ یا لە ناو ژوورێکی بێچرا هەست بە

هیچ کامیان ناکا. لە بەر خۆری هەتاوێکی پرشنگدار بێ و لە تاریکایی شەوێکی ئەنگوستە چاو هەر دووکیان بۆ ئەو هەر یەکن. لە ناو باغ و گوڵ و گوڵزاری بەهار بێ یا لە جێگەیەکی بێدار و درەخت و رووتەن دەردی ئەو دەوا ناکات و توزقاڵێک لە ئازارەکانی کەم ناکاتەوە. خو ئەو هاوسەرە بەریزەکەی و جگەرگۆشە خۆشەویستەکانی کە لە گەڵ ئەواندا دەژیت تەنانەت بۆ جارێکیش چاوی پێیان نەکەوتووە. جارێک پەنجەکانی نەکردوون بە شانە و پرچی کورپەڵەکانی پێداهێنێت و هێما و روخساری نەدیتوون. جارێک وێنەی خۆی لە ناو چاوە زیت و گەشەکانی زارۆکەکانی خۆیدا نەدیتوە. هەزاران ئاوات و ئارەزووی وەدینەهاتووی نامراد ماونەوە و شەو و رۆژ لە ناو ناخیدا وەکو دەریایەکی شەپۆلاوی بە سانیە و دەقیقە و سەعات و مانگ و ساڵ دەجوڵێن و خول ئەخۆن, بەڵام داخی گرانم ئەو سالەهایە لە ولات و زید و مەملەکەتی خۆی تەبعید کراوە و کەوتۆتە ناو زیندانێکی ئەبەدی تاریک و شەمع و بێ رووناکایی. ئەگەر بمانهەویت و بزانین کە ئەو رۆڵە بە جەرگ و خۆراگرە کێیە, ئەو ئینسانەیە کە سفید دندان یا خود (دانچەرموو)ی دیوەزمە دژە رووناکی و تاریک پەرەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر دووک دەست و هەر دووک چاویان لێئەستاند؟

ئەوە هەڵۆ هەڵمەتبەر و تیژباڵەکەی سەری گۆمێ و تاژەندەر و بیزاچن و هۆمل و بوڵفەت و گیارەنگە, ئەوە لاوچاک و شۆڕەسوارەکەی دەشت و چیاکانی سەردەشتی سەر بەرزو سەرسەوزە، ئەوە مامۆستای شێعر و ئەدەبیاتە و قاڵکراوی ناو کورەی شۆرش و خەباتە, کاک حەسەنی شیوەسەڵی‌یە. هەر ئەو شیوەسەڵیەی دوێنێیە کە بە خاتری میللەتەکەی ژیانی لە سەر لووتکە و بنار و لاپال و دەشت و خر و دۆڵ و بن دەوەن و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا تێپەر دەکرد. سەرمای زستان و گەرمای هاوین نەیان دەتوانی حاجزی بکەن. کرێوە و باو و بۆران و گێژەڵوکە نەفەسیان پێ کز نەدەکرد. بێخەوی دەچێشت و تەحەمولی بێ نانی و بێ ئاوی دەکرد شەو و نیوە شەوان بە هۆی برینی رێگەی دوورو و ماندوویەتی و شەکەتییەوە بە دەم خەو نوچکەوە لاقی لە گابەردی زل هەڵقاوە و کەوتۆتە ناو توزەوە، بۆسە و کەمینی نەیاران و دوژمنانی گەلەوە. خۆ ئەو لە کاتی پشوودانیشدا لە جیاتی دۆشەک خاکی پاک و پیرۆزی کوردستانی رادەخست و کەلاشینکۆفەکەی دەکرد بە سەرین و جامانەکەشی لێفە. کام کوێرە رێگا و خر و دۆڵ و قەد و پاڵ و بن بستوو هەیە لە گەڵ هەستی پێی مەلا حەسەن ئاشنا نەبت. کێیە چیای بەرز و دەشتایی و تەپک و گرد و رەز و باغ و پنچکێک هەیە شاهید نەبێت بۆ داستانێک و نەبەردیەکی ئەو کەڵە فەرماندەیە. سێبەری کام رەزو باغ و دار بەن و گوێزەڵان و ئەشکەوتێک هەیە چشتە خەویکی لە بن نەکردبێت. کێیە ئاو و سەرچاوە و کانیاو هەیە لە کاتی ئاوخواردنەوەی شیوەسەڵیدا رەسمێکی لێ نەگرتبێ و وەکو یادگار لە لای نەمابێت. کام یەک لە پیرێژن و پیرەپیاوەکانی ناوچەی سەردەشت هەیە مەلا حەسەن شیرێژە و رۆنێک و دۆیێکی سارد و چایەکی گەرمی لە لا نەخواردبێ. کێیە چادر و چارداغ و رەشماڵ هەیە نەهینییەک و یادگارێک و خاترەیەکی ئەوی لە لا نەبێت. کام یەک لە کیژ و کورە گەنج و لاوەکانی مەنتەقەی سەردەشت هەیە جارێک دەستی

شۆرشگێری مەلا حەسەنی نەگوشی بێ و قەڵافەتی مەردانەی لە باوەش نەگرتبێت. کام رێواسی ترش و شیرین و ناسکی بن رنوە بەفری کوێستانەکانی سەردەشت هەیە لە کاتی برسیەتی و بێ نانیدا شیوەسەی تامی نەکردبێ و نەیخوارد بێت. کێیە گوڵی سوور و جوانی بەهاری سەردەشت هەیە مەلا حەسەن پر بە چاوی و تێربە چاوی سەیری نەکردبێ و تەماشای نەکرد بێت. لە گۆوەندی کام یەک لە پێشمەرگەکانیدا دەسرەی سەر چۆپی لە ناو دەستی ئەو دانە بوە. لە ناو کۆر و مەعفەلی کام یەک لە دۆست و ئاشناو هاورێکانی دا شێعرێکی ناسک و هەست بزوێنی شۆرشگێری نەوتوە.

هەر دووک چاو و دیدەی خۆم

سوێند بێ بە هەر دووک

دەست وهەر دووک چاوت

تا سەرکەوتن من رێبواری رێگای تۆم

ئەو کەسانە کە قەڵەمەکانیان بە برشتەو ئەدیب و نووسەر و رۆماننووسن و وەرگێرن و رووح وەبەر وتارو بابەت و نووسراوەکان دەنێن و لە ئاستوشە و لوغات و مەقولەی جۆراو جۆردا بەهێزو دەوڵەمەندن و قەڵەمیان لە جیاتی نووسین وەکو بولبوول قسە دەکات و دەتوانێ لە وشە ئینسان دروست بکا، ئەو بەرێزانە ئەگەر هەر یەکەو رۆژێک کاتو وەخت و دەست و پەنجەو قەڵەم و وشەکانیان بۆ نووسینی مێژووی دەربازبووی تێکۆشەرێکی وەکو مەلا حەسەن شیوەسەڵی تەرخان بکەن، نە تایەی سەیارەی خەبات لەنگ دەبێ و نە شۆرش رادەوستێ. بەڵام بەداخەوە وادیارە بەخاتری کێشە و گرفتە ناوخۆیی و دەروون حیزبییەکان و حیزب لێک هەڵوەشاندن و حیزب دانان و حیزب تێکەڵ کردنەوەو حیزب حیزبێنە دەستیان وەبەر خۆ ناکەوێتەوە و مەجالیان نییە. جێگای داخەکە ئەو بیرو بۆ چوون و فکریەت و تەوەجوهانە بە جێگای ئەوە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کاربرێن، تەواویان روو بە روو و ئانگژای کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان کراونەتەوە و وەکو میداڵێک وەبەرۆکی حیزبەکە هەڵواسراون و کۆماری ئیسلامی خەریکە لەبیر دە کرێ.

من پێموایە دەبوو هەر لە یەکەم رۆژی تەقینەوە سامناک و بیروحمانەکەی "سپید دندان" دا دەستکرابا بە نووسینی مێژووی مەلا حەسەن و کارەساتەکەی "سپید دندان" دان چەرموو، وەکو کتێبی (ابن خلدون) کرابا بە کتێبێکی حەوت جلدی بۆ ئەوە نەسڵی داهاتوو لە دانیشگاکاندا تەدریسیان کردبا تاکو لێی فێری ئازایەتی و خۆراگری و شۆرشگێری و ئەخلاقی شۆرشگێری ببان. هەر چەند نەدەبووایە "سپید دندان" وەرگێردرابایەوە سەر زمانی کوردی! چونکە "سپید دندان" دان چەرموو نەبوو، تۆپ و کاتیۆشا، ئار.پی.جی، بازووکا بوو. گوللەو بارووت بوو، بەڵام لانی کەم ئەگەریش هەر ئەو کارە دەکرا، دەبوایە لە

تەنیشت ئەودا کتێبێکیش لەسەر مێژووی سەمبوولی شۆرشی گەلی کورد مەلا حەسەن شیوەسەڵی و کارەساتی "سپید دندان" نووسرابا. هیوادارم لەمەو بەدوا ئەوانەی کە خزم و دۆست و ڕەفیق و هاوڕێ و هاوسەنگەری مەلا حەسەن شیوەسەڵین و لە نزیکەوە دەیناسن هەنگاو بنێن بۆ نووسینی مێژووی ئەو تێکۆشەرە بەناو بانگو سیاسی یە.

چاوم مۆمی تەمەنتە وابوت دا ئەگریسێنم
جیژنی لە دایکبوونتە رووحم بە دیاری دێنم

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١٠

# ئاشکراکردنی چەند ڕاستییەک لەژیان و خەباتی کاک مەلاحەسەن شیوەسەڵی

**لەلایەن دۆستێکی خۆیەوە:**



**محەممەد قادری**

دوای لێدوانی بەناحەق و بە پێچەوانەی واقەعییەتی بەسەر هاتەدڵتەزێنەکەی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی لەلایەن چ کەسێک بناوی هاوار و خۆشەئەفسانە هەر چەندە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی لەلێدوانێکی تومارکراو کە لە سایتی بۆ پێشمەگەکان بڵاوکراوە، زۆر شتی باس کرد، بڵام لەڕاستی دا تەقەلاکان بۆ لەبەێن بردنی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی زۆر لەوەزیاترن کەبەرێزیان ئاماژەی پێ کردوون.

من وەک دۆستێکی نیزیکی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئاوەڕدانەویەکەم کردبێ لە چەند پلانێکی دارژاوی پادگانی سەردەشت، کەهەدەفیان بۆ هەر چی زۆتر لەبەێن بردن و تیرۆرکردنی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بوو.

بەچەند دەلیل بەپێویستم زانی ئەو ڕووداونە ئاشکرا بکەم:

**یەکەم:** دەلیل ئەوەیە، ئەوەندەی کاک مڵا حەسەن لە پەیوەندی لەگەڵ سوویی قەستەکە گوتویەتی و باسی لێ کردوە، بەجەسارەت و شەهامەتەوە دەتوانەمبڵێم کە دۆڵۆپەیەک لەدەریایکی بێ کەران، لەڕاستیەکانی ژیان و بە سەر هاتەکانی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵین.

**دووهەم:** لە لایەک وێرای ئەوەی، لێدوان لەسەر ئەو مەسەلەیەبە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم، وەک شاهیدێکی عێنی بەباشم زانی چەند هەوڵی جددی دیکەی کۆماریٚ ئیسلامی کەمن خۆم ئاگاداریان بووم بۆ خوێنەرانی بەرێزی باس بەکەم.

لەلایکی دیکەوە ئەوەندی ئەمن شەناختم لە کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی هەیە، ئەو کەسێکی ئەوەندە خۆبەکەم گەر و بەشەرمە، تەنانەت لەگەڵ ڕەفتار و سەرووشتی ئەو ناگۆنجی باسی چالاکی و هەڵسوران و ئازایی خۆی بکا، بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی کە هێزەکانی پاسدار و ئەرتەشی جەسارەتی هاتنە دەرەوەیان لە پادگانی سەردەشتێ نەکرد.

هەر ئەو مەسەلەیە منی هاندا لەسەرچەند ڕووداوەی کە خۆم ئاگاداریان بووم لێدوان و باسبکەم.

سێ هەم، مێژووی خەباتی حیزب بەداخەوەی ئەوەیٚ بەئێمەنیشان داوە کە ڕیگەیەکی زۆری لەپێشە بۆ ئەوەی بتوانی رێز و حورمەت لە ئەندامان و کادرەکان و پێشمەگەکانی خۆی بگرێت.

هەرچەندەدەزانم کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی و هەموو پێشمەگەکانی حیزب لە دڵ و ناخی نەتەوەی کوردا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە و قەت ئەوان لەبیر ناکەن، بڵام جێ خۆی بوو حیزبیش لەیاد و بیرەوەی ئەو ئینسانە بەرێزانە کۆتایی نکا.

قسە زۆرن بۆ گوتن بڵام بەچەند دەلیل بەناچار لێرەدا چاوپۆشیان لێ دەکەم.

سەبارەت بەکاک مەلا حەسەنی شێوەسەڵی بەجەسارەتەوە، دەتوانەم بڵێم، روون و ئاشکرابوو و بۆ هیچ کەسیش شاراوەنبوو، کە دەزگای جاسووسی رژیمی دڕندەی ئێران چەندەی هەوڵ و تەقەلای زۆریان دا، بۆ لەبەین بردنی کاک مەلاحەسەن



سەرچاوە
Serchawe

شیوەسەڵی. لانی کەم بۆ ئەوەی مەلا حەسەن بەهەر قیمەت و بەهایەک بێت لەسەحنەی سیاسی و هەڵسووران و چالاکی نیزامی‌حیزب دوور کاتەوە.

نیزامی کۆنەپەرەستی ئیسلامی ئێران زۆر پلانی بکارهێنێیا، و تەنانەت هەموو بەهایەکیش بۆ لەبەین بردن کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی تەرخان کردبوو.

من بۆ خۆم ئاگاداری چەندین هێرشی تایبەتی هەوایی پادگانی سەردەشت، بۆ سەر کاک حەسەنی شیوەسەڵی بووم کە لەلایەن فەرماندەکانی ئەو پادگانەوە تەراحی کرابوون بۆ رژتنی خوینی پێشمەگەکان و فەرماندەی نەمری خەلکی کورد کاک حەسەنی شیوەسەڵی.

بۆ سەلماندی ئەوەمەسەلەیە، تەنانەت بەسێ رووداوە لەسەدان هەوڵی جددی دوژمن بۆ تیرۆرکردن و کۆشتنی کاک مڵا حەسەنی شیوەسەڵی ئیشارەدەکەم، کە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات و سپای پاسداران پادگانی سەردەشت بەرنامەریزی کرابوون.

یەکەم هەوڵ بۆ لەبەین بردنی کاک حەسەنی شیوەسەڵی دوای گرتنی و تێکرووخاندنی پایەگای گوندی قوڵتێ بوو. لەو عەمەلیاتی دا کەکاک حەسەن شیوەسەڵی برێندار بوو، وبەداخێکی زۆرەوە دوو پێشمەرگەبناوی مەحمودی پێرە و خەدری قەویدڵ لە پەلی فەرماندەی خۆی شەهید بوون.

هێزی جاسووسی پادگانی سەردەشت کە هەستی مەترسی هێزی پێشمەرگەی لەژێر فەرماندەیی کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی، فەرماندەی عەمالیاتی پێشمەرگە لە مەنتەقە کردبوو، تەرحێکی شۆمی بۆ لەبەین بردنی ناوبراو دادەریژی و بۆ ئیجرای ئەو پلانە دوو جاشی ئیتلاعاتی لەلایەن داموودەزگایی جاسووسی پادگانی سەردەشتەوە تەرخان دەکرین تا بە کاک حەسەن شێوەڵی راگەیەنن کەفەرماندەی پادەگانی سەردەشت دەیهەوێت لەسەر ڕاگرتنی شەر نێوان هێزەکانی پادگان و پێشمەرەکانی حیزب لەشوێنێک بناوی نێزەرۆ لەدەرەوەی سەردەشت دانوستان و موزاکەرەبکەن.

هاوکات هیلیکۆپتەرێکی جەنگی لەپادگانی سەردەشتێ ئامادەی هێرش کردنەسەر ماشینی مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دەکرێت. ماشینی مەلاحەسەن کە لەندەڤەرێکی شەر بوو، پێشتر لەلایەن هێزەکانی پادگان شناسای دەکرێت هێزکانی سپای پاسداران

و ئەرتشی پادگانی سەردەشت ئاگادار بوون کە مەلا حەسەن لەو لەندرۆفەرەدا هاتوچۆ دەکات.

لەجادەی رووبەرووی پادەگانی سەردەشت، لەپێچی باسکەدۆ بۆ لای سەرەوە کە مەوودای نێوان ئەو پێجەو پادگانی سەردەشت ٢٠٠ تا ٣٠٠ مەتر لە یەک نیزک دەبنەوە، لەندرۆفەریەک هەمان موشەخەساتەی لەندەڤەری کاک حەسەن شیوەسەڵی دەبێت، لەلایەن دیدەبانەکانی پادگانی سەردەشت بەتەماڵ هەڵدەندرێت، بەفکری ئەوەیٚ کە ئەو لەندرۆفەرە، ماشێنەکەی کاک مەلا حەسەنە، فەرماندەی ئەو عەمەلیاتە بە خەلەبانی هیلیکۆپتەرەکە دەستوور دەدا کەهێرش بکاتە سەر ئەو لەندرۆفەرە.

هیلیکۆپتەرەکە بەشێوەیەکی سینەماڵ هێرش دەکاتەسەر لەندەڤەرەکە، و دەێخاتەژێر رەگبارەوە، هێرشەکە ئەوەندە دەڕەندانەبوو، کە بەداخەوە راننەدەی لەنەرۆفەرکە کاک عۆسمان دەوڵەتی، کوری کاک قادر دەوڵەتی خەڵکی وەتەماناوەی سەردەشتیٚ شەهید دەبێت، و ئەوەندی گۆلە ویکەوتبوون کەجنازەکەی نەدەناسرایەوە.

هەرچەندە ئەو ڕووداوە زۆر دڵتەزین بوو و کەسێکی بێتاوان بەگومانی ئەوەی کەماشینەکەی لە لەنەرۆفەرەکەی کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی دەچۆ، گیانی لەدەست دا، مەلا حەسەن لەمرگی سە ددەرسەد رزگاری بوو.

تەرحی دوومی پادگانی سەردەشت بۆ لەبەێن بردن و تیرۆری کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی، گێرانی پلانێک لە لایەن کەسێکی بەکرێ گیراو، و جاش بناوی سۆفی عەلی بەفەرفرۆش لەسەردەشت بوو.

سۆفی عەلی جاش ئەو کاتە کە مانگی رەمەزان بوو هەموو رۆژێ بەبیانووی دۆحاکردن وبەسەربردنی ڕۆژ، بە مەبەستی جاسووسی کردن لەسەر کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی و پێشمەرگەکانی دەچۆ پردی بریسویٚ کە لەخوارەوەگۆندی قوڵتەی بوو.

ئەوکاتە مەلا حەسن و پێشمەگەکانی لەمەنتەقەی گۆڵتەی جێگێربوون، و سۆفی عەلی لەو ڕێگەوە دەیهەویست شوێنی مەلا حەسەن و پێشمەگەکانی شوناسایی بکا و بەهێزەکانی پادگانی سەردەشتی رابەگەینی تا بڵکوو لە تەریق هێرشێکی هەوایی مەلاحەسەن و پێشمەرگەکانی لەبەێن برن.

لەکاتێدا مەلاحەسەن و پێشمەرگەکانی چەند ڕۆژێ پێش هێرش هەوایی پادگانی سەردەشت بۆ سەر شوێنی مەلا حەسەن لەمەنتەقی گۆڵتەی نەمابوون، و پۆلێکی دیکەی پێشمەرگە لەجێ ئەوان جێگیر بوون، شوێنەکە دەکەوێتە بەرهێرشی دڕندانەی هێزی هەوایی پادگانی سەردەشت.

لەو هێرشەدا فەرماندەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەێ بناوی کاک رەحمان عێراقی لەدەفاعێکی تووند و ئازایانەدا بەداخەوە بریندرا دەبێ، و هێزەکانی پێشمەگەر هیلیکۆپتەرێکی دوژمن دەخنە خوارەوە. ئەمجارەش هەوڵی دژمن بۆ لەبەێن بردنی مەلا حەسەنی شیوەسەڵی لەنەتیجەی بەرگەری هێزی ئازا و خۆشەویستی پێشمەرگەکانی حیزب پۆچەڵ دەکرێتەوە.

پلانی سێ هەمی ئەو جارەی دوژمن بۆ تیرۆر کردنی کاک حەسنی شیوەسەڵی دامەزراندنی جاسووسێکی باوەڕ پێکراوی خۆفرۆش لە قاوەخانەی بناوەبوو، کەشوێنی هاتوچۆی ڕۆژانەی کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی و گەشتەکانی پێشمەگە بوو. قەرار وا دانراوە ئەگەر ماشینی مەلاحەسەن لەو شێوێنە بینرا و بەرەو سەردەشت چوو، جاسووسەکە بەبێسیم بەپادگانی سەردەشت ڕابەگەینی و هیلیکۆپتەرەکانی جەنگی هێرش برنە سەر مەلا حەسەن و هاوڕییانی.

لەکاتێک دا ماشینی کاک مەلا حەسەن بەمەقسەدی سێڕیانەی سەردەشتێ لە قاوەخانە بناوی تێپەر دەبێت، و دەگاتەدۆڵی دووهەزار، بەلافاسەلە ماشینەکەی دەکەوێتە ژێر هێرشی دڕەندانەی هیلیکۆپتەرەکانی جەنگی پادگانی سەردەشتێ.



سەرهەنگ قادری - دوکتور قاسملوو - مەلا حەسەن شیوەسەڵی

مەڵا حەسەن و پێشمەرگەکان زۆر زوو لە ماشێنەکە دەردەپەڕەن و دەست دەکەنەوە، و هیلیکۆپتەرەکە دەخەنە ژێر ئاگەری قۆرسی خۆیان،

هەرچەندە ماشێنەکە زیانێکی زۆر پێی دەگات و لەکار دەکەوێت، و دوو پێشمەگە بەسووکی بریندار دەبن، بەخۆشحاڵییەوە هەموو یان بەسەلامەت لەو هێرشەدڕەندانە هەوایی پادگانی سەردەشت کە مەبەستی تیرۆری کردنی مەلاحەسەن بوو دەردەچەن.

ئەم جارەش پلانی پادگانی سەدەشت بۆ لەبەین بردنی مەلاحەسەنی شیوەسەڵی پۆچەڵ دەکرێتەوە.

مەسەلەیەکی دیکەی کە بەپێویستم زانی لێرەدا ئیشارەی پی بکەم ئەوەیە، جگە لەوەی نیزام زۆر بەجددی هەوڵی داوەلە ڕێگەی هێرشی هەوایی مەلا حەسەنی شیوەسەڵی لەبەین برێ و بۆ ئەو مەبەستە هەموو رفەندێکی بکار هێنا، هاوکات دامووده‌زگای نیزام لە تەریق بەڵێن کردن و قەول دان هەموو تەقەلایەکی کرد، کاک مەلا حەسەن لە حیزب و چالاکی نیزامی و سیاسی دور بخاتەوە.

هەرچەندە دەزانەم ئەوەێ ئیستەدەمهەوێت بێگێرمەوە، کاک حەسەن شیوەسەڵی لە بیریەتی، ئەویش ئەوەیە، کەکەسێک بناوی بەرات نوێنەری ئیمام لەمەنتەقی سەردەشت کە پێشتر لەچاکی وەشکەدۆل، کاک حەسەن شیوەسەڵی بە بەهاوڕیی کاک مەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادە بۆ موزاکەرە ئەو نەفەرەیان مەلاقات کردبوو، دواتر لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە، بەرات بەمنی ڕاگەیاند کە بە مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بڵێم  ئەگەر ئەو واز لە کاری سیاسی، وچالاکی نیزامی حیزبی بەهێنی، ئەوان ئامادەن هەموو چەشنە ئیمکاناتێکی لەئیختیار بنێن.

بەرات کە نوێنەری راستەوخۆ و بەدەسەڵاتی ئیمام بوو، دەیگوت ئەگەر مەلا حەسەن بەگرێتەوە ناو نیزام لانی کەم پوستی سەرهەنگ دووی پێدەری، ئەگەریش بێهەوێت لەبەشی دەوڵەتی غەیرە ئەرتشی دا کار بکا لە هەر وەزارەتخانەیەکی کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بە بەباشی بزانی پۆستێکی باڵای دەدرێتی.

بەرات هەروەها دەیگوت، ئەوەندەی پەیوەندی بە پارە و ماڵ و ئیماکانی ژیانەوەبێ، هیچ دریغی ناکرێت و هەموو ئیمکاناتێکی لەئیختیاری کاک حەسەن دادەنێن، نووسراوی لەخۆدی ئیمام و بەئیمزای ئەوەی بۆ دەهێنم.

کاک حەسەنی شیوەسەڵی نەک بەتووندی پێشنیارەکەی بەراتی ڕەت کردوە، بەمنی گوت کە بە بەرات بڵێم کەئەو شتانە بداتە ئیمام و ئەمن هیچ پیویستێکم بە ئەو جۆرە شتانە جمهۆری ئیسلامی نیە، من بۆ وەرگرتنی مافی ڕاستەقینەی گەلەکەم خەبات دەکەم نە بۆقازانج و بەرژەوەندی شەخسی.

بێگومان دوای بێ ئاکام مانەوەی ئەو هەموو تەقەلای دوژمن بۆ تیرۆرکردنی کاک حەسەنی شیوەسەڵی دەسەڵاتدارانی نیزام لەهەوڵ دان بۆ لەبەێن بردن و دوورکردنەوەی کاک حەسەن لەسەحنەی سیاسی نیزامی ساتێک ڕاوەستانیان نکرد و بەداخەوەئەوەی کەنەدەبوو، رووی دابا، قەوما، کاک حەسەنی شیوەسەڵی پێشمەرگەی جوان پیاوی بە شەهامەتی کورد لەلایەن نیزام بەهاوکاری چەند جاسووسێکی خۆماڵی خۆفرۆش تیرۆر کرا.

ئیستەبرای خۆشەویست کاک هاوار، و خۆشکە ئەفسانە بەرێز، کاک حەسەن شیوەسەڵی تیروکرا، بڵام نەک جاریک بەڵکوو کاک حەسەن بۆ هەمیشەو هەموو ساتێک لەژیانیدا تیرۆری رۆحی کراوە.

باشە برا بەرێز کاک هاوار و خۆشکی خۆشەویست ئەفسانەخانم، ئێوە، ئەو پرسیارەتان لەخۆتان کردوە کە بەم جۆرەنووسین و لێدوان لەسەر ژیانی بتواناترین پێشمەرگەی تیرۆکراو، و مەزلوومی گەلەکەمان، لەلایەن نیزامی کۆنەپەرەستی جمهۆری ئیسلامی دەتانهەوێ چێ بەسەلمێنن؟.

یاخۆ، نەکا ئێوەش جەمەسەری بەردەوامی کرداری تیرۆریستی نیزامی پیس و پۆخەڵی کۆنەپەرستی مەلاکانی تاران و قۆم کە هەوڵ دەدەن کاک حەسەنی شیوەسەڵی تیرۆر رۆحی بکەن.

کاک هاوار، خۆشەکە ئەفسانەی بەرێز، باش بزانن، مەلاحەسەن نەک خۆشەویستی خەڵکی منتەقەی سەردەشت و بەشێک لە ئەوان، بەڵکوو ئەو خۆشەویست و جێ رێز و حۆرمەرت هەموو کوردیکی نیشتیمان پەروەر و کورد خۆشەویستە.

ڕاستەمەلا حەسەن تیرۆری فیزیکی کرا، و لە سەحنەی هەڵسوورانی نیزامی دوورکرایەوە، بەڵام ئیستاشی دەگەڵ بێ نیزامی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران دەستی لەتیرۆرکردنی کاک مەلاحەسەنی شیوەسەڵی هەڵنگرتووە، و بێگومان لە هیچ تەلاشێک بۆ تیرۆری رۆحی ئەو دەست ناپارێزی.

ئێوەش کاک هاوار، و خۆشکە ئەفسانەی بەڕێز هیوادارم، تۆزقالەیەک ویژدان و هەستی کورد خۆشەویستی و نەتەوایەتی تان تێدابێ، و چیتر زیات لەوە هەوڵی تیرۆر کردنی رۆحی ئەو رێزدارەی شەهیدی زیندووی خەباتی گەلەکەمان مەدەن.

بەداوای لێبۆردنەوە کەبەهۆی سەرقاڵی دەرنگ ئەو نووسینم بەجێ هێنا.

مەحەمد قادەری، دۆستێکی نیزیک کاک حەسەن شیوەسەڵی، رێکەوتی ٢ حوزەیرانی ٢٠١٠ زاییینی.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٠

## مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی، بۆتی ئازادی کوردستان.!



**محەممەد ڕۆستەم داستان**

ئەگەر قەراربێت لە ناو خەڵکی کوردستانی ئێمە بۆت پەرەستی هەبێت خەڵکی ئێمە دەبێت مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی، دوکتور قاسملو ، دوکتور سەعیدی شەرفکەندی،وەک بۆتی خۆیان بیان پەرەستن.ئەو ڕێزدارانە موقەدەساتی خەڵکی کوردستانن و ڕێزی تایبەتیان لەلای خەڵک هەیە. دوکتور قاسملو و دوکتور سەعید شەهید کران ڕووحیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کوردستان کرد. مەلا حەسەن شێوەسەڵی ئەو شۆرە سوارو جوان چاکە و یاری وەفاداری دوکتوور قاسملوو هەمو شەهیدانی کوردستان، ئەو ڕۆڵە سادقەو ئەو پیاوە ئازاو قارەمانە، ئەو شۆڕشگێڕە بە بیرو باوەڕە بە زیندوویی زۆربەی ئەندامەکانی لەشی خۆی هەدیەی خەڵکی کوردستان کرد. ئەو پیاوە مەزنە، ئەو پێشمەرگە ئازاو ناودارە،ئەو تێکۆشەرە ماندوو نەناسە بە نرخترین سەرمایەی ژیانی وەک ڕووناکی چاوەکانی و دەست و پەنجە جوان و ناسکەکانی لە ڕێگای بیرو باوەری کوردایەتی لە دەست دا.

کێ هەیە بە تەواوەتی تێ بگات ئەو بەڕێزە لە سەر کوردایەتی ئێستا چ ئێش و ئازارێکی سەختی برینەکانی لەشی دەچێژێت؟تەنیا کەسێک لە ئێش و ئازاری ئەو پیاوە تێ دەگات،ئەویش هاوسەری خۆشەویستی، واتە کولسووم خانمە! ئەو ژنە بە ڕاستی ژنێکی باش و خانەدانە،ئەرک شناس و زەحمەت کێشە،دەتوانم بڵەم ئەو فرشتەیە،ئەو ژنە پشت و پەناو یاری وەفاداری مامۆستایە..هەی ئافەرین بۆ تۆ،هەزاران هەزار سڵاو لە تۆ ئەی نمونەی باشی ژنانی دونیا.ئەمن لە لایەن

خۆمەوە پڕ بە دڵ سوپاست دەکەم،دەست خۆشیت پێ دەڵێم ئەی شێرە ژنی کورد.دیارە ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەی لە ڕێبەرایەتی دان یا ئیدیعای ڕێبەری کورد دەکەن،دەبا ئەوان ڕێز و سپاسیان لە خوشکە کولسووم و مامۆستای بۆتی ئازادی کوردستان کردبا. ئەو کەسانە ئەگەر غیرەتیان قەبووڵ ناکا ئەو کارە بکەن، دژایەتیشی نەکەن باشە. سەدبریا نەیارانی ڕێزدار حەسەن شێوەسەڵی تۆزێک بیریان کردباوەو چاویان بە جەستەی لەت و پەت کراو و کوون کوون، پڕ لە ساچمەو باڕووتی نەیارانی ڤین لە دڵ کەوتبا و شەرمیان کردبا ڕێگایان بە خۆیان نەدەدا تەنانەت لۆمەی خەراپی ئەو شۆڕشگێرە بکەن. شەرم ئەو کەسانە بگرێت کە نیازی سووکایەتی کردنیان بە ئەو بۆتە مووقەدەسە هەیە.بەڕاستی هەر ئەوەندە چاوەڕوانی لە ئەو ئینسانە فاسید و نامرۆڤانە دەکرێت . تەنیا ئەوەندەیان پێ دەڵەم دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێت؛ شەرم لە چاوە نابیناکانی مامۆستا بکەن. ئێوە بەکرێگیراوانی دوژمن چاک بزانن تێکۆشان و خزمەت و کردەوەکانی ئەو شۆڕەسوارە جێگای شانازی ئیفتیخاری هەموو هاوڕێیانی حیزبی وە بگرە تەواوی خەڵکی کوردستانە.

حەسەن شیوەسەڵی سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لە مێژە پێشمەرگەیە، سیاسەتمەدارێکی زانا و بە توانایە.ئەو قەت لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی ماندوو نەدەبوو، زۆر سەری حاڵ و گورج و گۆل بوو،زۆر خۆش ئەخلاق و دەم بە پێکەنین و قسە خۆش بوو. ڕێزی لە هەموو کەس دەگرت و شارەزایی لە زمانەکانی دیکەش دا هەبوو. ئەو کوڕە کوردە تەواوی تەمەنی جووانی خۆی لە کێو و شاخ و لە دەربەدەری ولە شورش کردن دا بەختی ئازادی گەلەکەی کرد. زوربەی ناوچەکانی کوردستان لە سۆما و برادۆست ، ورمی ، شنۆ ، نەغەدە، پیرانشار ، ڕەبەت، سەردەشت، مەهاباد، بۆکان، سەقز، تیکاب، دیواندەرە، سەرپێڵی زەهاو، هەوشار، مەریوان، هەورامان، سنە، کرماشان، ئیلام و تەنانەت هێندێک شاری غەیری کوردیش شاهیدی خزمەت و گیان فیدایی ئەو قارەمانە دلێرەن. تەنانەت دوژمن و بەکرێگیراوانی دوژمن چاک دەزانن حەسەن شیوەسەڵی کێ بوو و چ بەڵایەکی بە سەر دوژمن دەهێنا و هەر هێزی ترسەنۆکی دوژمن بوو لە دەست زبری گورچووبڕی ئەو چاو نەترسە و ئەو فەرماندە بە وەجە وە ئامان هاتبوون.جێگایان نەبوو خۆی لێ هاشار بدەن.کونە مشکیان لێ ببو بە قەیسەری! شار و گوندەکان، دۆل و دەشتەکان، بن هەر دەوەنێک، جادە و مۆڵگەی سەر چیا و بەندەنەکان شاهیدی چالاکی شێرە کوڕی دێمۆکراتن و بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. کێ هەیە دەتوانێت بڵێت وا نەبوو؟ فەرماندەهی جوانی ئەو،تەرح و گەڵالەی ڕێک و پێکی ئەو چۆن هێزەکانی دوژمنی بە چۆک دا دەهێنا. هەتا ئەو بوو وەک شێر پەلاماری دوژمنی دەدا، داخوا ئەو کەسانەی ئێستا قسەی زل و نابەحەق دەکەن، لە کوێ بوون.

ئاخ و سەد مخابن بو تۆ ماموستا!! ئەمن فیدای ئەو بەژن و باڵا کەم ئەندامەت بم؛ سەدبریا چاوەکانی من کوێر بان لە جیاتی چاوەکانی تۆ.نازانم دونیایەکە بێ وەفایە یا مرۆڤەکانی بێ وەفان؟! حەق لە ناحەق لێک جیا ناکە نەوە.ئەمن بە

لگەیەکی دیکەی زیندوو و تەنیا"سەرنج بدەن، سەرنج بدەن" بە دەنگی کاک ئەحمەدی شێربەگی لە سەر ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەبیر ئەوانە دێنمەوە کە بە فەرماندەری ئەو فەرماندە لێهاتوویە ئەو ماموستا سیاسی و نیزامیە، کە چ بەڵایەکیان بە سەر نەیاران دەهێنا. سەدداخ و مخابن دوکتوور قاسملوو لە نێومان دانەماوە کە بزانێ حەسەنی شێوەسەڵی کێ بوو و ڕێز لە خزمەتەکانی ئەو بگرێت.

هێندێک لەو کەسانەی ئێستا کە لە حەیات دا ماون ،چاویان بەرەدا نادا باسی لێهاتوویی پسپۆڕی تۆ بکەن وە ڕاستیەکان بە خەڵک بڵێن. بەڵام تۆ ئەوەندە مەزن و خۆشەویستی، ئەوەندەت خزمەت بە گەل ونیشتمان کردوە، بەرهەمی خزمەتی تۆ ئەو هەمۆ دۆست و لایەنگرەت هەیە لەناو هاوڕێیانی حیزبی و لە ناو خەڵکی کوردستان. دڵنیا بە خەڵکی کوردستان دەتپەرەستن و پشتیوانیت لێ دەکەن. تۆ خۆت نارەحەت مەکە پێویست ناکات وەڵام بدەیەوە. ئەوەندەش چاوەڕوانیت هەبێت ناحەزان وعەواملی نەیاران هەیە کە دەیانەوێت ڕاستەوخۆ ئەتۆ تووشی نارەحەتی بکەن وە حەزیان لە دم بە دمەیە.

لای هەموو خەڵک ئاشکرایە تۆ زۆر خزمەتت کردووە.هیچ شتێک نەماوە لە ماوەی شۆڕش کردن دا بۆ هاوڕێیان و خەڵکی کورد نەت کردبێت. تۆ لە بەرانبەر خەڵکەکەت دا ڕوو سوور و سەر بڵیندی.دڵنیا بە زەحمەت و تێکۆشانی تۆ لە ناو مێژووی حیزب و لە ناو دڵی خەڵکی کوردستان ون نابێت. لە ئاخر دا ئەوەندە دەڵێم، بریا توانام هەبایە پەیکەرێکی زێڕینم لە وێنەی مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی، دروست کردبا، لە هەموو مۆزەکانی دونیا دام نابا.

مامۆستا گیان بە هیوایە تەمەنت درێژ بێت، ئێش ئازاری برینەکانت زۆر نارەحەتت نەکەن.

"هەر سەرکەوتوو بی مامۆستا حەسەن شێوەسەڵی، بۆتی ئازادی کوردستان"

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٠



سەرچاوە
Serchawe

# حەسەن شیوەسەڵی نرخێک بۆ ئازادی، بەڵگەیەک بۆ ریسوایی تیرۆریزمی دەوڵەتی!



**رەحیم رەشیدی**

جووڵانەوەی ماف خوازانەی خەڵکی کوردستان، لە ڕەوتی خەباتی سەربەرزانەی خۆی دا بۆ دەستەبەر کردنی ئاشتی، ئازادی و دێموکراسی، بەر لە هەر شتێک، پشتی بە کارو نەسرەوتنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەستووە کە لە هەموو دۆخێکدا بە ورە بەرزی و دەروەستانە باری قورس و گرانی ئەم بزووتنەوەیە بە پشت بەشتن بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشدەبەن، هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک کۆڵیان پێنادات و لە راستە رێگای خەبات بۆ رزگاری گەلی کورد، هەتلەیان ناکات.

ئاشکرایە، ئەو توێژە لە رۆڵەکانی خەڵکی کورد کە بۆ ئازادی و رزگاری بە پاڵپشتی و هاودڵی زۆربەی نەتەوەی کورد، لە ریزی بزوتنەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کورستان دا گیرساونەوەو بە ناوی پێشمەرگە ناویان دێتە گۆڕێ، بە ئاوردانەوەیەکی کورت لە ژیان و بارودۆخی تێکۆشانیان، ئەو ئەرکە قورس و مەزنانە کە بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و پرشکۆتر کردنی هەرچی پتری خەبات و کۆڵنەدان وەئەستۆی دەگرن، فیداکارانە بەڕێوەیٚ دەبەن و لە پێناو سەربەرزی و سەرفرازی خەڵکی کورد دا شێلگیرانە ڕەوتی خەبات بەرە و ئاسۆی هیوادەری سەرکەوتن دەبەن، باشترین و فیداکارترین رۆڵەکانی نەتەوەی کوردن، چوونکا تەنیا بیر لە سەربەرزی و رزگاری وڵات لە دەستی زاڵم و داگیرکەر دەکەنەوەو لەم پێناوەدا هەڵسووڕو کاران، هەر بۆیە هێندە لای خەڵکی نیشتمانپەروەری کورد خۆشەویستو جێگای فەخرو رێزن.

ئەم فەخرو رێزە شایانە لە لایەن خەڵکی نیشتمان پەروەری کوردەوە، وەک دیاردەیەکی مەزن و بەرینی مەعنەوی، لە بەرانبەر لەخۆبردوویی و گیان فیدایی ئەو خەباتگێرانە دا نیشان دەدرێ کە سەرو ماڵ، ژیان و گیانان بۆ دابین بوونی ژیانێکی شیاوی مرۆڤی سەردەم بۆ خەڵکی کورد تەرخان کردووە و تەرخان دەکەن. ئەم توێژە خەڵک ویستە، بێ ماڵ و سامان، بەڵام خاوەنی شانازی و حورمەتی بێ کۆتایین.

کەوایە، دوژمنی دڵ پڕ لە قین، بۆ بەچۆکداهێنانی خەباتی ڕەوای کورد، هەمیشە سیاسەتێکی هەڵەو وێرانکاری گرتۆتەبەر، لە ڕێگای بەکردەیی کردنی ئەو سیاسەتەدا، زۆر جینایەتی خولقاندوون و دەخولقێنێ.

دوژمنانی خەڵکی کورد بە ئەنقەست، بە بێ ئاوردانەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەڵکی کورد کە لە راستی دا بەرهەمی سیاسەتو کرداری ئەوانە لە حاند خەڵکی کورد، هەموو کات حەولیان داوە بە پیلانگێری و گرتنەبەری ڕێگای سەرکوت، داپڵۆسین، کوشتار، وێران کردن، سووتاندن، بەند کردن و ڕەشە کوژی، بزوتنەوەی خەڵکی کورد بەچۆکدابێنن.

بۆ وەدیهێنانی خەونی نزۆکی بەچۆکداهێنانی خەباتی ڕەواو ئاشتی خوازانەی کورد، پشت بە یاساو ڕێساو ئاینی خۆسازکەر دەبستن و بە ناڕەوا ویستوویانەو دەیان هەوێ، ڕەوایی بەم ناڕەوایانە ببەخشن بە بێ ئەوەی ئەم پەلەقاژەیان بۆ چووبێتەسەر هەروا لێرەو لەوێ درێژەی دەدەن.

لە ڕەوتی نەپساوەی ئەم سیاسەتە شەڕانگێزانە دا، بۆ دەستبەر کردنی سەرنەوی کردن بە خەباتی سەربەرزانەی پێشمەرگە دا بوو کە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٧ی دسامبری ١٩٨٧ی زایینی، پاش دەیان و بگرە سەدان کرداری قیزەون و دژە مرۆیی دژ بە خەباتگێرانی کورد، تیرۆریستە کاسەلێس و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی، پاش چەند حەوڵێکی بێ ئاکام کە پێشتر لە ڕیگای ناردنی پیلاو و کاتژمێری بۆمب ڕێژکراو بۆ زەبر وەشاندن لە فەرماندەری بەوج و کارامەی کوردستان، ڕۆڵەی ئازاو چاونەترسی نیشتمان، پێشمەرگەی بەجەرگ و دوژمن بەزێن، هەڵۆی هەمیشە بەرزە فڕی دووندنشین، مامۆستای زاناو تێگەیشتووی پێشمەرگە، کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دابوویان، مخابن لە پیلانێکی جینایەتکارانەی سامناکدا، لە ڕێگای چەند خۆفرۆشێکەوە بە بۆمب ڕێژکردنی کتێبی "سفید دندان" لە نووسینی"جک لەندەن"، توانیان بە بەشێک لە مرامە چەپەڵکانیان بگەن و بەشێک لە جەستەی پیرۆزی لێبستێنن، بەڵام بیری شۆرشگێڕانەو خۆبەدەستەوەنەدەرانەی هەرگیزاو هەرگیز.



سەرچاوە
Serchawe

لە راستی دا ئەگەر هێزی زۆرو زەوەند، پۆشتە و پڕ چەکی دوژمن، لە دەیان شەڕی نابەرانبەردا کە بە سەر خەڵکی کوردستان و بزوتنەوە پێشڕەوەکەی دا سەپاندبوویان، بە فرۆکەی بۆمب هاوێژو سەدان و هەزاران، بەسیجی، سپایی و بەکرێگیراوی دژ بە ئازادی و مافی نەتەوەیی، نەیانتوانی بوو زەفەر بە ڕەمزو قەڵای خۆراگری پێشمەرگە، بە شێری هەمیشە لە بێشەی نێو لێڕەوارو دارسانەکانی سەردەشتی سەرسەوز و دێموکرات پەروەر، بەرن، ئەوا مخابن و سەد داخ، کە لە ڕێگای تیرۆرەوە توانیان جەستە و قەلافەتی جوامێرانەی کاک حەسەن شیوەسەڵی زامدارو برین هەڵگر بکەن و بەم ڕووداوەش ریسوایی هەتاهەتایی بۆ خولقێنەرانی ئەم تاوانە، داخ و خەفەتی زۆرو گران بۆ هاوەمەتەرێزەکانی و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بێنە ئاراوە.

بەشێکی زۆر لەم خەفەت بارییە، لەو سۆنگەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم کارە حەیاتکێنە لە ڕێگای چەند خۆفرۆشێکی بێ قەدروقیمەتی کوردەوە، بە فیتی دام و دەزگای دەوڵەتی قەوما، ئەوە لە حالێکدا بوو، دوژمن لە دەیان پەلامارو هێرشی ئاسمانی و زەمینی دا، لە دەیان موشەک باران و ئاگربارانی بێ بەزەیانە دا، لە سەدان بۆسەو شەڕی قورس دا، نەیتوانی بوو زەفەر بەم هەڵۆ تیژباڵەی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بەرێ و لە غافڵگیر کردنی دەستە وەستان بوو.

ئەگەر حەسەن شیوەسەڵی، چۆکی بۆ دوژمنانی ئازادی دادبا، سەری بێستوون ئاساو پڕ لە سەوداسەری ئازادی خوازی و نەتەوەی ویستی، بۆ داگیرکەری دڵ ڕەش نەوی کردبا، خۆ ساڵەکانی دەییەی ٧٠ زایینی، لە ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی پاشایەتی دا چۆکی دادەداو بیری لە خەبات بۆ ئازادی نەدەکردەوە و نرخەکەشی نەدەدا.

"عەبباس مەزاهری" لە کتێبی " شکوفەهای پر پر شده انار"دا زۆر بە ڕوونی بەشێک لە ئازایەتی و وەرە بەرزی، چۆک دانەدانی ماموٚستا حەسەن شیوەسەڵی لە گرتووخانەکانی رژێمی پاشایەتی لە شاری "زنجان" باس دەکات و بە پانەوە ڕۆڵی پێشەنگانە و ماموٚستایانەی کاک حەسەن دێنێتە زمان و بە شانازی یەوە بە پاڵەوانێکی ڕۆژە دژوارەکانی دەناسێنێ و رێز لە ئازایەتی و زانایی ئەم ڕێبەرەی کورد لە ئاست دوژمنانی ئازادی دا دەگرێت.

ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی، بەرانبەر بە ١٣٧٤ی هەتاوی بەملاوە، ماموٚستا شیوەسەڵی بە هۆی کاریگەری ئەو تیرۆرەوە، بە لە دەست دانی بینایی و دەستەکانی، لەسەر داخوازی هاورێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەنابەدڵی لە وڵاتی سوئێد گیرساوەتەوە، لەگەڵ منداڵ و هاوسەرە بەرێزو فیداکارەکەی ژیان تێپەڕ دەکەن. بەڵام هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ماموٚستا دەناسن باش دەزانن کە ناوبراو سەرەرای هەموو ژان و ئێشەکانی ڕۆژانەی کە بە هۆی ئەو تیرۆرەوە

خزاوەتە جستەی، دایم بیرو هۆشی لای پێشمەرگەکانەو بە گرینگی یەوە دەنگو باسی پێوەندیدار بە کورد و کوردستانەوە سەرنج دەداتێ و دڵە ئۆقرە نەگرتووەکەی بۆ رزگاریو هەڵمژینی هەوای بێ گەردی کۆیستانەکانی وڵات، وەکوو هەمیشە بەخیرایی لێدەدات، ئەو بە ڕینوێنی بیر تیژانە هاندەری لاوان بۆ خەباتی ڕەوایە، کاک حەسەن ئێشتاش بەو هیوا هەناسە دەدات بەڵکوو وەکوو جاری جاران خۆی لەبەردەم کوانووی داپیرەی کورددا ببینێتەوەو بە بزە پڕ لە مێهرەبانی‌یەکانی هیوای سوبەینێیەکی خۆشیان بداتێ و ئارەقەی سەر تەوێڵی ماندووی جووتیارو وەرزێری کورد لابدات، لە لای ڕەزەوانەکانی سەردەشتی مەلا ئاوارە، پشوویەک بدات، ڕیگای ئەمن و ئەمان بۆ کاروان چیبیە ماندووەکان دەست نیشان بکات، پاشان بۆ خەڵکی دەڤەرەکە تاوێک لە سیاسەت بدوێت، کەمێک داستانی نەبەردی و نەبەزی بگێرێتەوە.

ئاخر، ئەم ڕۆڵە چاونەترسەی دێموکرات، بە کرداری چاک، بە گوفتاری شیرین، بە داوێن پاکی و لەفز شیرینی، بۆ هەمیشە بۆتە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بە گشتیی، ناوچەی موکریان بە تایبەتی. ئەو هەڵسووکەوتە شۆڕشگێرانەی کە قاسملووی ڕێبەر نرخی بۆ دادەناو ڕێزی لێدەگرت و پاشان دوکتۆر شەرەفکەندی بە هەمان ئاقاردا ئەسپی ئەمەگداری لەم سیمبولەی خەباتی ڕەوای دێموکرات و گەلی کورد، تاو دەدا.
تاکوو ئاهەنگی تاقگەی دڵڕفێنی شەڵماش، ئاوپرژێنی دڵی ئەویندارانی جوانی و شادی بکات، تاکوو کەڵوێ لە هاژە هاژ و کەوف و کۆڵدا بێ، تاکوو چیای گیارەنگ بەپێوە بێ، گومانی تێدا نییە، حەسەن شیوەسەڵی بەڵگەیەکی زیندووی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، شانازی خەباتی ڕەوای خەڵکی کورد بۆ ئازادی، دێموکراسی و ئاشتییە.

هەرچەندە تاکوو هەنووکە لەم جینایەتە هەژێنەرە، وەکوو پێویست بۆ لە قاودانی روخسارو ناوەرۆکی تیرۆریستانەی ڕێژیمی ئێران، دژی خەڵکی کوردستان کەڵک وەرنەگیراوە، جێگای خۆیەتی، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی هەموو ئەو خەباتکارانە دیاری بکرێت کە بەشێک یان چەند بەش لە جەستەی پیرۆزی خۆیان لە پێناو ئازادی و رزگاری و بەختیاری خەڵکی کورد دا لە دەست داوە و هەر بەم بۆنەوە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژە دا هەر هیچ نەبێت بە شێوەی سومبولیک ڕێزیان لێبگیرێت و فیداکاری و گیانبازیان لەبیر نەکرێت.

سڵاوو لە یادو ناوی هەموو ئەوانەی کە ئێستاش ناوەکەیان بۆ دوژمن سام خولقێن و بۆ نیشتمانپەروەران هیوادەرو پشت و پەنایە.

سەرچاوە: ویبلاگی رەحیم رەشیدی - ڕێکەوتی: ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٨٦ هەتاوی = ٧ی جانێوێری ٢٠٠٥



سەرچاوە
Serchawe

## بە قسەی کاک مەلا حەسەن شیوەستەڵیشیان نەکرد

### وەفا قارنجی

کار و کردەوە گوماناوییەکانی کاربەدەستانی ئێستاکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و قەبزەکردنی، کە پێش کۆنگرەی ١٣ دەستیپێکرد و هەتا ئەورۆش هەر بەردەوامە، بوو بە هۆی تێکچوونێکی زۆری ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و دووبەرەکییەکی بێوێنە. هەربۆیەش دوژمنان بە دیتنی ئەو وەزعە شاد بوون و دۆستانیش دڵ بە پەژارە. تاکو ئێستا زۆر دیتراوە کە دوژمن چۆن کەڵکی لەو وەزعە وەرگرتووە. بێجگە لە لێشاوی ڕەخنە و ناڕەزایەتی ئەندامانی حدکا، بە دەیان و سەدان کەس و کەسایەتیش تکا و ڕەجایان لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە کردووە کە کۆتایی بە ئەو دۆخە ناحەزە بێنن. بەڵام داخەکەم، ئەوەی گوێی پێنەدراوە قسەی دڵسۆزان بووە.

نمونەیەکی ئەو قسە دڵسۆزانەیە، پەیامی جوان و پڕ لە دەرسی خەباتگێڕ و قارەمانی گەورەی کورد، بەڕێز کاک مەلا حەسەن شیوەستەڵیە کە پاش تەواوبوونی کۆنگرەی سێزدە بە ڕێکەوتی ١٤ی ژوئیەی ٢٠٠٤ بۆ ڕێبەرایەتی حدکای ناردووە و هەر ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوبۆتەوە.

من وەک خۆم بەشێک لە ئەو نامەیەی کاک مەلا حەسەنی بەڕێز دەخەمەوە بەر چاوی گشتی و وەک کوردێکی بەپەرۆشی هەندەران ئەو مافە بە خۆم دەدەم کە بە ئاماژەکردن بە نووسراوەیەکی سیاسیی کەسایەتییەکی سیاسی لە بارەی مەسەلەیەکی سیاسیدا بە نۆبەی خۆم ڕا دەرببڕم.

بەڕێز شیوەسەڵی لەو پەیامەدا دەفەرموێت:

"لە کۆنەوە گوتراوە: 'مێژوو نەبەردی بێ پسانەوەی هێزەکانە'، بەو پێیە ڕوون و ئاشکرایە کە حیزبی دێموکراتی داڕژاو لە چەند شەپۆلی فیکریی ناتەبا و وێکڕا ژیاو، زۆر زوو دەتوانێ هوویەتی ڕاست و دروستی خۆی لەنێو قوڵتی خەباتی دەروون حیزبیدا بدۆزێتەوە و سیمای ڕاستەقینەی خۆی لەنێو ئاوێنەی دیدگا دژبەیەکە خۆماڵییەکاندا بناسێتەوە و هەروەها



سەرچاوە
Serchawe

شوناسنامەی تازە بۆ کار و تێکۆشانی تازە لە هەڵومەرجی ناسکی مێژووی ئێستادا، لە پێشدا لە بارەگای گەلەکەی خۆی وەرگرێتەوە و بە تەئیدی هێزە ڕەسەنە دیموکراتییەکانی کوردستان و ناوچە و جیهانی بگەیەنێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ناتەبایی‌یە فیکرییەکانی نێوخۆدا لەبەرتان دەپاڕێمەوە کە هەرچی زووتر دەست لە گەردنی هاوسەنگەرانی موخالیفی خۆتان بکەنەوە و لە سەنگەری زۆرایەتی بۆ بەگژداچوونی خشوونەت و گرژی و زیاتر نێوئاخنکردنی سیاسەت بە ئەخلاق و خوو و خدەی سالم و قورسکردنی پارسەنگی ئیعتیدال و پشوودرێژی کەڵک وەربگیرێ و دەسکەوتی زۆرایەتی وەک دیاری و دادەیەکی پیرۆز و بەخششێکی بایەخداری دیموکراسی لەبەرچاو بگیرێ.

دیسان هەر لەو پێوەندییەدا نەک هەر دەپاڕێمەوە، بەڵکو دەستم بۆ داوێنتان درێژ دەکەم کە لە یەکەم هەنگاودا دیاردەی نالەباری ناوچەگەرایی، مەڵبەندگەرایی و ناوەندگەرایی لە نوتفەدا بخنکێنن و لە هەنگاوی دووەمدا سیاسەتی پاکسازی و تۆڵەستاندنەوە و "حەزف" و "تەرد" و پاڵەپەستۆدان و بایکۆتی بێجێ و قاودان و کشکردنی دڵسۆزان بۆ کۆسپەوی دوورەپەرێزی و بێزاریی سیاسی، لە گۆڕیچەیەکی قووڵ و تەنگ و تاریکدا بەچاڵ بکەن.

با هەموومان شادە بەوە بێنین کە لە مەیدانی کێشەکێشەی ژیانی سیاسیدا، ئەو ئینسانە پشوودرێژانە سەردەکەون کە لە ناتەبایی و ململانەی سالمی فیکری وەک ئەسڵێکی دیموکراتیک و فاکتۆری هەرە گرینگی زیندووبوون و هەرمان کەڵک وەردەگرن و هەروەها (خیرەدی جەمعی) وەک هەوێنێک لە تەواوی ئاکار و کردارەکانیاندا بەکار دێنن."

ئێستاکە کە بیست مانگی تەواو لە بڵاوبوونەوەی ئەو نامەیە تێپەڕ دەبێ، بەجێیە کە کاربەدەستانی کۆنگرەی سێزدە جارێکی دیکە چاوێک بە وشە بە وشەی ئەو قسە زێڕینانە دا بخشێننەوە. و خراپ نییە ئەگەر لێیان پرسیار بکرێت کە ئایا یەک دانەیش لەو ئامۆژگارییە بەنرخانەیان وەبەرچاو گرت یان بەڵکو سەد مەرتەبە بە پێچەوانەیان کرد؟

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

# شیوەسەڵی



پەیمان

١

"با"

دەبن"کونەمار"ێدا

کەدەڵەی پۆلوویە،

نازانم چیپێدەڵێ...

سوورهەڵگەڕاوە

لەدەم خەرمانی"سونێ"،

چیا خۆشخۆش


پیاڵەی لەدەست دەپەڕێ

چەند شوێنپێیەکیشەراب

بە کراسەسپییەکەیەوە ...،

نیشتیمان

توندتوند دڵیلێدەدا...



٢

پاش تومانی"گۆڕ ئۆمەر"،

لەدووای مەغریبەی"شەڵماش"،

لە پاش...،

خەزەڵوەری"شیوەسەڵ"...

بەژنێ لەجسنی"شەهید"،

دەستێ لەباڵای"ڕەحمان"

لەدەرگەی"ڕۆمان"دەدا...

ڕمبەیەک دێ

ڕمبە...

دەرکەی ئاگر دەکرێتەوە

ڕوخساری ڕەقیب

لەچووارچێوەدا:

تاریکی...

دەستە خوێناوییەکە

بەسەر "دانچەرموو"

قارەمانی"جەک"، دادێ ...

کە لە پەنجەرەی"ڕۆمان"ەوە

فڕێدرابۆ دەر...،

غەرقی خوێن!

٣

"جەکلەندەن"

شەهید...،

وەرگێڕەکەی...

فرمێسک فرمێسک

دەتگوت کەوییە

شەماڵ تەرجەمەی دەکا،

تەرجەمەی ڕووداوەکە

سپیسپی

لەکتێبێکدا دەنێژێ،

دووقەڵەم کێل.

٤

شنە

سەریلەسەر ڕانیتۆفان

وەرزیهەنارە خەڵوەتگە،

یەکەمجارە ...

مەملەکەتی"لوترکینگ"

نیشتیمانی"بینایی"

بەیەکەوە

"ڕۆمانە"یەک دەخوێننەوە

لە نووسینی:

فەقیهـ... !

٥

منالآنی"سونێ"

کووچە کووچە

داسـ...ـتان دەگەڕێن،

یەکەیەکە

بە خەڵکی نووسراوە دەڵێن:

هەرچی "ڕۆمان"ە "ڕۆمانە"یە...

هەرچی ڕۆمانـ...

هە...

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١١

## بەشێک لە وتار، پەیام و نامە هتد...

## وەرزی زەرد و ژینگە و جمگە

بە بۆنەی ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور سادق

مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی،

لە دەم هەرای ژان و ژیندا
لە نێو ژینگەی بێ پەرژیندا



هەرەسی خەستی رەشەقوڕ
چەرمی چیاکانی داماڵی
رەزاگران و هارووژاو و شەڕانی و دڕ
وەکوو حەزیای سەرشێتی کوێر
خۆی لە باڵای ئاگری ئاڵاند

پشتی تاقەداری چەماند
شمشاڵی مامەی قوڕ دادا
تووڕە و تۆسن، بە تاوان فێر
گەردنی تەرەغەی بادا
درێشووکەی لە رۆحی بووندا
باڵای داربەڕۆکانی جوی
ڕێشووی ریشی چیای قرتاندن
پرچی ئاڵەکۆکی ڕنی
کانیاوەکانی خنکاندن
گەشی و جوانی، شار و لادێ و ئاوەدانی
لانەی مەلان، تەرت و تەلان
چی نزار هەبوو ڕایماڵی
زللەی لە سیمای گەردوون دا
وەکوو نەریتی ژوور و ژێر
بوتەقەپلۆنی ویژدان کوێر
لمبۆزی بۆ گوناح بردەوە
فەرمانی راگەیاندەوە
ئاوی بە خوێنێژ کردەوە
کلکیان لەنێو گەڵۆزیاندا
تاقمی تاوان
لەتم و لەوسی بەپۆزیاندا
سەرمەستی بادەی سەرکەوتن
گوناح لەسەر کۆڵ
لە غاری گوناحان دەرکەوتن
پەیامی قورقوشم و باروت
بە شەپۆلی دەریای قوڕدا

بە لیخەی بێ تاواناندا
لە تابووتی سڕ و کڕدا
بە نێو پەڵە هەوری خەمدا
بە سەر چۆڵگەی ژانی چڕدا
بە نێو بارانی ماتەمدا
ئاوا پشکۆتووەتەوە زمانی
جوخەی مەرگ دەستی وەشان
پۆلێک پەپوولەی بێ تاوان هەڵپڕووکان
مردن لە دەم مردندا مرد
خوێنەکان لە خوێندا خنکان
داسی مەرگ درەوی کرد
شەوە گرەوی بردەوە
خێر و بێر و وەعدەی بوتان
بوونە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان
گێلە سیخوڕی کەڕ و کاس
بۆمبهاوێژی حۆلی بێ زمان
دڵ کوێر، بێ خێر، دۆڵپای پێخواس
بەڵێنییەکان بوونە ئاوردوو مووشەکان
مووشەک لە هەوا و لە زەوی
لە میحرابی نوێژگانەوە، بەرز و نەوی
لە سەکۆی با و بۆرانەوە
سنووری دەستکردیان بڕین
پیرۆزییەکانیان دادڕین
راکێتەکان گاڕان گاڕان
لوزەویان بەست
بێ بۆگە و بێ تانە و نێوان،

ڕۆحی ئینسانەکانیان گەست
لە قۆرغەکەی خوار باواجی
لە پەنای پەیکەری حاجی
لای گوڵزاری حاجیلەکان
وەک تاقیگە بۆ یەکەمجار
ڕەوە حەزیای سەرشێت و هار
لە نێو چەند شەپۆل ئینساندا
لەمبۆزیان بە زەوی دادا
گاو و ماسییەکەیان ڕاچلەکەند
بوونە بە تیشکی سووتێنەر
یەک لەدوای یەک تەقینەوە
ئینسان کوژان، مێشکی منداڵانیان پژاند
ساتۆرەکانیان سووینەوە
لە خوای ویژدان ڕەوینەوە
وەک گەلحۆی لە گیان بێ خەبەر
خۆیان گێل کرد بۆیان چوەسەر
لەملا لەولا، لەمبەر لەوبەر
پیر و جەوان وەکوو کەوان
کوور و گوڕتر بوون و چەمان
لە بورجی هەرە بەرزەوە
بۆ کوشتارە بە هەرەوەز
ڤین هەستاو غەزری و دم وەڕەز
ئەو جەردانەی جاڕیان ڕاهێشت
فەرمانی قەلاچۆیان دا
وەکوو ئۆباڵ
دوو دەستیان لە ملی خۆیاندا

جانەوەر بوون جادووگەر بوون
بوونەوەری بە خوێن سەرمەست
هەموو ڕەماڵ و چاو بەست بوون
کورد کوژانی قەمە بە دەست
پاش هەڵدانی بالۆرەی شەڕ
بوونە مارشاڵی قسەی بە دەست
شەرعییەتی کۆڵی کرمۆڵ
پاش گۆڕینی چەندین حاڵەت
دوای هاویشتنی چەندین توێژ
بوو بە دیاردەی تازە بابەت
سڕە و گوڕە و سوڕە و تۆرە
ژەنگی مێژوو بووە بە خۆرە
پۆلێک ئەستێرەی گڕگرتوو
لە ناکاو سیس و بێ هەست بوون
مزگەوت و میحرابی رووخاو
پێشنوێژی لە سێدارەدراو
جێژوانی چۆڵ، گڕاوی ، کلۆڵ
بەختی چەماو، پێخەفی قوڕ
گرشەی رنوو، خەوی ژێر چارۆکەی بەفر
لووره لووری بای سەرگەردان
حەشارگەی تەپیو و وێران
زۆنگاوی سوور، قامیشەڵان
گژەبای سارد، بناری دوور
کاولە ئاشی ئاگردراو
ئاشەوانی تیرۆرکراو
تەرمی بێ گیانی سارد و سڕ

ڕنووی لە گوڕ، مەرگی لە پڕ
جوت بەرداشی پێکداچزاو
گێژ و خول و ڕێ ون کردن
پەنا بۆ کونەڕێوی بردن
بە گاگۆڵە، گا چنگڕنە
لە کۆڵ نانی درێژترین ئازار
قەبر و قەنارە و گیر و دار
گورگە خەوی ئەشکەوتی خەم
زریانی دڕ، پشوو لێ بڕ
بڕینی درێژترین چۆڵگەی ماتەم
مانگی ژێر مەندیلی تریفەی، خەرمانەی گیران رەشپووشی
ئازارە با و پڕشە بەفر و تەڕ و تووشی
کۆنە برینی شان و پیل و قاڵچە و پەنجە
دار و فەلاقە و ئەشکەنجە
وێکڕا قڕان، زەردەخەزانی دابڕان
هەموو دەستیان دایە دەست یەک
وەک تاقانە ڕۆڵەی ڕۆژگار
بە میرات بە ئێمە بڕان
خوێی دژە بۆگەن، بۆگەن بوو
ژان کەوتەوە سەر ژانی کۆن
برین کەوتە سەر برینی سووتوو
کەلان لە تەلان هەڵدێران
چارەسەر چووە پشتی شێران

**لینکی دەنگی؛ مامۆستا حەسەن شیوە سەڵی**

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## پەیامی هاوخەمیی مەلا حەسەن شیوەسەڵی بۆ تیرۆری کاک مووسا باباخانی



کەسایەتیی ناسراو و تێکۆشەری کورد و حیزبی دێموکرات لە پەیامێکی دەنگیدا هاوخەمیی خۆی بۆحیزبی دێموکرات، هاوسەنگەران و بنەماڵەی شەهیدی نوێی دەستی تاوان و تیرۆری کۆماری ئیسلامی، کاک مووساباباخانی دەربڕی.

کەسایەتیی خۆشناو و تێکۆشەری گەلەکەمان، مەلاحەسەنی شیوەسەڵی لە پەیامێکی دەنگیدا وێڕای دەربڕینی بێزاریی خۆی لە تیرۆر و تیرۆریستان و داوای بەسزا گەیاندنی بکەرانی ئەو کردەوە ترسەنۆکانەو قێزەونە، خەم وپەژارەی خۆی بۆ لەدەستدانی تێکۆشەری ماندوونەناس و گیان لەسەردەستی دێموکرات، شەهید مووسا باباخانی کە لە شاری هەولێر و بە دەستی ڕەشی چڵکاوخۆرانی جەهل و نەزانیی دەربڕی و سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات و هاوسەنگەرانی شەهید مووسا و بنەماڵە سەربەرزەکەی کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر مووسایەک شەهید دەکرێ سەدان و هەزاران مووسا لە خاکی کوردستاندا دەڕوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## پەیامی خەباتکار و کەسایەتیی لەمێژینەی دێموکرات، سەبارەت بە کارەساتی شەوی یەڵدا



بەڕێز مەلا حەسەن شیوەسەڵی کەسایەتیی و خەباتکاریی بەناوبانگی دێموکرات سەبارەت بە ڕووداوی کارەساتباری شەوی یەڵدا، پەیامێکی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ناوبرا لەو پەیامەدا ڕوو بە سکرتێری گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان و جێگری سکرتێری حیزب هاوخەمیی و هاودەردی خۆی دەربڕیوە. دەقی پەیامی بەڕێزیان بەم شێوەیە؛

کاک خالید عەزیزی و کاک مستەفای مەولوودی وێڕای سڵاوی گەرمی برایانەم شەهادەتی بە کۆمەڵی تێکۆشەران، ئەویش لە ئاهەنگی شادیی و خۆشیی شەوی یەڵدا دا، جێگای داخ و کەسەری گەورە بوو.

بەم بۆنە تاڵەوە وێڕای دەربڕینی هاودەردیم سەرەخۆشی گەرمی خۆم بە ئێوە و هەموو هاوسەنگەران و بنەماڵەو کەسوکاری بێتاوانیان ڕادەگەینم، ڕووزەردی و سەرشۆڕی بۆ تێروریستان و ئۆباڵی مێژوویی بە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە لە ڕاست هەر چەشنە تێرورێکدا بێدەنگ دەبن و گەردەنی ئەو کەسانەش ئازا نەبێ کە بە مەبەستی تاکەکەسیی و تایبەتی تاوانە ڕەشە تێروریستییەکان دەشارنەوە و، دانیان پێداناهێنن.

ئەم جار و هەزاران جارێکی دیکەش سڵاو لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری و دوعا و شیفای هەرچێ زووتر چـاک بـوونەوە بـۆ برینـدارەکان دەکەیـن و ڕۆحی شـەهیدەکان شـاد بێت، سـەبر و سـەبووری بـۆ کەسـوکاریان بـۆ بە ئـاوات دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزب لەلایەن بەڕێز مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی




**شێره خوشکان، برایانی دلێر**

**وێڕای حورمەتی شایستەی ئەم بەیەکگەیشتنەوەمان؛ بۆ من شەرەف و شانازییەکی یەکجار زۆر گەورەیە کە لە بارەگای بەرزی جەماوەرە بەرینەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، بە زیارەتی ئێوە دەگەمەوە و باوەش بە گەردنی بەرزی ئێوەدا دەکەمەوە.**

**خۆشەویستانم لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە شادەمارەکانی جوگرافیای لەت لەتی وڵاتی ئێمە لەژێر هەڕەشەی قەڵت و بڕی مۆدێل تازەدایە و گەلی ئێمە لەژێر ڕەهێڵەی تیشکی چەکە لەیزەرییە وێرانکارەکاندا بە چۆلگەی مەحەشەرە خوێناوییەکاندا تێپەڕدەبێت، جێی ڕێز و قەدر زانییە کە هاوڕێیانی ئێمە بە ئەرکی پیرۆزی گرتنی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکرات هەستاون و لە شەمەندەفەرە خوێناوییەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا لە سەر بڕین و پێوانی ڕێبازە سەختەکان هەروا بەردەوام ماون.**

خۆشەویستانم، هەم زمانحاڵی کۆنگرەو هەم واقعیەتی موشەخەسی ناوچە، هەم سیگناڵ و ئیشاراتی دەوروبەر ئەو حەقیقەتە دەخەنە باوەشی ئێمە کە کۆنگرەی ئەوجارەمان لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردوو جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە، بەو مانایەی کە هەلومەرجەکان و ئاڵوگۆڕی ئیحتماڵی هاوکێشە ئاڵۆزەکان، ئەرکی زۆر قورس و گەورە و گران و لە عەینی حاڵدا تازە و نوێ دەخەنە سەر شانی ئێمە، چاوەڕوانییەکانیش ئەوەن کە بە ئیلتیزام بە ئایینی هاوسەنگەری و بە تەعەهودی سەریح و شەفافی نیاز پاکانە وەڵامی ئەو سیگناڵانە بدرێتەوە.

خۆشەویستانم، لەو کاتەیدا کە لە بورجە بەرزەبەرینەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا لە خزمەتاندا ڕاوەستاوم پێم خۆشە ئیجازە بدەن پێکەوە حورمەت بۆ شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان و سڵاو و ڕێزی تایبەتی بۆ چوار رووداوی تازەی ناوچە واتە سڵاو بۆ قوربانیانی تەکانە سەرتاسەرییەکەی ئێران، بۆ تازیەبارانی بوومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ شەهیدانی شەوەکەی دووبارە ئەسیربوونەوەی قودسی کوردەکان وە هەروەها بۆ بێپەنایانی عەفرین و ڕێز و نەوازشی تایبەتیش بۆ سوارچاکانی ڕاسان بنێرینەوە؛ ئەو شاسوارانەی کە گوڵاڵەئاسا سوورگوڵئاسا لەهەرەک جەنگەی گەشانەوەیاندا سەریان نایەوە و سوجدەیان بۆ دارو بەردە خوێناوییەکەی کوردستان بردەوە و لە هەناوی عەرزە هەڵاڵییەکەیاندا سەریان وە بەردی خەوی ئەبەدی کردەوە، باوەشی گەرم بۆ ئەو گوڵە کێویلانەی کە لە نێو خۆڵە خوێناوییەکەی ڕاساندا ڕوانەوە و ڕیشەیان داکوتایەوە و ڕاژاندن و لاوانەوەی ڕۆحیش بۆ ئەو شەهینە بەرزە فڕانەی کە لە کۆچە سوورەکەیاندا بەرەو میحراجی ئەبەدی هەڵفڕین و هەرگیز نەگەڕانەوە.

شێرە خوشکانم برایانی دلێرم،

دێمە نێو هەستی خۆم، بۆ من کوڵ و ئازارێکی گران بوو کە دەیان ساڵ بوو لە کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات دابڕابوم؛ ئێستا سەر لە نوێ ژیانەوەمە کە خۆم ڕووبەڕووی خەباتکارانی نێو سەنگەر و داهێنەرانی نەخشەڕێگای ڕاسان و ڕێبوارانی ڕێگای جوڵان و تەکان و ڕابوونی دلێرانەدا دەبینمەوە؛ گەڕانەوەمە لە تاراوگەیەکی سڕ و تەزیو و گۆڕستانێکی تاریک و خامۆش بەسەر دنیای ڕوون کە خۆم ڕووبەڕووی سیاسەتمەدارانی بەئەزموونی خوێنی جگەر خواردوو، گەرم و سارد چەشتوو، سیاستوانانی بەبڕشت و تازە نەفەس و جەنگاوەرانی دلێردا دەبینمەوە و دەنگی هەنگاوەکانیان وەک هاژەی شەپۆلی دەریایەکی بەرین هەست و دەروونم دەلاوێننەوە، خۆزگە لە هەلومەرجێکدا بوومایە بمتوانیایە تاجە گوڵینەیەکی گەورەی بە بەرزی هیمەتی گیان لەسەر دەستان و گەشی خوێنی شەهیدانی قۆناغی تازەمان لە بەردەم بارەگای بەرزی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دابنێم، لەم بارەوە بە داخم بۆیە تکا دەکەم ئیجازەم بدەن بەو کلیلە

ڕەمزییەی بۆخۆتان وەک میداڵی شانازی بە منتان بەخشیوە دەروازە ڕەمزییە بەرینەکەی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هیممەتی ئێوە بکەمەوە، وە شەرەف و شانازی حزوورم لەو فەزا پیرۆزەیدا وەدەست بێنم و پێشەکی ڕێز و ئەمەکناسی و پیرۆزبایی خۆم و نزیکترین کەسانم بە ئێوە یەک یەکی بەشداربووانی کۆنگرە، وە لە ڕێگای ئێوەوە بە تێکڕای بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و ئەندامان و هەواداران و سەوداسەرانی ئازادی و دێموکراسی و سەرەوەری نەتەوەیی ڕابگەیێنم.

خۆشەویستانم، شانازی دەکەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو هەموو قۆناغە سەخت و خوێناوی و دژوارانەدا تێپەڕدەبێت، بەڵام لە هەناسەدان ناکەوێ. ئێمە هەموومان شاهیدی زۆر خولی هەژێنەرین شاهیدی زۆر ڕەشەشەوی دوور و درێژ و تاریک و تروک هەین، لێرەدا ڕەنگە باسکردنی هێندێک مەسەلە هەم بە فیرۆدانی وەخت، هەم تاڵ و نالەبار و هەم ناسیاسیانە بێت، بەڵام مێژوویە و ناتوانین بێ ئاوڕدانەوە باس لێکردن بەسەریاندا بازدەین، لێرەدا زۆر بە کورتی تەنیا نیوەنیگایەک بە یەک قۆناغدا دەخشێنینەوە، هەموومان شاهیدی ئەو قۆناغە مەینەتبارەیی هەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی نەما، هەڵوەدای نێو مەیدانێکی وا سامناک بوو کە جگە لە بەشێکی کەم لە دۆستان و هاوپەیمانانی دێرینمان، جگە لە دەروازە لەسەر پشتانی دڵسۆزانی ناوخۆ هەموو دەرگاکان بەڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا داخران، بەڵام حیزبی ئێمە ئارام و پشوودرێژ وەک کێو لە نێو ئەم مەیدانە سامناکەیدا چەقی، هەیکەلی کوردانەی نەچەمایەوە وە لەسەر بڕین و پێوانی تاریکستانەکان و شەق کردنی شەوەزەنگەکان لێبڕاوانە پێی داگرت و پشتی وە عەرزێ نەکەوت.

خۆشەویستانم، سەربەرزم زۆریش سەربەرزم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵمەتی ڕاسانی لەژێر چەتری دیفاعدا، دیفاع وەک ئەسڵی مەنتقی و گونجاو ڕاگەیاندووە، وە ئاوڕێکی جیددی و بە کردەوەی لە هەلومەرجی ئێستاو هێڵی جینایەتکاران و لەشکری قرەقوشی جەمهوری ئیسلامی ئێرانێ داوەتەوە، جگە لە حەقیقەت شتێکمان نەوتووە، ئەگەر بڵێین ڕاسان وەرچەرخان و زەروورەتی مێژوویی و گەڕانەوەی شکۆ و ئیعادەی هەیبەتی شۆڕشگێرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاماڵینی شەوەزەنگی نائومێدی و بێئاسۆیی بوو، ڕیسالەتێک بوو دلێرانە ئەنجام درا وە ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو ئازارە، با و زریانە با و گەردەلوول و تۆفانانەی کە خۆیان بە سیمای هەیکەلی برینداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەکێشن، حیزبی ئێمە لەسەر جەماوەریتر کردن و بەرینتر کردن و خەڵکیتر کردنی ڕاسان هەروا بەردەوام ماوەتەوە و بەردەوامیش دەمێنێتەوە.

خۆشەویستانم ئێوە باشتر ئاگادارن هێندێک دەنگی ناساز هەیە دەیانهەوێ نەک تەنیا شەرعی بوونی ڕاسان بەڵکوو ڕەوابوونی خەباتی گەلی ئێمە بەرنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بەخۆشییەوە بەڵگەی یەکجار زۆری ڕەوابوون و عادڵانە بوونی خەباتی گەلی ئێمە و حەقانیەت و شەرعیەتی ڕاسان بەدەستی ئێمەوەن کە تەنیا بەیەک نموونەی چووکە ئیکتفا دەکەین، زۆربەی زۆری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک دەنگی حەقخوازانەی ئەکسەرییەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕەخنەیان لە ڕاسان هەبوو، تێبینی و مولاحەزاتی تایبەتی خۆیان هەبوو بەڵام لە کێشەی ڕاساندا زۆر خۆیان بە جیا نەزانی وە ئێستاش ئەوەندەی ئێمە بزانین لە نێو زۆربەی زۆری ئەو هێزە سیاسییانەدا جیا لە جیاوازی سەلیقە و بۆچوون سەنگەری جیاواز نابینرێت، نەک تەنیا سەنگەری جیاواز نابینرێت بەڵکوو سەنگەری خوێناوی هاوبەش لەسەر ئەرزی واقیع گەش گەش دەتروسکێتەوە و دەگەشێتەوە کە ئەمن بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی بە نیشانەی دابەزاندنی ئاشتی پایەدار و سیگناڵی ڕێکخستنی پلاتفۆرمی سیاسی هاوبەش و سەرەتای پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی دەبینم کە ئاواتەخوازم هەرچی زووتره پێک بێت.

خۆشەویستانم ڕاستە حیزبی ئێمە لە پرۆسەی ڕاساندا هەزینەی قورس و بەهای گرانی کەوت سەرشان بەڵام گیان لەسەردەستانی ئێمە گەلێک پەیامی بەسۆز و کوڵ و زۆر نیدای بەرزی ئینسانیان بە گوێی چەوساوەکانی ناوخۆ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی سەر ئەم گەردوونە گەیاند، گیان لەسەر دەستانی ئێمە لە بەرزترین مینبەری خۆبەخشینەوە، لە بەرزترین مینبەری فیداکاری و گیانبازییەوە هاواریان کرد، هاواریان کرد کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داماویی و دەستەپاچەیی و بێهەڵوێستیان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مل ڕاکێشان و تەسلیم بوون بە ئیرادە و چارەنووسی لە پێشدا دیاریکراویان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بت پەرستی و چاوبەستی و "لەبەیکی ڕیاکارانە" بە موجریانی فتوای نگریسی جیهادی جادووگەرانیان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و "ڕەوزەخانی" و حینگەشەلە و هەنگڵەشەلەی سیاسی نابەوەختیان نەگوتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شانۆسازی و سیناریۆڕەنگاندن و "دیزە بەدەرخۆنە کردنی" پرسە هەستیارەکان و بازرگانی کردن بە سیاسەتیان نەگوتووە، لە بەرانبەردا شەهیدانی ئێمە لە قووڵایی ویژدانیانەوە چریکاندیان، چریکاندیان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەعرەتەی شێرانە و ئیرادەی جیددی و عەقڵی ئازاد و دیفاع و مقاومەتی سەرسەختانە و دلێرانەی مەیدانی لێک دەوەشێنەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەگژداچوونەوەی جەلادان و خوێنمژان و تابووتانی میراتگرانی تابووت و لەڕووهەڵچوونەوەی ستەمکارانی مێژوو یەکتر دەخوێننەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شکاندنی تەلیسمەکان و هەڵتەکاندنی بوتەکان و نای یەکجاری گوتن بە سیستەمی ویلایەتسالاری دەبێت دەستلەملانی یەکتر بن، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ بۆ هەمیشە "قانگەلاشکی نێو شەپۆلەکان و لایەزی دەم ڕووبارەکان و خێشکی بیلائیرادەی دوای ڕووداوە سیاسییەکان" بێت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیرادە و کەسایەتی مونحەسیر بە فەردی خۆی

هەیە، گەشاوەتەوە و لەگەڵ دەرهاتووە، جگە لە پسپۆڕانی کەم وێنەی زانستە جۆراوجۆرەکان گەلێک ڕۆژنامەوانی چاونەترس و سینەماکارانی موعجیزەگەر و سیاسەتمەدارانی بەتوانا و مودافێعانی سەرسەختی حقوقی بەشەری لە نێو هەناوی خۆیدا پەروەردە کردووە، ڕاستە کە ڕێژیم بە تەنیا لە کوردستانەوە نارووخێت وە حیزبی ئێمە هەرگیز ئەوەندەی ئەمن پێم شک بێت نە لە زمانی ڕەسمی و نە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا ئەو ئیدێعای نەکردووە، بەڵام لێرەدا لە ساحەتی موقەدەسی کۆنگرەدا پێمان شوورەیی نییە و بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەمیشە دەتوانێ سەنگەری ئازادیخوازان و دیواری پۆڵایین و پاڵەو پشتێکی قایم و قۆڵی جێی متمانەو باوەڕ بێت وە لە هەلومەرجی ڕەخساودا وێرای میللەتانی چەوساوەی ئێران دەتوانن ببنە لافاوێکی بەرین و کۆشکی جادووگەران و دزانی سەرگەردەنە بۆ هەمیشە ڕامانڵن؛ لە ڕابردوودا گوتوومانە و ئێستاش دەیڵێین و سەدان جاری دیکەش پێمان شوورەیی نییە لە دوارۆژدا بیڵێین و بیڵێینەوە، ڕاسان وەچەرخان و سەرلەنوێ ژیانەوە و هەستانەوە و شەرەف و کەرامەتی ئێمەیە وە بۆ پاراستنی ئەو کەرامەتەمان ئامادەین ئاخرین نوکەی توانامان وەگەڕبخەین وە دڵنیاشین دوارۆژی میللەتانی چەوساوەی ئێرانییە.

خۆشەویستانم ڕاسان جارێکی دیکەش ئەو حەقیقەتەی پشت ڕاست کردەوە کە هەر میللەتێکی چەوساوە ئەگەر کادری سیاسی بە تواناو لێوەشاوەی لە مەیدانی گەرمی کێشەکانی ناوخۆدا نەبێت لە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە، هەر گەلێکی ژێرچەپۆک ئەگەر جەنگاوەری گیان لەسەر دەست و جەربەزە و فیداکاری، لە مەیدانی گەرمی کارزاری حەق و ناحەق و لێکڕاکێشان و پێکدادانی تاریکی و ڕووناکیدا نەبێت ناکەوێتە سەر ڕەیل و ڕێبازی سەرکەوتن نەبوونی ئەو دوو عونسورە کاریگەرە شانبەشان و هاوتەریب لەگەڵ یەکتر بەمەبەستی دیفاع و پارێزگاری لە مان و مەوجوودیەت و باوەش لێدانی بەها بەرزە ئینسانییەکان چۆکی میللەتانی ژێر دەستی دنیا دەشکێنێ.

عەزیزانم درێژبووە و شەرمەندەی ئێوە و داوای لێبوردنتان لێدەکەم؛ بۆیە سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆنگرە تەنیا ئەوەندەتان عەرزدەکەم کە هاوڕێیانی ئێمە بەمەبەستی چاکسازی، وە بەمەبەستی تەکانی سالم و حەکیمانە گەلێک پێشنیاری جیددی و ڕێنوێنی خەلاق و شوعاری گونجاو لەگەڵ سەردەمیان پێیە کە لە پرۆسەی کارو باری کۆنگرەدا بە عەرزی کۆنگرەیان دەگەیەنن، هیوادارم کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببێتە هەوێن و جەوهەری هاودەنگی، ببێتە سەکۆیەک بۆ هەڵفڕین بەرەو قۆناغێکی تازە کە لەو قۆناغەدا حیزبی ئێمە بتوانێ بە ئەو پەڕی یەکگرتوویی و بە ئەوپەڕی پشوودرێژی و بە ئەوپەڕی یەکگرتوویی کەم وێنە و پارادایم و میتۆدی گونجاو خەباتی خۆی لەگەڵ جوغرافیای سیاسی و ئاڵوگۆڕ و موعەدەلاتی ناوخۆ و ئیقلیم و گەردوون هەماهەنگ بکاتەوە



سەرچاوە Serchawe

سڵاو دەنێرم بۆ ئازادیخوازانی سەرتاسەری ئەو دنیایە

کڕنۆش بۆ ئیمامانی سیاسی، پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی

ڕێز و نەوازش و لاواندنەوەی ڕۆحی بێ جیاوازی، بێ فەرق و فروق، بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕۆژهەڵات وە بەتایبەت شەهیدانی قۆناغی تازەمان، دڵنیام تاجی شانازی سەرسەری خانەوادەو کەس و کاریان بۆ هەمیشە لە مێژوودا درەوشاوە و درەوشاوەتر دەمێنێتەوە

سڵاو دەنێرم بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و سەرتاسەری ئێران

ڕێز بۆ کەمئەندامان.

سڵاو بۆ زیندانیانی سیاسی وە بە تایبەتی سڵاوێکی تایبەتی بۆ نێلسۆن ماندێلا بە ساڵدا چووەکانی نێو زیندانی ڕێژیم وە بەتایبەتی کاک محەممەدی نەزەری، وە سڵاوێکی تایبەتیتر بۆ نێلسۆن ماندێلای زنجیر پسێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک سدیقی کەبوودوەند دەنێرینەوە.

قەڵەمی کادرە تێکۆشەرەکان و دەست و پەنجەی سەر گێلەنگەدەنی ئەو پێشمەرگانە لەسەر سەرم دادەنێمەوە، کە لە سەنگەری دیفاعدا سەرسەختانە و دلێرانە مقاومەت دەکەن.

سەرکەوتوو بن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی

جەماوەریتر بێ ڕاسان و ئاوڕدانەوەی جیددی و بە کردەوە
سەرکەوێ کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
داتەپین بۆ کۆشکی جەردەنشینی جەماران
شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان و هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبی وەبەر خەنجەر کەوێ
سوپاستان دەکەم

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٨

## مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی: دیسیپلینی ئاگاهانە بۆ دەروپەیکەری دەخنکێنێت، بێ مەسئوولییەتی لەناو دەبا، لە عەینی حاڵدا توندڕەوی و تیژڕەوی مەهار دەکا




هاوسەنگەرانی خۆشەویست؛

خۆشک و برایانی هێژا؛

تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی؛

پڕ بە دڵ سڵاوتان عەرز دەکەم

ساڵەها بوو من لە دیداری ئێوە مەحرووم بووم؛ ساڵەها بوو دڵم بۆ لای ئێوە لێی دەدا، لە دانیشتنەکاندا، لە خەونەکانمدا، هەمیشە لە یادی ئێوەدا بووم، مەبەستم ئەوە نییە کە خوا نەخواستە ڕیابازی لە حزووری ئێوەدا بکەم؛ کە دەچوومە نێو خەونەکانمەوە ڕاست دەگەڕامەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، ڕاست دەبوومەوە ئینسانێک کە ساغە، سڵامەتە لە وڵاتی خۆیدایە، لە کوردستاندایە، لەگەڵ پێشمەرگەکان، لەگەڵ کادرەکان، لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەمان قسان دەکەم دەیاندوێنم، دەمدوێنن، لێک تۆڕە دەبین، بەگژ یەکتردادێین جارجارە، بەڵام پاش لێک تووڕە بوون و بە گژیەکترداهاتن، دەچینەوە نێو سەنگەرێک، پشتمان بە پشتی یەکەوەیە، لە بەرامبەر هێرشی دوژمنەکاندا ڕادەوستین؛ سەدان جار، هەزاران

جار ئەو خەونەم دیوە، پێشم وابوو ناتوانم بێمەوە لە نیزیکەوە گوێم لە ئێوە بێ، گوێم لە دەنگی پێڵاوەکانتان بێ، گوێم لە دەنگی هەناسەکانتان بێ، بەڵام ئێستا خۆ سەیریش نییە ئەگەر پێم وابێ هەر خەونە و نەهاتوومەوە؛ ئێستا باوەڕ بەوەی دەکەم کە ئەمن بە جیددی بە جەستە لەنێو ئێوەدام نەک بە خەیاڵ، ئەوە بۆ من سەربەرزییەکی زۆر گەورەیە.

لێرەدا ئەمن شانازی زۆر دەبینم؛ دیارە هاتن بۆ کۆنگرە بۆ من شانازییەکی زۆر گەورەیە و لە ڕۆژانی ئاخریشدا کە کلسووم نەخۆش بوو، خەریک بوو لێمان تێکچێتەوە، بەڵام نایشارمەوە گوتی: "ئەگەر بشمرین هەر دەچینەوە ئەمنیش تەسلیمی بووم". هاتینەوە بۆخزمەت ئێوە، کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران گیرا و بە سەرکەوتوویش گیرا، بە سەرکەوتووانە. بەش بە حاڵی خۆم دەمزانی سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام ئەو ئەندازەیە ئینتیزارم نەبوو، پێم وانەبوو ئێمە تا ئەو حەدە دەتوانین لەگەڵ یەکتر دابنیشین لەگەڵ یەکتر کێشە بکەین جەڕ و بەحس بکەین، بە گژ یەکتردابێین، بەرۆکی یەکتر بگرین لە سەر مەسەلەکان؛ بەڵام تا ئەو ئەندازە ئێمە بە تەفاهووم بگەین، ئەو تەفاهوومە جێگەی ڕێز و قەدرزانی یەکجار زۆرە بۆ من، لەوێشدا عەرزی هاوڕێیانم کرد ئەو تەرحە، تەرحێک نییە تاوان بووبێ یان گوناح بووبێ، دانی تەرح ئەرکی سەرشانی هەر حیزبێکی سیاسی و مەسئوولە و حیزبی ئێمەش ئەو ئەرکە قورسەی خۆی بەجێ گەیاندووە، ئەو وەزیفەی سەر شانی خۆی بەجێ گەیاندووە، ئیسکلێتی حیزبی ئێمە ئیسکلێتێکی سوننەتی بوو. دەیان ساڵ بوو نەک دەیان ساڵ بەڵکوو لە تەواوی تەمەنی خۆیدا حیزبی ئێمە بەو ئیسکەلەتبەندییەوە هاتبوو، ئیستا ئەو ئیسکلێتەی گۆڕیوە زاهیرەکەی گۆڕیوە و ڕواڵەتەکەشی کە گۆڕیوە ناوەرۆکەکەشی دەگۆڕین. دڵنیام، ئەوەی بۆمن جێگای زۆر شانازیی بوو، تەحەممولی هاوڕێیانی ئێمە بوو، ئەقڵییەتی هاوڕێیانی ئێمە بوو؛ ئەمن لەمێژە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنام، دوکتور قاسملوو کە هاتەوە لە ساڵەکانی کۆنگرەی ٣ دا و کۆنگرەی ٤ دا هەوڵی جیددی ئەوە بوو کە ئەخلاقی سیاسی واریدی حیزب بکا، نایشارینەوە هێندێک هاوڕێمان لێی هەڵبەزینەوە، بەڵام دیسان ئەوانیش بە تەحەممولەوە کەوتنە ژێر ئەو تەئسیرە و حیزبی ئێمە توانی بەو ڕێگایەدا بڕوا؛ هاوڕێی نەمرمان دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە ئەخلاقی سیاسی بە تەنیا، بێ مەنتق، بێ حیکمەت، بێ فەلسەفە و بێ لێکدانەوە ناتوانێ بەڕێگەدا بڕوا.حیزبی ئێمە ئەو مەسەلانەی هەموو تاقی کردووە، ئەخلاقی سیاسی پیادە کرد، باسی سانتڕالیزمی دێموکراتیکی کرد، دیسیپلینی نوێی داهێنا، دیسپلینێک کە لەگەڵ ئاگاهی تێکەڵ بوو و ڕۆیشتە پێشێ.

ئەمن لەو کۆنگرەیەدا ئەو دیسیپلینە ئاگاهانەم بە چاوی خۆم دیت، دیتم کە دیسیپلینی ئاگاهانە بێ دەر و پەیکەری دەخنکێنیت، بێ مەسئوولییەتی لەناو دەبا، لە عەینی حاڵدا توندڕەوی، تیژڕەوی ئەوانە مەهار دەکا، ئەمن بە چاوی خۆم لەو کۆنگرەیەدا ئەو شتانەم بە ڕوونی دیت، ئەوەیکە بۆ من زۆر زۆر جێی شانازی بوو تەحەممولی یەکجار زۆری هاوڕێیان

بوو بە نیسبەت نەزەری موخالیفی یەکتر، ئەمن ئەو عەقڵانیەتە بەرزەم دیت، ڕیابازی نەبێ لەعنەت لە ڕیاباز، عەقڵیەتی حیزبی خۆمانم بە چاوی خۆم دیت هەر لە خوارێڕا هەتا سەرێ ئاگاهییەکی یەکجار زۆرم دیت، تەفاوتێکی یەکجار زۆرم دیت و نەک دەتوانم پێی بڵێم سەرکەوتن و تەرەقی بەڵکوو وەکوو جەهشێک دەیبینم، جەهشێکی زۆر بە توانا، بازدان بە سەر زۆر مەسەلەدا، تێپەڕ بوون بە سەر زۆر شتی نالەباردا، گەیشتن بە فکرێکی بەرز، بۆرجێکی بەرز لە فکری پێشکەوتوو، من بە دڵەوە ئەوانە دەڵێم.

هومێدی زۆرم بۆ درووست بوو؛ من هەرگیز پێش هاتن بۆ کۆنگرە ئەو هومێدە بەرزەم تێدا نەبوو کە بەو ئەندازە ئەمن لە پێشمەرگەی سادەڕا بگرە هەتا ئاخیری بەو ئەندازە ئاگاهی ببینم و بینیم، تا ئەو ئەندازە ڕوشدی کردووە. من عەقڵیەتێکی دیکە لێرەدا دەبینم ئەویش عەقڵیەتی پێکەوەسازان، پێکەوەژیان و لەگەڵ یەکتر هەڵکردنە، ئێمە لێرەدا هێندێک هاوڕێی دیکەمان هەیە، هاوسەنگەری کۆنمان هەیە کە لەگەڵ ئەوان لە پەنای یەکتر دەژین بەڵام دیتم لەگەڵ یەکتردا چۆن بەرخورد دەکەن، چۆن دۆستانە لەگەڵ یەکتر هەڵدەستن و دادەنیشن، خۆیان وەکوو یەک بنەماڵە حیساب دەکەن، خۆیان وەکوو یەک هاوسەنگەر حیساب دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئیختلافی نەزەریان لەگەڵ یەکتردا هەیە، ئەوە بۆ من جێگای شانازییەکی یەکجار زۆر گەورەیە، من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەیکە پێم گرینگ بوو، مەسەلەی ئیدامەدانی ڕاسان بوو، زۆرمان لە سەر ڕاسان باس کرد، زۆریشمان باس کردووە ناچینەوە سەر ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا بوون و کووتومانە.

ڕاسان گەرایەک بوو کە لەو زۆلکانانە، زۆلکانەکانی دەشتی کۆیەوە زۆر بە بێ مرادی و بەهەناسە ساردی وبە بێکەسی چەکەرەی دایەوە، ڕۆی پێ هەڵگرت، ملی لە بیابانەکان نا و لە بیابانەکان ڕۆشدی کرد؛ بەڵام ئەو بیابانانە بوونە پردێک لە نێوان چیا و شارەکاندا، ڕووناکبیرانی شارەکان ئەو فکرەیان تەحویل وەرگرت تەتەڵەیان کرد، لێکیان دایەوە، هەڵیان گرت، لەگەڵیان برد بۆ دەرەوەی شارەکانی کوردستانیش گەیشتە تاران، ئیسفەهان، قۆم و شیراز لە هەمووی قسەی لەسەر کرا؛ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بە شێوەیەکیتر، خەستتر، خەست و خۆڵتر، لەبارتر و مەنتقیتر؛ دواییش گەڕایەوە باوەشی حیزبی ئێمە.

لە ڕاساندا قوربانی زۆر گەورەمان داوە بەڵام ئەو قووربانیانە پەیامی زۆر گەورەیان بە دنیا دا، پەیامی زۆر گەورەیان بە هاوسەنگەرانی ئێمە دا، ڕێگایەکی تازەیان بۆ ڕوون کردینەوە. ڕاستە لە دەستمان دان، بەڵام وەکوو ڕەوە کۆترێک بوون کە بە ڕاستی لە شەقەی باڵیان دا و ڕێگایەکی دیکەیان لە ئاسمانەکاندا کێشا. ئەو ڕێگایەی ئێمە دەکەوێتە سەر شانمان

ئیدامەی بدەین. ئیدامەشی دەدەین دیارە خوێن و فرمێسکی دەوێ وەکوو لەوێش عەرزم کردن بەداخەوە ڕاسان، ئاشێکە کە بەخوێن دەگەڕێ، بە فرمێسک دەگەڕێ، بە ئارق دان دەگەڕێ، من هیوادارم خوێنمان تێدا نەڕژێ، بەڵام ئەگەر خوێنیشمان تێدا بڕژێ، ئەگەر هەموومان لەبەین بچین، ئەگەر زیانی زۆرتریشمان لێ بکەوێ، دیسان ئەو ڕاسانە ئیدامە دەدەین، چوونکە ئەو ڕاسانە، بە ئیستراتیژیەت دەزانم، کە ئەو ئیستراتیژیە بەرە و هەدەفەکانی ئەسڵیمان ڕادەکێشێ. ڕێگامان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەو ئازادی و سەربەستی یەکجاری بڕۆین. سەرکەوتنی گەورەمان وەدەست هێنا، لە حیزبدا سکرتێرمان هەڵبژاردەوە، ڕێبەریکی تازەمان هەڵبژاردەوە، ناوەندێکی تازەمان هەڵبژاردەوە. دەسەڵاتمان دابەش کردووە، بە کردەوە دەسەڵات دابەش دەکرێ وهیوادارم ئەو هاوڕێیانەش لە ناوەندی سیاسی، لە ناوەندی بڕیاردان کار بکەن بە کردەوە وەختی خۆیان سەرفی ئەوەی بکەن کە بە جیددی، بە عەمەلی، لە مەیدانی عەمەلدا، ئەوەی وەک تیۆری لە کۆنگرەدا بە ئێمە دراوە، وەکوو پراکتیک بیبەنە پێشەوە، دڵنیاشم دەیبەنە پێشەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویستم؛ نایشارمەوە زۆر جاران ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێمە سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە؛ بەڵام ڕۆژهەڵات ئەو ئێنێرژی و توانایەی تێدایە کە بە ڕاستی وڵامدەری مەسەلەکان بێ. جارێکیان سکرتێری حیزبەکەمان باسی ئەوەی کرد گووتی کۆمەڵگای ئێرانێ دەکوڵێ، ڕاست بوو زۆر دروووست بوو، کۆمەڵگای ئێرانێ دەکوڵێ، ئێستا قوڵتێکی چکۆڵەی داوە بەڵام ئەو قووڵتە، قووڵتی دیکەی بەدوادا دێ. دوژمنان با دڵ بەوەی خۆش نەکەن کە ئەوە نەخێر تەواو بوو خەڵاس بوو، کۆتاییمان پێ هێنا هەر وەکوو بۆ خۆشم گوێم لێبوو پێیان وایە ئەوە تازە هەموو شتێکیان خاشەبڕ کردووە تەواو بوو؛ بەڵام وا نییە ئاگرێکی زۆر گەورە لە بن ئەو ژێلەمۆیە دایسێ، ئەو ئاگرە دێتەوە سەر عەرز، ئەو ئاگرە دەبێتە ئاگرێکی زۆر گەورە بە گڕ زۆردارانی مێژوودا دەچێتەوە، بە گڕ ئاخوندەکاندا دەچێتەوە، بە گڕ جادوگەرانی مێژوودا دەچێتەوە؛ دڵنیام گەلانی ئێران سەرکەوتوو دەبن و ئەو حەرەکەتە دەبێتەوە حەرەکەتێکی تازەتر و شکڵ دەگرێتەوە، ناوەڕۆکی دیکە دەگرێتەوە، ئێمە با خۆمان بە بچووک نەزانین پێم خۆشە لە سەر ئەو مەسەلەی زۆر پێ دابگرم، بۆخۆم زۆر جار لە ڕاست زۆر مەسەلەی بچووکدا خۆم بە بچووک زانیوە، بەڵام ئیشتبام دەکرد لە نێو هاوڕێیانیشدا ئەو ڕۆحیە دەبینم، کە خۆیان بە بچووک دەزانن؛ جارجار ناحەقیشییان نییە چوونکە میللەتێک لە توولی تاریخدا سەرکووت کرابێ، هەڵدرابێ، زەوقی شکێندرابێ، لە زەوقی درابێ، دڵشکاو کرابێ، بە ڕووبار خوێنی لەبەر ڕۆیشتبێ، ناحەقی نییە خۆی بە کەم بزانێ، بەڵام با ئێمە خۆمان بە کەم نەزانین، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ خۆی بە کەم بزانێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ خۆی بەکەم بزانێ، خۆشی بە کەم نازانێ.

ڕاستە ئێمە پەرتەوازە بووین، ئەو پەرتەوازەییە تەئسیری لە سەر ئێمە داناوە، بەڵام هەر چەندێکی ئێمە کەم بینەوە

دیسان لە معادلەی دواڕۆژدا ئێمە هەین، هیچ کەس ناتوانێ و بۆی ناکرێ لە معادلەی دواڕۆژدا ئێمە وەکوو بەشێکی معادلە حیساب نەکا، بەڵام ئەرکی ئێمەیە کە بتوانین سەهممان هەبێ، هەموو هەوڵەکانی ئێمە دەبێ ئەوە بن کە ئێمە سەهممان لە دواڕۆژی خۆماندا هەبێ. مەبەستم دواڕۆژی، دوای ڕووخانی جمهوری ئیسلامییە.

زۆر چاکم لەبیرە کاک دوکتور قاسملوو هاتەوە، بەشێک لە هاوڕێیانی ئێمە کەمتەرخەمیان کرد با بۆخۆشم بڵێم. ئەوەی کاک دوکتور دەیهەویست بۆ گەڕانەوە بۆ نێو وڵات جێبەجێ نەبوو. دوایە هاتەوە و سەپاندی و کۆمیتەی زاگرۆس پێک هات، ڕۆیشتینەوە ئێرانێ، کە ڕۆیشتینەوە بە ڕاستی عەرزتان دەکەم عەیب نییە درەنگ بوو، بۆ ئێمە تۆزێک درەنگ ببوو بەڵام فریای کەوتینەوە، بە هیمەتی ئەو خەڵکەی توانیمان جێگای خۆمان بکەینەوە لە نێو میللەتی خۆماندا. دوای ماوەیەک پێکەوە لە خزمەتیدا دانیشتبووین فەرموویان بە قسەتان نەکردم ئەگەر دوو ساڵ پێشەوە هاتباینەوە ئینقلابی ئێرانێ هی ئێمە بوو .ئیستاش دەڵێم ئەگەر ئێمە فریا نەکەوین لە شۆڕشی دواڕۆژی گەلانی ئێراندا ئێمە سەهممان کەم تێدا دەبێ، ئەگەر ئێمە ئێستا لەسەر ئەو بەرنامانەی کە دامانناوە، پێشبینیمان کردووە حەرەکەت بکەین لە دواڕۆژدا سەهمێکی زۆر زۆر گەورەمان دەبێ. ئێمە ئەوەی بە غەنیمەتێکی یەکجار زۆر بزانین، بە فۆرسەتی بزانین، کە ئیستا مەوجوودیەتمان هەیە جێگاییکمان هەیە کە لێی چەقیوین جێگاییکمان هەیە کە دەتوانین لێی دەرباز ببین بڕۆین بۆ مەیدانێکی دیکە بۆ قۆناغێکی دیکە، قۆناغ بە قۆناغ ببیێوین و ئەزموون بەدەست بێنین بۆ ئەوەی بگەینە قۆناغی یەکجاری. من لێرەدا سەرکەوتنی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە فرسەتێکی زۆر گەورە دەزانم، بە بۆرجێکی تازەی دەزانم بۆرجێکی بەرزی بەرین.

دووپاتی دەکەمەوە زۆر جار کووتومانە، ئەگەر هەڵەکانی یەکتر نەبینین، خەڵکانمان نەبینین، زیانەکانمان نەبینین، کۆسپی سەر ڕێگامان نەبینین، باری باش و خراپی قەزییەکانمان نەبینین؛ نە ئێمە نە حیزبی دێموکرات ناتوانی ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، ڕۆڵی ئەساسی ئێمە لەوەدایە لەگەڵ یەکتر تەفاهووم بکەین، دابنیشین کێشە بکەین هەڵلا بکەین بەڵام پشتمان بە پشتی یەکترەوە بێ، هاوسەنگەری ڕاستەقینەی یەکتر بین، لەگەڵ یەکتر بین، دڵنیام لەگەڵ یەکتریش دەبین بەو عەقڵیەتەی کە عەرزم کردن ئێمە دەتوانین بگەینە زۆر جێگا. ئەو عەقڵیەتە عەقڵیەتێکی یەکجار زۆر بەرزە و ئەمن پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هاوڕێیانی خۆم دەکەم، جارێکی دیکەش کە لەگەڵ ئەو هەموو ئیختلافی نەزەرە، لەگەڵ یەکتر دانیشتن و کێشەکانیان چارەسەر کرد، ئێمە ئاوا توانیمان بە تەفاهووم بگەین. لە کۆنگرەدا زۆر کەسانی شایستە هەڵبژێردران؛ دیارە دوومکینە هێندێک ئینسانی شایستەش لەوێدا کەوتبنە جێگایەکی دیکە کە ئەمن هیوادارم ئەوانیش هەر بمێننەوە ودڵنیاشم هەر دەمێننەوە. سیاسەتە و جارجارە ئینسان تێدەکەوێ، مەتلووبی ئێمە نابێ، جارجارە بە خیلافی

نەزەری ئێمە دەڕوا و ئەوەیکە لێرەدا جێی شانازییە بۆ من و شانازی پێوە دەکەم مەسەلەی خوشکانە کە هاتنەوە، سەهمیان هەیە لە قودرەتەکەیدا لە دەسەڵاتی ئێمەدا بەشیان هەیە، دەتوانن بچنە پێشێ، دەتوانن نەزەریان هەبێ و ڕێی ڕوونکەرەوەی خوشکانی دیکەش بن و دەستی خوشکانی دیکەش بگرن بیانهێنن بۆ مەیدانی خەبات؛ دیارە بە خۆشییەوە لە داخڵی وڵاتیشدا ئەوەندەی من بیبینم خەڵکێکی یەکجار زۆر پێگەیشتووە. لە نێو خۆشکانیشدا ئینسانی زۆر خوێندەوار و زۆر فیداکار درووست بوون تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیشدا ئەمن سەرم سووڕ دەمێنێ چۆن توانیویانە ئەو ژنانە، ئەو خوشکانە بەو مەرتەبەیە بگەن؛ لێرەش دەبینم کە بە ڕاستی بە دەرجەیەکی عالی گەیشتوون ئەمن هیوادارم کە هەموو لایەکی ئێوە سەرکەوتوو بن و هیوادارم جارێکی دیکەش فۆرسەتی ئەوەی بێتەوە پێشێ، ئەمن بۆ خۆم بە خانەوادەم باوەش لە گردنی بەرزی ئێوە بدەمەوە.

سەبارەت بەو خەڵاتەی کە بە کلسوومی درا، پێم وایە بە من دراوە، ئەمنیش لەسەر سەری دادەنێم و پێشکەشی دەکەمەوە بە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، بە هەموو شەهیدانی کوردستان، بێ جیاوازی، بێ فەرق و بەتایبەتی پێشکەشی دەکەم بە شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەکوو یادگارییەکی گەورە لە نێو خانەوادەی ئێمەدا تا هەین دەمێنێتەوە، وەک شتێکی پیرۆز دەیپەرەستین. من دەس لە باوەشی ئێوە دەکەمەوە، تەشەکورتان دەکەم، داوای لێبوردنتان دەکەم کە بڕێک زیاد لەحەد ئەزیەتم کردن، وەختم گرتن، زۆر زۆر سپاستان دەکەم، سڵاو بۆ گەلی کورد و بۆ ئێوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# سپاسنامەی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی



**کوردستان میدیا**: بەڕێز و تێکۆشەر، مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی لە دووتوێی فایلێکی دەنگیدا، بەبۆنەی دیاریکردنی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە کە لێرەدا دەقی پەیامی بەڕێزیان دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.

سپاسنامەی مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی، بەبۆنەی دیاریکردنی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب

خەڵکی بە شەرەفی کوردستان،

کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکان،

کەمئەندامانی گیانباز و لەخۆبردوو،

ئەندامان و لایەنگران و دۆستان و ئاشنایانی حیزب دێموکرات،

دڵنیام ئاگادارن کە ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی، وەک ڕۆژی تایبەت بە

کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕەسمی و بە ڕاشکاوی مۆر و دیاری کرد.

ئێوە بە تێکڕایی ئاگادارن کە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی، دوو مۆرەی مەکتەبیی ڕاهێنراو و سەد دەر سەد جێگای باوەڕی دەزگا جاسووسییەکانی جمهوری ئیسلامیی ئیرانێ، بە ناوەکانی سەمەدی کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی کتێبێکی بۆمبڕێژکراویان بە نێو سپید دندان کە تەرجەمەکراوەکەی بوو بە دان چەرموو، گەیاندە دەستی من و لە باوەشی مندا تەقێندرایەوە. لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەدا ئەمن وەک شەقڵە سووتاوی ناو جەنگەڵان هەر لە ڕیشەوە هەتا پرژەکان لەت لەت بووم، هەڵپڕوکام و هەڵقرچام. ئەو ڕووداوە مۆرێکی وای لە چارەنووسی من دا کە هەتا دنیا دنیایە و ژیانم هەیە وە لە عالمی خاکیشدا دەبێ لەگەڵ ئەو وەرەشوومەی لە قەراغی یەکتر بمێنینەوە و دەست لە ملانی یەکتر بین. ڕاگەیاندنی ئەو ڕووداوەی وەک ڕۆژی کەمئەندامان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نەک لەبەر ئەوەیکە بەشێک لە شانازی و ئیمتیازەکەی بە من دەبڕێت، بەڵکوو لەبەر گرینگی و ئەهەمیەتی ناوەرۆکی خودی ڕاگەیاندنەکەی لە چەند بارەوە جێگای سەرنج و تێڕوانینە.

**یەکەم**: ئەو ڕاگەیاندنە لە روانگەی ڕاماڵینی بۆحرانی هۆویەتەوە فاکتەرێکی گرینگ و کاریگەرە، ئەو کاتەی ئینسانەکان دەکەونە ژێر باری قورسی ئێش و ئازار و شیرازەی ژیانیان هەڵدەوشێت، تووشی بۆحرانی هۆویەت دێن. شێوانی هۆویەت مەهارەتی بڕیاردانیان لێ دەستێنێت و تووشی بێ ئاسۆیی و ناهۆمیدیی وا دێن کە دەستیان بۆ هیچ کارێک ناڕوات و هیچ کارێکیان لە دەست ڕاناپەڕێت. ناچار بێ ئەوەی خۆیان بزانن دەکەونە سەر شەپۆلی ڕووداوەکان و لە ڕەوتی ژیاندا تەکانێک لەخۆ نادەن و خۆیان بە دەستی قەزا و قەدەر دەسپێرن. ئەو ڕاگەیاندنە لە ڕاماڵینی قەیرانی هۆویەتەدا شوێنەوارێکی بەرچاو لە خۆی بەجێ دێڵێت.

**دووهەم**: ئەو ڕاگەیاندنە لەباری نوێکردنەوەی پێناسەدا ئەهەمیەتێکی زۆری هەیە. ئەوەی من ئێستا دەیڵێم ڕەنگە وەک قسەی شێتان بچی!؟؛ بەڵام لانیکەم خۆم پێم وایە ئینسان لە هەندێک حاڵەتی سەختی ڕۆحیدا خۆی لێ ون دەبێ، نازانێ چ نێوێک لەسەر خۆی دانێت، نازانێت ئینسانە، جمادە، نەباتە یا بوونەوەرێکی دیکە. لەگەڵ بێ ئیعتنایی و بێ تەوەجۆهی ئەملا و ئەولا وای لێ بەسەر دێت کە خۆی لە دایرەی ئەحواڵی مەدەنی هیچ لایەکدا نەبینێتەوە. سەرئەنجام لەرزۆکی و ڕاڕایی لە نێو گێژاوێکی ڕوحی وا پاڵی پێوە دەنێت کە نەتوانێ نوقتەیەکی مەلمووس و کۆنکرێت بۆ لەنگەرگرتنێکی ئەگەر زۆر کەمیش بێ بۆ خۆی دیاری بکا. ڕاگەیاندنەکە ئەو جەوە سایکۆلۆژییەی شکاند و شناسنامەیەکی تازەی لانیکەم بۆ ژمارەیەک ئینسان نوێ کردەوە و وەک کارتی پێناسەی جێی ئیعتبار بە مۆرکراوی لە ئیختیاری ئەواندا دانا.



سەرچاوە
Serchawe

**سێهەم**: ئەو ڕاگەیاندنە لەو بارەیەوە گرینگ بوو کە دیواری بێدەنگی لە دەوری هەندێک بابەتدا تێک ڕووخاند. لەمێژ بوو تەلیسمی بێدەنگی بەسەر فەزای حیزبیدا زاڵ ببوو. زۆر لێو مۆری سکوتیان لێدرابوو. بە هیچ نەگرتن و بێ ئیعتنایی و بێدەنگی لە ڕاست ئەوانەی تیری مەینەتی ڕۆژگاریان لێدراوە لە ویژدان و قامووسی ئەو ئینسانەی دۆستی ئینسانەکانن خەتی سوور و هەڵوێستێکی نامۆ و نارەوایە. ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کەمئەندامان قفڵی سکوت و بێدەنگی شکاند و تەلیسمی کۆدە داخراوەکانی پووچەڵ کردەوە.

**چوارەم**: ڕاگەیاندنی ناوەندی سیاسی نەوعێک ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و بەزینی سانسۆری پێوە دیارە. دوای بەجێهێشتنی قەندیلی حەزف و تەرد و ڕەشکردنەوە و لە قەڵەم خستن و بایکۆت وەک سوونەتی لێهاتبوو. ئەگەر دروست بێت دەڵێم نەوعێک ئەدەبی ئەریستۆکراتیکی ئینشانووسی لە مەقالاتی فەرمایشی هاوێتەی ئەدەبیانی حیزبی کرابوو. ئێستا کە وانەیەک لە نێو ئەدەبیاتی ڕەسمی حیزبیدا کراوەتەوە نیشانەی ئەوەیە کە مێتۆدێکی تازە لە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کلتوری پێک هاتووە و ڕەوتی گەشە کردنی فەرهەنگی لە هەڵکشاندایە.

**پێنجەم**: ئەو ڕاگەیاندنە نەوعێک ڕەنگی دێموکراسی پێوە دیارە، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم جەوهەری دێموکراسی لە گێڕانەوەی کەرامەتی ئینسانەکان بۆ ئینسانەکاندا دەبینم بەهای بەرزی دێموکراسی لە ئیعادەی حەیسیەتی ئینسانەکاندا دەخوێنمەوە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دێموکراسی لە ئیجرای عەداڵەت و یەکسانیدا دەبینمەوە. ئاوڕدانەوە لە هەندێک نوقتەی مێژوویی فەرامۆشکراو و ئاوەدانکردنەوە و زیندووکردنەوەیان جا ئەگەر نوقتەی بچووکیش بن بە نیشانە و ڕەمزی یەکسانیخوازی و عەقڵفرەوانی و بەرچاوبەرینی و دامەزراندنی ئوسول و پایەی دێموکراسی تەرجوومە دەکەمەوە. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم نەوعێک دیسیپلینی تازە و ئیبتکار و تیشک و تەجەللی دێموکراسی لەو ڕاگەیاندنەدا بەدی دەکەم.

**شەشەم**: نەوعێک بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی فەقیرکوژانە و بەگژداچوونەوەی سیستمی شکۆشکێنی و بێکەس خنکێنی و مەزلوومیەتڕتێنی لەو ڕاگەیاندنەدا دەبینم. پێموایە ئەوە سەرەتای کرانەوەیەکی نوێیە ڕەخسانی دەرفەت و فەزایەکی تازەیە ئەوانەی عەشیرەتیان نییە، ئەوانەی ئاغا بەڵێ ناڵێن، ئەوانەی ئازادن و فراکسیۆنیان نییە، ئەوانەی زەنگی وەکوو زەنگی و ڕۆمی وەک ڕۆمی دەبینن و دەیانهەوێ حەق لەبەر خاتری ئەوەیکە حەقە بێننە سەر زمان دەتوانن زیاتر زیندوو ببنەوە و زیاتر گوڵ بکەن و زیاتریش مەهارەتەکانیان دەرخەن.

**حەوتەم**: ئەو ڕاگەیاندنە موعەممایەکی لەمێژینەی حەل کرد، ساڵانێکی دوورودرێژ مەسەلەی کەمئەندامان باسێکی ئەوتۆی

لێوە نەدەکرا، مەسەلەیەکی داخراو بوو راستە هێندێک جاران وەک ڕێزدانان بۆ ڕێزگرتن لە ئیسالەتی فەرد لە نێو حیزبدا باسی لێوە دەکرا. زۆر جارانیش وەک گرێ کوێرە ماوەتەوە و وازی لێهێنراوە. ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو گرێ کوێرەیەی کردووە و ئەو مەتەڵ و موعەممایەی شەفاف و ڕوون هەڵێنا. ئەو بڕیارە لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە بە رەسمییەوە ڕاگەیەندرا دڵنیام ئەو قەرارە لە لایەن لێپرسراوی گشتی و دەستەی کارگێڕی و هەیئەتی چاودێری و بەدواداچوون و باقی ئۆرگانە بەرپرسەکانی حیزبییەوە دەنگی متمانەی پێ دراوە.

ئەوەی لێرە بە ڕوونیەوە بەرچاو دەکەوێت و ئەمن زۆر پێی سەربەرز و خۆشحاڵم ئەوەیە کە ئەو قەرارە بەشێکی کەمی پێوەندی بە منەوە هەیە؛ بەشی هەرە زۆر و دەتوانم بڵێم ٩٩ لەسەدی ئەو پەیامەی بە مەبەستی ڕێزگرتن لە تێکڕای کەمئەندامانی گیانباز و خەباتکار ڕاگەیەندراوە. ئەمن وەک خۆم و تەنیا وەک ڕۆڵ و نەخشی خۆم تەنیا عونسۆری وەسڵی حەڵقەی ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزم. زۆری شانازیی من لەوەیدایە کە ئەو ریسالەتەی وەکوو ئەرکی سەر شانم بە ئەمانەتەوە بە کەمئەندامانی ئازیزی سەربەرز ڕابگەیەنم. لە نێوەڕاستی دڵیشمەوە سوپاس و ئەمەگناسی و قەدرزانیی خۆم و خانەوادەم بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامان و هەواداران و دۆستان و ئاشنایان کە بە ناردنی گوڵ و دڵ و لایک و کامێنت و پەیام بۆ دۆست و ئیرادەتمەند و برابچووکی خۆیان گەورە و سەربەرزیان کردووم لە قووڵایی دڵمەوە ڕادەگەیەنم، هیوادارم هەروا بە ورە و هیوا باوەڕ و ئیمانەوە لەسەر ڕێباز و خەبات و تیکۆشان بەردەوام بمێننەوە. لەش ساغی و تەمەن درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم هەر چەندە ئەمن خۆم بە شایستەی ئەو هەمووە لوتف و گەورەیی و سەروەرییە نازانم کە حیزبی ئێمە بەرانبەر بە من ئەنجامی داوە. خۆشم بچووکتر لەو خەڵات و پەیامە بەرزەی دەزانم کە حیزب بە منی بەخشیوە و ئاراستەی خۆم و خانەوادەمی کردووە، بەڵام غیرەت دەبەر خۆم دەنێم وەریان بگرم و بە ئەمانەتەوە بیدەمە دەستی بەهێزی پێشمەرگەی نێو سەنگەرە خوێناوییەکان و بە پەنجە و قۆڵی قایم و قۆڵی ئەوان و بە ئەو پەڕی ڕێز و ئیحترامەوە لەسەر سەرمیان دادەنێم و دەیدەمەوە دەستی بەهێزی خاوەنی ئەسڵیی قەزییەکەی کەمئەندامانی خەباتکار و پێشکەش بە بارەگای بەرزی ئەوانی دەکەمەوە. ئیجازە دەخوازم لێرەدا یەک دوو شتی ناقابیل بە عەرزی ڕێزداران بگەینم؛ ئەمن کەمئەندام نیم!!! بەڵکوو بێئەندامم، ئەمن ساڵها پێش تەقینەوەی ئەو بۆمبەی کەمئەندام بووم، پێش هەموو جێگایەک شەویلکەی لای چەپم شکاوە، قەوسی پێم شکاوە، ڕانم شکاوە، دەستم لە دوو جێ شکاوە و نیوەفەلەج بوو، شانم شکاوە و زۆر جێگای دیکەی بەدەنیشم گوللەی دوژمنی وێکەوتووە کە بەشێک لە وێنە جۆراجۆرەکانی برینداربوونم لە ئارشیوی حیزبدا ڕاگیراون، بەڵام شانازی دەکەم کەمئەندام بم وەکوو لە پێشدا عەرزم کردن گەورەییەکەی زۆر گەورەیە بۆ من کە وەک ڕاسپاردە شانازیی گەیاندنی پەیام و ڕیسالەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم بە کەمئەندامان پێ ببڕێت. لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سپاسی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بە تایبەتی ناوەندی سیاسی

دەکەم کە لەو ماوەیەدا تووشی ماندوویی و سەرقاڵی زۆر هاتن.

گوێم لە وتووێژەکەی ڕێزداران کاک حەسەنی شەرەفی و هاوڕێیانی تیشک ڕاگرت پڕ بە دڵ سپاسی هەموانیـان دەکەم کە بە جۆش و خرۆشەوە بەپیر مەسەلەکەوە هاتن. کڕنۆش بۆ تێکڕای شەهیدەکانمان و نەوازشی تایبەتی بۆ پـۆل پـۆل شـەهیدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و کۆڕی بەرینی پەپوولە خوێناوییە بێ تاوانەکانی دەشتی کۆیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی سەرماوەزی ٢٧١٨

# دۆسیەی تیرۆرەکەی دەکات



**ڕۆژی کورد**

مەلا حەسەن شیوەسەڵی، ناسراو بە شەهیدی زیندوو کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی سویدە، دوای تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە، ناڕەزایەتیی خۆی لە هەمبەر، بێدەنگ بوونی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو باڵیەوە دەکات و داوا دەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکان، یارمەتیدەری بن تا دۆسیەی تیرۆری خۆی، لە بەرژەوەندیی کورددا، بە گوێی ناوەندە پەیوەندیدارە جیهانیەکان بگەیێنێت.

ڕۆژی کورد: مەلا حەسەن شیوەسەڵی، یەکێک لە ناسراوترین ڕوخسارەکانی سیاسەت لە کوردستانی ڕۆژهەلات و خەباتکارێک کە بەشی سەرەکیی ژیانی لە دوو سەردەمی پەهلەوی و ڕژیمی خومەینیدا لە شۆڕشدا بووە و دوای ئەوەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە، تیرۆر کرا و بەو هۆیەوە چاوەکانی و دەستی لە دەست داوە و تا ئێستا لە ژیانێکی بەش مەینەتیدا دەژی، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، سەرەڕای گازندە لە هاوقەتارانی لە هەر دوو باڵی دێموکرات، بە هۆی پاشگوێ خران، نکوڵی لێکران و هەوڵی بێ بنەما لە بواری جیاجیاوە، باس لە هەوڵ نەدان و تەنانەت ڕێگری کردن لەمەڕ بەجیهانی کران و دەنگدانەوەی دۆسیەی تیرۆری خۆی لە بەرژەوندیی گەلی کورددا دەکات.

لە بەشێک لەو گرتە ڤیدیۆییەدا ڕوو لە چالاکانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسان و... تاد دەڵێ: "سی ساڵ بەسەر ڕووداوی تیرۆری من لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاویدا تێپەڕ دەبێ، لەو ڕۆژەدا، دوو سیخوڕی بەتایبەت ڕاهێنراوی مەکتەبەیی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوەکانی سەمەد کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی لە کتێبکێدا بە ناوی "سپید دندان" واتا ددان چرمگ، دا بە من کە لە ناو باوەشمدا و لە ناو دەستەکانمدا تەقیەوە کە بۆ هەمیشە پارچەپارچە و کوێری کردم".

دواتر لە درێژەدا دەڵێ: "من لەو سی ساڵەدا، شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئازار دەست لە ملان بووم بەڵام توانایی ئەوەم نیە تەنانەت ١٠ لەسەدی ئەو ئازارانەش باس بکەم. هیچ زمان و پێنووسێک ناتوانێ بۆ شیکاری و دەربڕینی ئەو ئازارانە، وشە بدۆزێتەوە، خۆزگە سەعاتی یەکەم مردبام و نە خۆم تووشی ئەو نەهامەتیانە هاتبان نە دەورووبەریەکانمان. مخابن من ئەو مرۆڤە خۆش شانسە نەبووم. مردنیش لە ڕاست من ڕا چووک و کەلنجار بوو، ژیانم لێ بووە بە ئازار و تووشی زۆر ئازاری ڕووحی و جەستەیی هاتوو،"

دواتر مامۆستا شیوەسەڵی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "بەر لە تیرۆریستەکان من ئازار درام و پێش تاوانباران، من بە تاوانبار ناسرام و من وەک قوربانی سزا درام، چوم جیا لەوەی کە تێدا چووم هەوڵی زۆر درا کە کەسایەتیم تیرۆر بکرێ، زۆریان شەڕی ڕەوانی لەگەڵ کردووە و ماوە بە ماوە، جۆر و شێوەی ئەو شەڕە دەروونیانەیان دەگۆڕی. شەڕی ڕەوانی وەک ڕیسوا کردنی من و بنەماڵەم دەکرا و ئەو دۆخە زیاتر لە ٢٥ ساڵ بووە و ئێستا ٣٠ ساڵە و هەزاران داستانی تاڵم لەو ٣٠ ساڵە دا پێیە".

شەهیدی زیندووی خەباتی ڕۆژهەڵات، لە درێژەدا وەها دەدوێ: "کەسانێک لە ناو دێموکراتەکان، بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانم، زەحمەتی زۆریان بۆ کێشام و هاوڕێیانی پاریس پشکی سەرەکیان بەرکەوتووە و سپاسیان دەکەم. دوای گەڕانەوەم، شانسم واهات کە، چارەنووسم کەوتە دەست کەسانێک کە عاتفەیان ڕووخابوو و جیا لە بەگژداهاتن و ئازار و جەزرەبە هیچم نەدی، ئەویش بۆ منێک کە تەنانەت توانایی خواردنەوەی قومە ئاوێکم نەبوو، بایکۆت و ناشیرین کردن و تاڵ کردن و ناوزڕاندن و هەموو جۆرە سزادانی ناشیرین دەستی پێکرد. هەوڵ درا ئەو کردەوە تیرۆریستیە سەرپۆشی لەسەر داندرێ و تەنانەت وەک هەواڵیش بڵاو نەکرێتەوە و هەوڵیان دا زووتر بممرینن و لە کۆڵ خۆیانم بکەنەوە و تەنانەت لە هیچ ڕاگەیاندنێکیشدا بڵاو نەکراوە. ڕاستە من تووشی زۆر شتی ناخۆش بووم بەڵام مێشکم باش کاری دەکرد و بۆیەش هەموو جووڵەکان کۆنەرستانەکانم هەست پێدەکرد. بەشێک لە هەوڵەکان ئەوە بوو کە من لە هەموو بوارێکەوە لەناو تێک



سەرچاوە Serchawe

بشکێندرێم، زیندە بە چاڵ بکرێم و وەک مردووی بێ ناونیشان و نەناسراو لە پێش چاوان ون بم"

مامۆستا، دواتر وتەکانی دەچێتە قۆناخێکی تر کە ئەویش دابڕانی دێموکراتە و دەڵێ: "لە کاتی ئینشعابی ڕێکخراوەکان، هەندێ کەس و توخمی فەرامۆشک راو زیندوو دەبنەوە یان زیندوو دەکرێنەوە، جا بە هەر هۆیەک بێت. لە دوایین لێکترازانی حزب، هەندێک گەمارۆ لەسەر من لابرا و ماوەیەک دۆخم باش بوو بەڵام دوای ماوەیەک وەک خۆی لێهاتەوە و بەڵام چارەنووسم بۆوە بە هەمان چارەنووسەکەی پێشوو و ئاسمانیشم بۆوە بە هەمان ئاسمانی پێشوو.

مامۆستا شیوەسەڵی کە جیا لە خەبات، دەستێکی باڵا و واڵای لە زمان و ئەدەبی کوردیشدا هەیە، دواتر وەها دێتە گۆ:

"ئێستا ٣٠ ساڵ بەسەر زەماوەندەکەی مندا تێدەپەڕێ، بەڵام نازانم چی ناو بنێم، زەماوەندی مەرگ، زەماوەندی لەت لەت بوون و دانس و هەڵپەڕکەی بەتەنێی دەست و لاقەکان، سەما و هەڵپەڕکە و سێ پێی دوور لە یەکی نینۆک و ددانەکان، لار و لەنجەی شەپۆلی سوور لە نێو گوڕ و ڕەشماڵی چڕەدووکەڵدا، خلیسکە و تەقینی کورەی چاوی هەڵقەندراو لەسەر دیوارە ڕەشە قورماویەکان یان... . نازانم چی ناو لێ بنێم، وازی لێدێنم،ئێستا کە ٣٠ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێ، هیچ کام لەو دوو گەڕەکانە (مەبەست حدک و حدکایە) کە من وابەستەیان بووم، ئەو ڕووداوەیان وەک تیرۆر نەناساند و دانیان پێدا نەناوە و تەنانەت وەک هەواڵیش لە هیچ کام لا بڵاو نەکراوەتەوە و ئەگەر باسێکیشی لێ کرابێ تەنیا بەسەردا تێپەڕین بووە. هەقی خۆی بوو ئەو ڕووداوە وەک ڕووداوێکی تیرۆریستی، وەک یەکێک لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی خرا با بەر باس، ئەگەر ئەو ڕووداوە، چاوی دیتنی کوێر و کۆمەڵە ناودەوڵەتیەکانیشی نەبا، دەبوا لانیکەم لە ناوخۆدا باسی لەسەر کرابا. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم هیچ هۆکارێک بۆ سەرپۆش کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستیە نابینم"

مامۆستا شیوەسەڵی، شەهیدی زیندوو بەڵام تا ئێستا کۆڵنەدەری خەباتی ڕۆژهەڵات دواتر ئاوڕێک لە دۆخی ئێستای خۆی دەداتەوە و دەڵێ: "ئێستا کە من یان لەسەر تەختی نەخۆشخانە هەڵدڕهەڵدڕ کراوم یان لە ژوورە تاریکەکاندا ژیانێکی تاڵم تێپەڕ کردووە، پێم خۆشە بڕوام پێبکەن منەت لەسەر هیچ کەس و لایەنێک ناکەم و هیچ کەسیش بە قەرزداری خۆم نازانم و نامهەوێ ڕابردووی خۆم بە هیچ کەس بفرۆشمەوە. ئەوانەی لەو ماوەیەدا ئازارەکانیان چەشتووم و لە خودی خۆشم زیاتر تاڵیان بە منەوە چەشتووە، تەنیا دەوڵەتی سوید و خێزان و منداڵەکانی خۆم بوون کە وەک ئینسان چاویان لێکردووەم کە بۆ هەمووانیان بوومە بارێکی قورس. ئێستا وا هەست دەکەم بۆ حیزبی دێموکرات کە من خۆم وەک ئەندام و لایەنگر و هەواداری دەزانم، لە دوورەوە وەک بارێکی قورس و سەربار بم. ئەمن چاوەڕوانیم دەکرد، ئەو ڕووداوە وەک جینایەتێکی کۆماری ئیسلامی و وەک تیرۆرێکی شەرماوەر، دەکرێتە دۆسیە و بە بارەگاکانی دژ بە تیرۆر دەناسرێ، لەو

ساڵانەدا لانیکەم سەدان کۆبوونەوە و کۆنفرانس لە حیزبی دێموکرات لەسەر تیرۆریزم گیراوە، سەرکردەکانی حیزبەکانیش باسیان کردووە و وشەی ترووسکەداریان لە ئینشا و خەتابەکانیادا لەوبارەوە بەکارهێناوە کە سرنجی خوێنەر بۆلای خۆیان ڕاکێشان، کەچی یەک دانەشیان بۆ یەکجار و بۆ ناوی سوێندیش بێ باسیان لەو ڕووداوەی من نەکردووە و وەک ڕووداوێکی تیرۆریستی باسیان نەکردووە و نەهاتووەتە سەر زاریان و تەنانەت ئاماژەیەکی لاوەکیشیان پێ نەداوە و وەک ڕووداوێکی تیرۆریستی نەهاتووەتە سەر زاری هیچ کامیان. ئەو ڕوداوە دەکرا کەڵکی زۆری لێوەربگیردرێ چون لە خاکی ئێراق و لە دەرەوەی ئێران ئەنجام دراوە، تیرۆریستەکان سنووری ئێرانیان بەزاندووە و هاتوونە ناو هەرێم و بە پشتیوانیی کەسانی خۆیان و بەوپەڕی دڵنیاییەوە هاتنە سنووری ئەو دیوی کوردستان و لە ڕاستیشدا، پشتگیریی باشیان کرا. شاردنە و و باس نەکردن لە ورووداوە، یارمەتی دانی ناڕاستەوخۆی کۆناری ئیسلامیە".

لە کۆتاییدا، مامۆستا شیوەسەڵی، وێڕای ئاماژەدان بە هەندێ هەوڵ و هەروەها ڕێگیری لێکران لە بارەی، دانیشتن لەگەڵ ئەحمەد شەهید، هەواڵنێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بارودۆخی مافی مرۆڤ و پێشێلکاریەکانی لە ئێران، داوا دەکات، یارمەتی بدرێ تا ئەو دۆسیە بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە ناودەوڵەتیەکان بدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد – ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## نامەی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی بۆ خاتوو، ئەسما جەهانگیر ڕێپۆرتەری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ئێران



بەڕێز ئەسما جەهانگیری،

بۆ من ئێجگار گرینگە هیندێک زانیاریتان لەسەر خۆم پێ بدەم. من ناوم "حەسەن ئیبراهیم وەتمان"ـە. خەڵکی ئەو پارچەیە لە کوردستانم کە لەژێر ڕکێفی ئێراندایە و بە کوردستانی ئێران ناوی دەبەن.

**مەلا حەسەن شیوەسەڵی؛** لە ساڵی ۱۹٤۷، لە گوندێکی بچووک بە ناوی شیوەسەڵ لە دایک بووم. هەر لەبەر ئەوەش بە "حەسەن شیوەسەڵی" دەناسرێم. لە دەسپێکی ژیانمدا، بووم بە لایەنگری حدکا (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و دەیان ساڵە تێیدا ئەندامم. هەر چۆنێک بێت، لە ساڵی ۱۹۸۷ مۆرە نهێنییەکانی خومەینی کتێبێکی بە ماددەی بەهێز

بومبرێژکراویان بۆ ناردم. کتێبەکە کە لە لایەن دوو کەس لە مۆرە ئیتلاعاتییە نهێنییەکانەوە هێنرابوو، لە نێو دەستەکانمدا تەقییەوە. لە ئاکامدا، هەر دووک دەست، چاوەکانم، چەندین ددان، ڕێژەیەکی بەرچاو لە توانایی بیستن و هەستی بۆنکردنم لە دەست دان. هەروەها بەشەکانی دیکەی جەستەم زامدار بوون و سووتان. بە مەبەستی چارەسەری برینەکانم، نێردرامە بەغداد و، دواتر بۆ عیلاجی چاوەکانم ڕەوانەی پاریس و پاشان هوڵەند کرام. هیچکام لەو نەشتەرگەرییانە سەرکەوتوو نەبوون و بیناییان بۆ نەگەڕاندمەوە. بۆمبەکە بەتەواوی و بۆ هەتاهەتایە نابینایی بەسەردا سەپاندم. هێشتا بە هۆی برینەکانی ئەو بۆمبەوە ئازار دەچێژم. هەر ساڵی پار بوو گوێیەکیان بۆ عەمەل کردم کە بێئاکام بوو.




لەبەر ئەوەی خۆم، خێزانم و دوو کوڕەکەم هێشتا لەلایەن مەئموورانی ئێرانەوە ڕاوەدوو دەنراین، ساڵی ١٩٩٥، وەک پەنابەر هاتمە سوید. هەتا هەنووکە، تاوانێک کە بەرامبەر بە من کرا، بەتەواوی و بەشێوەیەکی فەرمی دانی پێدا نەنراوە. گەلێک جاران هەوڵم دا لەگەڵ ڕێزدار "ئەحمەد شەهید" پێوەندی بگرم. بەداخەوە، سەرکەوتوو نەبووم. دواییینجار کە "ئەحمەد شەهید" هاتە سوید، چ زانیارییەکم لەسەر سەردانەکەی ئەو نەبوو. زۆر جێگای داخ بوو کە نەکرا چاوم پێی بکەوێ و بارودۆخ و بەسەرهاتی تاڵی خۆمی بۆ باس بکەم. ئێستا زانیاریم بە دەست گەیشتووە کە ئێوە جێگەی ناوبراوتان گرتووەتەوە و لەسەر پرسی پێوەندیدار بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا کار دەکەن. من چەند وێنەیەکی خۆمتان بۆ دەنێرم تا بخرێنە بەر دەستی ئێوە و داکۆکیکارانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ، تا لەو ڕێگایەوە لەسەر بارودۆخی من و دژی

مرۆڤ بوونی ڕێژیمی ئیسلامی پتر ئاگادار بن. چارەنووسی جەرگبڕ و دڵتەزێنی من دەکرێ وەک بەڵگەنامە و دوکوومنتێکی ڕوون و ئاشکرا بێت بۆ دەرخستنی ڕووی دڕندانەی تیرۆریزم و مەحکوومکردنی ئەو دیاردە ڕووخێنەرە. زۆر سپاسگوزار دەبم ئەگەر بکرێ وەک قوربانیی تیرۆریزمی ئێرانی تۆمار بکرێم و زۆریش خۆم بە منەتبار دەزانم ئەگەر بێتوو وەڵامی داخوازییەکەم بدەنەوە.

لەگەڵ ڕێز

حەسەن ئیبراهیمی وەتمان (شیوەسەڵی)


٩ی سپتامبر٢٠١٧

وەرگێڕان بۆ کوردی، ڕەشید حەیدەری



سەرچاوە
Serchawe

## مامۆستا مەلاحەسەن شیوەستەڵی ئەندامی ڕێبەری حدکا



بۆ ڕێزداران

ڕێبەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بنەماڵەی بەڕێزی کارێزمای بەناوبانگ و ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد

کێوی بەسام و هەیبەت، جەنابی مام جەلال تاڵەبانی و هەموو هەواداران و پەیڕەوان و ڕێرەوانی،

وێرای ڕێزو حورمەتی شایستە لەو ڕۆژە تاڵەو لەو هەلوومەرجە ناسکەدا پێم خۆشە ئیجازەم بدەن بتاندوێنم وعەرزتان بکەم کە نە پێم ناخۆش دەبێ و نە پێشم سەیر دەبێ ئەگەر ئێوەی بەڕێز بە عەقلیەتم پێ بکەنن، کە ئەمنێکی بەو هەموو وردی و کەچ و کەوچی و نابووتی و لەعەینی حاڵ دا لە خوارترین پێگەی کۆمەڵەوە ، ئەوەندە خۆم لەبەر چاوان گەورە بێت و ئەوەندە ڕوو هەڵماڵاویی لە خۆم نیشان بدەم کە بە بۆنەی لەدەستچوونی سیاسەتمەداری هەرە بەرزو دیاری کوردستانی و ئیقلیمی و جیهانی وەک ڕێزدار مام جەلال پەیامی سەرەخۆشی بنێرم. لە ڕاستی دا ئەگەر ناچاری نەبێ هەرگیز ئەو جورئەتەی ناکەم و ئەو ئیجازەیەش بە خۆم نادەم نێوی خۆم لە نێوانەی دا بێنمە نێو، نێوان . بەڵام ئەو حەقەی بە خۆم ڕەوا دەبینم کە وێڕای تازیەبارانی ماڵ ئاوایی یەکجاری ئەو کاریزما نەمرە کوردەی دڵ بە پەرۆشی وتازیەباری خۆم دەربڕم. ڕەنگە کەم کەس باوەڕم پێ بکات، کە ئەمن لە سەرەتای نیوەی دووهەمی شێستەکانەوە ، ئەو

نەهەنگە تیشک ئاژۆیەی نێو دەریای سیاسەتم ناسیوەو نامەی کۆمیتەی ئینقلابی دێموکراتەکانم داوەتە خزمەتی و وەڵامیشم لە دەستی بەڕێزیان وەرگرتوە. لەو کاتەوە هەتا کاتی لەکارکەوتنم، ناسیاوی و ئاشنایەتی و شانازی دیدارو زیارەتەکانیم پێ براوەو نامەی زۆریشم بە دەست خەتی بەڕێزیان کەلە کاتی هاوسەنگەری ئێمەو هێزی پشتیوان وە لە دەورانی رۆژە رەشەکان دا خیتاب بە برای بچووکی خۆتان نووسراون وەک سەنەدی بایەخدار لە لای من ماون کە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم بە میداڵی ئیفتخاریان دەزانم و شانازییان پێوە دەکەم. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم تەنیا بۆڕێزدار مام جەلال بە پەرۆش نیم، بەڵکوو خەمی گەورە بۆ چیا گەردن بەرزەکانی کوردستان دەخۆم کە لە سەرتاسەری مێژوودا زیاتر لە ٥٠ساڵ یارو یاوەری هەموو رێبەرانی لەدەست چووی دێموکرات و زۆربەی ریبەران و لە نێو ئەوان دا جەنابی مام جەلال و باقی رێبەرانی هێزە سیاسیەکان و هەموو تێکۆشەرانی کورد بوون. بە داخەوە رێبەرانمان وەک جەستە لە ئێمە وون دەبن بەلام بیرەوەری و یادگارییەکانیان و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ ئەشکەوتەکان و تەخت و تەلانەکان و کێوەکانی کوردستان وەک نەخش و نیگاری زێرین لە نێو حافیزەی مێژوودا دەمێننەوە.

سەربەرزم کە کانییەکان ووشک نابن و گوێی ئەشکەوتەکان کەڕ نابێ، هیچ هێزێک نەیتوانیوەو ناتوانێ گابەردەکانی نێو کێوە سەربەرزەکانی کوردستان بلەقێنێ. لیرەدا تەکانێک لە خۆم دەدەم کە هاودەردی و هاوخەمی و هاوژانی خۆم بە ئێوەی یەک یەکی رێبەرایەتی یەکیەتیی نیشتمانی و خانەوادەی دڵ بەخەمی رێزدار مام جەلال و بە تایبەتی هێرۆخان و کۆرپە تێکۆشەرەکانی و هەموو وابەستەگان و رێرەوان و رێبوارانی ڕادەگەیەنم.

خۆشحاڵم کە ئەو ماڵە باوەش ئاوەڵەی جەنابی مام جەلال واتا ئەو گەورە ماڵەی کە ئەمن هەرگیز لەوێ دا خۆم بە بێگانە نەزانی ، بێ خاوەن بێ میراتگر نەماوەتەوە. لەدەستچوونی کێوی بوێری و سەراحەت و نەترسی ومەکۆی ڕووخۆشی و قسە خۆشی وڕاست و ڕەوانی فەخامەتی ما جەلال ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. دەمێک بوو ئێمە چاوەروانی خامۆش بوونی ئەستیرەی گەش و کێوی بەسام و هەیبەتی بازیگەری بە توانای تێکرای کوردستان و هاوسەنگەران و دۆستان و ئاشنیایان و خەڵکی کوردستانی لە نیگەرانی و گەیشتنی ئەو چرکە ساتە تاڵەی دا ڕاگرتبوو. سەرەنجام ئەوەی کە هەرگیز خۆش نەبوو ڕوو بدا ڕووی دا. لە ڕاستی دا نەدەکرا لە سروشت و ڕۆژگار چاوەروانی ئەوەی بین کە بە پێچەوانەی ڕەوت و گەڕانی ئاسایی خۆیان لە مەداری خۆیان بترازێن و بە پاراستن و هێشتنەوەی ئەو بازیگەرە سیاسیە بە توانایەی ڕووداوێکی بێ وێنەی محاڵ و چاوەروان نەکراو لە مێژووی بەشەریەت دا تۆمار بکرێ. سەرەنجام بە داخی گرانەوە یاسای سروشت وەک خۆی ڕۆیشت و ئەوەی کە جەبری مێژوویەو دەبوو حەتمەن ڕووبدا بە ئاسایی ڕوویدا.

دە ڕووو زەرد بی زەمانە بۆ هەژانت

نەهەنگ خنکا لەنێو شەقڵی شەپۆلت

دزێو بوو لارو لەنجەو وەرخولاندت

وەها ڕۆچووی لە خەڵتەی مێشکی حۆلت

ئەرێ هۆی کوردی شەیدای کێوەکانت

لەبەرچی ڕەش دەپۆشن کۆرو پۆلت

بەچی چۆما وەها پشتی کەوانت

بەچی شلّقا دڵی ڕووبار و گۆلت

خوێن دەگرین بە کوڵ گابەردەکانت

گوڵی حاجی لەکان و دەشتی چۆلت

ئەرێ ئەی شەمعی نێو شەوگاری تاریک

لەبەرچی بۆتە سۆما خۆری سۆرت

ڕووحی بەرزی کاریزمای گەورە هەر لەفڕین دابێ و هاوسەنگەران خانەوادەو ڕێبوارانی لەسەر بڕینی ڕێگاکەی بەردەوام بن.

کەم ئەندامێی ڕۆژهەلاتی کوردستان

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

مەلا حەسەنی شیوەسەڵی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

# شامی غەریبان و هەڵپڕووکان و وەرینی گەڵاکان

### ڕاست کردنەوەی هێندێ هەڵە لەلایەن مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی"یەوە

مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فایلێکی دەنگیدا باسی لە هێندێ بیرەوەری و بەرسەرهاتی دەورانی پێشمەرگایەتیی خۆی بەتایبەت هاوڕێیەتی لەگەڵ "مامۆستا هێمن"ی شاعیر کردووە و هەروەها لەو فایلە دەنگییەدا هێندێ هەڵەی مێژووی دەورانی پێشمەرگایەتیشی ڕاست کردۆتەوە.

## دەقی نووسراوەی فایلی دەنگی مامۆستا مەلاحەسەن شیوە سەڵی



(بەشی یەکەم)

"شامی غەریبان و هەڵپڕووکان و وەرینی گەڵاکان"

لەمێژە لەسەر ئەو دونیایە دەژیم لەبەر ژەقنەمووتی کارەساتە تفت و تاڵەکان ماومەوە، بۆ گێڕانەوە بێجگە لە تراژدییەکان هیچی دیکەم لەجانتادا نیە جارێ هەر ئەوەندەی دەڵێم ئەوانەی کە تۆوی دووبەرەکیی دەچێنن و منداڵانی ژێر چەپۆک و داماوی میللەتان بەگژ یەکدا دەکەن، لەناخی ئەویندارێ تاکەکاندا نەخشی مەرگ دەگێڕن یا خوا هەرگیز

بەئاواتی خۆیان نەگەن. ئەمن زاراوەی شامی غەریبانم زۆر جار بیستبوو زۆر جارانیش لەدوورەوە شامی غەریبانم دیتبوو کە ڕێوڕەسمەکەی لەمانگی موحەرەمدا لەلایەن برایانی شیعەوە بەڕێوە دەچوو بەڵام بەکردەوە هەرگیز لە شامی غەریباندا بەشدار نەببووم لە ڕاستیدا تاڵی تامی شامی غەریبانم نەچێشتبوو نەمدەزانی شامی غەریبان چ سیغەیەکە...

درۆم عەرز کردوون ئەگەر بڵێم ئەمن ناسکی شیعرەکانی مام "هێمن"م دەرک دەکرد بەڵام هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە ئەویندارى شێعرەکانی بووم و کەمێک تێیان دەگەیشتم و تۆزێک هەستم بە سادەیی و ڕەوانی ئەوان دەکرد بۆ نووسین و بڵاو کردنەوەشیان هەوڵم دەدا و هەتا ڕادەیەکیش لەو کارەیدا سەرکەوتوو بووم، سەرئەنجام چاوم بە مام هێمن کەوت و لەدوور وڵاتدا لەگەڵی ئاشنا بووم، کاک "عەلی حەسەنیانی" یشم لەڕێگای شێعرەکانیەوە دەناسی و دوایی لە سابڵاغ لە دەفتەرخانەی ژمارە ٤ی سەبتی ئەسناد و ئەملاک کە ئەمن بە غێرە ڕەسمی میرزای ئەو دەفتەر خانەیەی بووم واتە مونشی ئەو دەفتەرەی بووم، بە خزمەت شادرەوان کاک عەلی حەسەنیانی گەیشتم، پێم خۆش بوو لێرەدا ئەوەندە زیاد بکەم ئەو دەفتەر خانەیە کە جێگای نووسینی سەندە سەبتییەکان بوو و هەروەها جێگای ئاڵوگۆڕی مەعامەلە جۆراوجۆرەکان بوو ئەمنی بە زۆر کەس ناساندوو و زۆر کەسیشم لەوێوە ناسی. کاک سلێمانی چیرە ڕۆحی شاد بێ کە چەند ڕۆژێک لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد و ئەوکاتی بۆ خۆی لەزیندانی شادا بوو و پشتە ملە دەمناسی و لە ڕێگای براکانیەوە کاک حەمەدەمینی چیرە و کاک قاسمی چیرە کە ماوەی نزیک بە ساڵێک لە زیندانی قەراغ دەریای ورمێ بەندی و هاو زەنجیر بووین ناسیم، ئەمن هەرگیز بیرم لەوەی نەدەکردەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکتر دەبینینەوە ئەویش لە کوێ؟ لە شاخ و کێوەکان ...

پاش پێکهاتنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وخۆگرتنەوەی ئەو دەوڵەتە کە واریسی بیلافاسیلەی ڕێژیمی شای بوو بە تەواوی ئیمکاناتی جەنگیی ئەو ڕێژیمەی تەیار بوو خومەینی فتوای جیهادی دەرکرد، قاڕنێ و قەڵاتان قەتڵ و عام کران، ئەوجار هێرشی ئەرتەش و پاسدار و بەسیج و تەنانەت خەڵکی شەخسی وەکوو لەشکرێکی بێ بە زەیی ئیشغاڵگەر هێرشی مەغۆل ئاسا و دڕندانەی خۆی بۆسەر شار و گوندەکانی کوردستان دەست پێکرد.

فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا سادر ببوو تەنانەت پێش دەرچوونی ئەو فەرمانەش حیزبی دێمۆکرات بە هەست کردن بە مەسئولییەت و خۆپاراستن لە شەڕ و خوێن ڕێژیی نێو شارەکان، بڕیاری پاشەکشەی تاکتیکیی خۆی دابوو، بەڵام ئەو کشانەوە تاکتیکیە کۆتایی پێ نەهات هاوڕێیانی ئێمە خەریکی گواستنەوەی کەلوپەلەکان و خۆڕاهێنان لە گەڵ وەزعەکە و بەرنامەڕێژی بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ شەڕی داسەپاو بوون، بەڵام جمهوری ئیسلامی کە لە هەڵویستی هێزە کوردستانییەکان کەڵکی خراپی وەرگرتبوو، بێ هەڵوێستە هێزەکانی خۆی ڕژاندە نێو هەموو نوختەکانی کوردستانەوە و

خۆی گەیاندە جێگا حەساسەکانی نێوان سنووری ئێران و عیراق. دوژمن دەیهەویست ئەو جادە میحوەریانەی کەبە درێژایی سنوری عیراق و ئێرانێ دا راکێشراون بگرێتەوە و بەو شێوەیەی گەمارۆی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدات و ئەوەی بە رواڵەت بە پاکسازی نێوی دەبرد لە راستیدا کوشتاری تێکرایی جەماوەری بێتاوانی کوردستان بوو بەپێی قانونی جەنگەڵ، واتە وەکوو بۆخۆی دەیهەویست ئەنجامی دا و پیادەی بکات.

لە ئیدامەی ئەو سیاسەتە کارەسات خولقێنە و ستەمکارانەیەدا رۆژی ١٢ی مانگی شەشی ١٣٥٨ هێرشێکی دڕندانەی بۆ سەر میحوەری بێورێ و بێوران و کێلێ دەست پێکرد، لەو هێرشەدا زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بە خەڵکی گوند نشینەکانی ئەو دەڤەرە گەیاند و دێهاتەکان چۆڵ و نیوە چۆڵ بوون خەلکێکی زۆر ئاوارەی کوردستانی باشوور بوون . هەر لە ئیدامەی ئەو سیاسەتەیدا رۆژی ١٨ی مانگی شەشی ١٣٥٨هێزێکی گەورەی جمهوری ئیسلامی تەیار بە تۆپ و تانک و چەکی قورس و نیوە قورسی جۆراوجۆر لە ژێر پشتیوانیی هیلیکۆپتێرە تۆپدارەکاندا بە مەبەستی گرتنەوە و جێگیر بوون لە نوقتەی حەساس و ئیستراتیژیکیی میراوێ و ئاڵوەتان دا بە میحوەری سەردەشت پیرانشاردا ملی پێوە نا، بەڵام بە پێچەوانە لەگەڵ بەرەنگاری رووبەروو بوو ئێستا ئەو دەورانە تێپەڕ بووە و زۆر ناحەزە باسی تەقە و رەقە و لێک راکێشان بکرێ.

بەڵام لێرەدا لانی کەم وەک خۆم ناتوانم وەکو هێندێک کەس بە ئەنقەست قەڵەم بەسەر بەربەرەکانی ئەو رۆژەدا بکێشم و بۆخۆشم کارێکی وا بکەم کە هەستانەوە و بەربەرەکانیی ئەو رۆژە لە مێژووی حیزبدا دابەش بێتەوە یان لانیکەم وا کەمڕەنگ بکرێتەوە کە بایەخێکی مێژوویی پێوە نەمێنێ، کەسێکی جێگای باوەڕم بۆی گێڕامەوە کاتێک لە دانیشتنی دەفتەردا لە ئاشی پشتکاوێ باسی گرینگی رۆژی ١٨ی مانگی شەشی ١٣٥٨ی هەتاوی و هەروەها پێشنیاری تەشویق کرانی پێشمەرگەکانی بەشدار بووی حەرەکەتی ئەو رۆژەکرا یەکێک لەو قەڵەم بەدەستانە ئەو شێعرەی خوێندەوە: "گاە باشد کە کودکی نادان، بە غلت بر هدف زند تیری"، بەڵام ئیعترافی دۆست و دوژمنیش تەنانەت خەڵکی بێلایەنیش هەڵوێستی ئەم رۆژە یەکەمین بەربەرکانی توند و گورج و بڕ بوو کە هێزەکانی جمهووری ئیسلامیی لەگەڵی بەرەروو بوون.

لێرەدا باسی جوزئیاتی ئەو پێک هەڵپڕژانە ناکەم، کورتی دەبڕینەوە هێزەکانی جمهووری ئیسلامیی شکستێکی گەورەیان خوارد، شکستێکی وا کە بۆ خۆشیان روویان نەبوو باسی بکەن، بەڵام بەسەد داخی گرانەوە لە ئاخر و ئوخری ئەو پێک هەڵپڕژانەدا هاوسەنگەری دڵسۆز و وەفادار و بەئەمەگ "مەلا عوسمانی یەزدان پەرەست" ناسراو بە "جەلال میراوەیی" لەبەر چاوی من ئەسیر کرا، سەرەڕای ئەو هەموو تێکشکانە، دوژمن ئەسیر کردنی جەلالی بەدەسکەوتێکی گەورە زانی ئەگەر بێنە سەر باری راستیش قۆڵبەست کردنی جەلال بۆ پاسدارەکان دەسکەوتێکی کەم نەبوو، دوژمن لەژێر ئاوری هێلی کۆپتێرە

تۆپدارەکاندا بەسەر شۆڕی پاشەکشەی کرد، برینداریکمان هەبوو هەر چەند برینەکەی زۆر نەبوو بەڵام خوێنریژی دەکرد، تینویایەتی پشتی شکاندبووین بریندارەکە پەیتا پەیتا داوای ئاوی دەکرد، لەراستیدا بۆ خۆشم لەو توونیتر بووم، هیچ وەسیلەیەکی دەرمانی نەبوو لەو کاتەدا بێهرووزی کورد ئەحمەدی وەک فریشتە هەڵقوڵی، زۆر توند و تۆڵ و لاوم هاتە بەر چاو ئەمن ناوبراوم نەدەناسی بەشێوەی پڕ لەمەمنوونی رووم تێکرد و گوتم من دەبێ سپاسی خۆت و سازمانەکەت بکەم پێموابوو کۆمەڵە یان چریکە، زەردە خەنەیەکی هاتێ و لەوڵامدا گوتی: پێشمەرگەی حیزبم ناوم بێهرووزە، چاکم لەبیرە باڕوتێکی زۆرم چووبۆوە ناو گەروومەوە و بەتەواوی ویشک هەڵاتبووم، ژانە سەریکی زۆر توندم گرتبوو بەری چاوانم تاریک داهاتبوو، ئەسپرینێکی دامێ بەڵام ئاوی لێ نەبوو پێی قووت بدەم بێ حەوسەلەی کردبووم، گوتم: تازە بە گەروومەوە نووسا و وەزعی زۆر خراپتر کردم، کاک بێهرووز بە مەست لەپشتمی دا و حەبەکە لەزارم دەرپەڕیوە ناوبراو لەلای مامۆستا هێمن و ئەوانەوە بە هاواری ئێمەوە هاتبوو.

مامۆستا هێمن و رەفیقەکانی زۆر دوور نەبوون کاک بێهرووز ئەو جێگایەی کە مامۆستا هێمن و هاوڕێیانی لێ جێگیر ببوون بە ئێمە نیشان دا، بۆ خۆشی بەمەبەستی پەیدا کردنی وڵاغ بەجادەدا بەرە و گوندی "واوان" وەرێ کەوت، نوختەی دەقیقی پێک هەڵپڕژانەکەی قەڵاتی هەمزەی بوو کە لە نێوان واون و تەنگی گرژاڵیدا قەراری گرتووە. تاریخی دەقیقی رۆژی شەهید کرانی جەلالی میراوەیی رۆژی ١٨ی مانگی شەشی ١٣٥٨ ـە کە هەڵە لەهێندێ نووسراوەکاندا رۆژی ٢٤ی مانگی شەشی ١٣٥٨ دیاری کراوە، ئەمن و بریندارەکە وردە وردە بەرە و مام هێمن و هاوڕێیانی وەرێ کەوتین هێندێکی سەروژێر و بەشێکیشی بەرە و ئەوان دەستە و هەورازبوو و رۆیشتین و تووشی کانیاوێکی نەبووین برسیایەتی و تووناییەتی بڕستی لێ بڕیبوون بە تایبەتی تووناییەتی تەواوی هێز و توانای لێ ئەستاندبووم هەورازەکە زۆر بڵیند نەبوو بەڵام وەسەر کەوتن بە وەزعییەتەی کە ئێمە هەمانبوو دژوار بوو، رویشتین تا نزیکی ئەو جێگایەی بووین کە مامۆستا هێمن و هاوڕێیانمان لەگەڵ دەزگا چاپ و کەلوپەلەکانی بەشێوەی کاتی لەو جێگایەدا بۆ حەسانەوە بارگە و بنەیان بەعەرزیدا دادابوو.

خەریک بوو "سیرە" هەڵدەگیرا ئێوارەیەکی تاریک و غەماوی بوو دە یان دوازدە رۆژێک لە هاووین مابوو، سەری کێوەکان سپی ببوو، وەرزە هاوینیەک وردە وردە لە دەروازەی پاییزێکی زەرد و غەمناک نزیک دەبۆوە، عەرز سریبۆوە جارجار پشۆ بایەکی تەواو فێنێک لەگەڵ هاشەی رووباری کەڵوێ تێکەڵ دەبوو و لەلای رووبارەکەوە خۆی بەسەر و چاوی ئێمەدا دەکێشا خۆش و فێنێک بوو لەگەڵ هەموو هەناسەکان دەنگی جەلالم بە گوێ دەگەیشت دەنگەکە تەواو دەبوو بەڵام دیسان لە گوێمدا دەزرینگایەوە ئەو دەنگە دەنگی مردن بوو، جار جارە دەبووە دەنگی ئازار و هاواری جەلالی کە ژێر جەزرەبەی پاسدارەکاندا دەیناڵاند و داوای بە فریا گەیشتنی دەکرد، لەبەر چاوی من هەموو شتێک مردبوو تارمایی مەرگ لە قەوارە و هەیوڵای

جۆراوجۆردا خۆی بە رووح و هەست و چێژی مندا دەکێشا، ماوەیەک لەدوای ئەنگوتنی گەلاویێژدا کلوکە جوتیارەکان بە هەموو نەرمی و ناسکی شلکی خۆیانەوە لەعەرزی رەق و وشک دێنێ دەرێ و زۆر زوو هەڵدەپڕووکێن، لەبەر چاوی من جەلال یەکێک لەو کلوکە جوتیارانە بوو کە زۆر بێ وەخت هەڵپڕووکابوو....

٢٣ی ئاوریلی ٢٠١٣

----------------

**شامی غەریبان و هەڵپڕووکان و وەرینی گەڵاکان**




**بەشی دووهەم**

**وردە وردە تاریک دادەهات ماشێنە ئەرتشیە سووتاوەکان دامرکابوون، بەشێک لە جەنگەڵەکانی واوان بە ئاوری تۆپخانە و راکێت بارانی هێلی کۆپتەرەکان ئاوریان گرتبوو، ئەو جار لەناو تاریکایەتیدا جوانتر دەردەکەوتن، عەرز غەماوی، ئاسمان و ئەستێرەکان تەماویی، لەبەر چاوی من دەریا دونیای غەم، تەواو تاریک ببوو نزیکی هاوڕێیان بووین سێبەر و تارمایی چەند کەسێکی بۆر و چلکن و تۆزاوی لە دەوری ئاورێکی کەم شۆق دەرکەوت، ئاورەکە جارجار دەتورسکا و دەکوژایەوە، پەرژین بێ وەک ئاوری جندۆکان دەچوو.**

**مام هێمن هەر وەک شێعرەکانی ئێجگار ناسک بوو و وتار نووسینەکانیشی لەشێعرەکانیشی ناسکتر بوون، لەنووسینەکانیدا لەتەوسیفەکانیدا لەرۆانین و سەرنجدانیدا لەهێندێ حەرەکاتی تایبەت بە خۆیدا ئەو ئەبەر ناسکییە زۆر بە روونی وەبەر**

چاو دەکەوت، مام هێمن بێ ئەوەی بۆ خۆی هەست پێ بکات ئینسانێکی دەبڵ کارێکتێر بوو. واتە لەجەوهەری خۆیدا دوو کەسایەتیی دەرەکیی و ناوەکیی ١٨٠ دەرەجە لێک جیاواز بوون، زاهرێکی چلکن و بۆر بەڵام لە ناو خۆیدا و دونیای مەعنەوی خۆیدا پسپۆرێکی خاوەن سرنج و ورد و دەقیق بوو.

لەبیرمە لە رابردوودا لەکاتی چا خواردنەوە و حەسانەوە کاتێک کە روو خۆش بوو نوکتەیەکی دەگێڕایەوە باسی شێعرێکی دەکرد یان تەقلیدی کەسێکی دەکرد هێندێ حەرەکاتی تەردەستانە و ئاکرۆباتێکی وای ئەنجام دەدا کە ئینسان لەهونەر و مەهارەتی ئەو ئینسانەی سەری سوور دەما، بەڵێ ئاورەکە وەک ئاوری جندووکان دەچوو و ئەوانی دەورووبەری ئاورەکە پەرژین بێ زۆر چلکن و بۆر لە دەوری ئاورەکە دەردەکەوتن و ون دەبوونەوە، هەزاران و هەزاران جار پەرژین بێ یەکێک لەو بۆرانە مام هێمن بوو جارجار هەڵدەستا پێ و بە دەستەکانی هێندێ ئیشاراتی دەکرد و دادەنیشتەوە، ئەو کاتی دەنگی مام هێمن بۆ ئێمە نەدەبیسترا بەڵام کە نزیک بووینەوە تێ گەیشتین کە مام هێمن خۆشحاڵە و کەوتۆتەوە سەر حاڵەتەکەی جاران و بە کەلیماتی ناسکی خۆی شتێک بۆ هاوڕێیان باس دەکات و ئەوانیش کڕ و مات وەکوو جاران گوێ رایەڵی وتەکانی مام هێمن بوون و وا جەزبی یەکتر ببوون کە هەتا نەگەیشتینە پەناییان هەستیان نەکرد، کەترێکی رەش لەپەنای ئاورەکە بوو و هێندی ئیستەکانی چڵکنیش لەو دەورووبەرەی کەوتبوون.

بەڵێ ئەوەی بە پێوە راوەستابوو مامۆستا هێمن بوو لەو کاتەدا گڕە بایەک بەسەر ئاوەرکەدا خوشا و چەند پرنجکە ئاورێکی بەسەر کۆمەڵەکەدا پرژاند و لەو کاتەدا مام هێمن جنێوێکی خۆماڵیانەی لە بایەکە و ئاوەرکە گیرساند، لەو کاتەدا سێ پێشمەرگەی بە توانا واتە مەلا خدری کانی زەردی، برایم گوڵاوی و حاجی بریازی کە بە داخەوە هیچیان لەژیاندا نەماون گەیشتنە لای ئێمە ئەوان زۆر زوو لەپێش نوێژەکەیدا لەئێمە هەڵبڕابوون و لەگەرمەی هێرشەکەیدا ویستبوویان بە هاواری ئێمەوە بێنیەوە گەیشتنە جێ بەڵام چ بی هاوار و هاتنێک تازە قوولەی دوای گورگی بوو، هەمووی ئەوانەی ناوم بردن گەیشتینە لای یەکتر و لەدەوری یەکتر کۆ بووینەوە غەمێکی گەورە لەسەر شانم قورسایی دەکرد دەمویست ئەو غەمەی لەگەڵ کەسانی دیکە دابەش بکەم و پەیامێکی زۆر تاڵم پێ بوو، دەورووبەری ئەو ئاورە بێ چتینە بۆ ئێمە بوو بە عارەفە و یەکترمان ناسیەوە و یەکترمان گرتەوە، هەموومان لە دەوری ئاورەکەی هالاین وەک ئەوەی دەچوو چەندین ساڵ بێت یەکترمان نەدیتبێ و تازە یەکترمان ناسیبێتەوە، ئەوان چاوەڕوانی ئەوە نەبوون ئێمە پەیامی تاڵیان پێ بدەین، بەدیتنی ئێمە گەشانەوە هەموومان گەشاینەوە و لەو کاتەدا مام هێمن و شاعیری هەڵکەوتوو و گەورە پیاوی نیاز پاکی کورد کاکە عەلی حەسەنیانی و شاعیر و رۆژنامەنووس کاک سلێمانی چیرە و هەروەها پێشمەرگەی لە مێژینە عەریف قادر خانە خوێ ئێمە بوون کە بە ناشکوری نەبێ لەو کاتەدا بۆ خۆشیان هیچ شتێکیان نەبوو، ئەوانە کەسایەتیی دیاری و

جێگای شانازی ناو کۆمەڵگای ئێمە بوون کە بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ زوڵم و زۆری و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی نەتەوەی ژێر چەپۆکی خۆیان کەوتبوونە ناو تاریکەستانی جەنگەڵەکان و پەنایان بۆ چۆڵگە و شاخ و دەشتەکانی کوردستان هێنابوو، بەڵێ ئەوانە یاری وەفاداری میللەتی خۆیان بوون کە لەو تاریکایەدا چاوی ئێمە بەشکلێکی دیکە ئەوانی دەدیت.

ئەمن پێشتر ساڵها لە خزمەت مام هێمنی دا بووم و چەند ساڵێک لە یەک خانوو لە یەک بنکەی حیزبیدا پێکەوە ژیابووین، مام هێمن بە پێی عادەتی خۆی چ بۆ ئەو کەسانەی خۆشی لێیان هاتبا و چ بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشی لێیان نەهاتبایە تەوس و پلاری بەکار دەهێنا، هەمیشە قسەی نەستەقی پێ بوو بە پێکەنین و نیوە پێکەنینەوە نوکتەکانی ئەدا دەکرد و وەک عادەتی پێشووی دەستی بەقسەی خۆش کردەوە، رووی لە عەریف قادر کرد و وتی: چایەکیان لەسەماوەرەکەی بۆ تێکە،مەبەستی لەسەماوەرەکەی کەترییە رەشە بۆرەکەی پەنا ئاورەکە بوو لە دڵی خۆمدا وتم :"بر بی خبران کەشکک سەلەوات" ئەو نەدەزانی ئەمن چ هەواڵێکی تاڵم پێیە؟ نەیدەزانی چ گرێک لە دەروونی مندا دایسێت؟ ئەمن و شەهید جەلال خەڵکی ناوچەیەکی نەبووین کە دەڵێم خەڵکی ناووچەیەکی نەبووین مەبەستم تەقسیماتی کوردەواری خۆمانە، من خەڵکی دێهاتی سەر سنووری سوێسنایەتی و گەورکایەتی بووم ئەوانیش بە ئەسڵ "نەڵێنی" و بەڵام دانیشتووی مەنگوڕایەتی واتە ئاوایی میراوێ بوون ئەمن و شەهید جەلال لەچەند برگەی مێژووی ژیانی خۆماندا پێکەوە بووین جاری واهەبوو بە چەند ساڵ پێکەوە بووین لە خوێندنی حوجرەکانیشدا جارجار بەشێوەی ئوتوماتیکی وە کن یەکتری دەکەوتین ئێمە ماوەیەکی زۆر لە فەقێیەتیدا زێد و عەمرون بە گژ یەکترا کردبوون و شایەتی کوڵەکە بەستن و گلۆڵی ئەو دوو کەسایەتییە مشک و پشیلە ئاسایەی ناو قەواعدی عەرەبی بووین بەڵام بەپێچەوانەی زێد و عەمرون ئێمە هەرگیز نالێک نەبووین قسە خۆشەکانی مام هێمن و زەردە خەنەی کاکە عەلی و سلێمان و جەماعەتەکەی هیچ تەئسیریکی لەسەر مندا دانەدەنا لە راستیدا وەک ئەوەی دەچوو هەر گوێم لێ نەبێ تێکرای هۆش و بیرم لەسەر ئەوەی بوو چۆن و بە چ کەلیماتێک خەبەری ئەسیر بوونی جەلالی رابگەیەنم بەڵام هەرچی دەمکرد، تاقەتم دەکردە خۆم لە زارمرا نەدەهات.

لەبیرمە سەرم لێ شێوابوو نەمدەزانی چی بکەم، لەبیرمە نەک جارێک و دوو جار بەڵکوو چەندین جار ئوتوماتێکی و نائاگاهانە کڵاو جەمەدانەکەم لەسەرم دەکردەوە و لەسەرم دەنانەوە، توند خۆم لەپشتی عەرزەکەی قایم دەکرد، وەک ئەوەی لەسەر پشتی ئەسپێکی غلوور و سەرکێش بم و خۆمی لەسەر پشتێ توند کەم بۆ ئەوەی بەر نەبمەوە کاتێکی زۆر ناسک بوو مام هێمن هەستی بە لاوازی و بێ هێزی من کرد لەبەر خۆیەوە گوتی، کاکە تۆقیوە ، بسم الله الرحمن الرحیم لەترسی پاسداران جنداربووە وەڵامێکم پێ نەدرایەوە پاش چەند جارقرخاندن و گەروو ساف کردن تاقەتم کردە خۆ و بە دەنگێکی نیوە نووساوەوە گوتم : جەلال ئەسیر بوو. چی؟ مام هێمن بە دەنگێکی بەرزەوە پرسیاری کرد. دووپاتم کردەوە جەلال ئەسیرکرا. ئەو خەبەرە بووە قورقوشم و چۆدەگەرووی هەمووان. پێکەنین تۆقی زەردەخەنە مرد کوڵێکی خامۆش

بەسەرکۆرەکەدا زاڵ بوو، مام هێمن چرژا! پرسیاری کرد بێهرۆزیش شەهید بوو؟ گوتم : نـا، ئەو سەلامەتە بە جادەی دا ڕۆیشت بۆ نێو دێی، قەولی دا زوو بگەڕێتەوە. ئەو خەبەرە بۆ هاوڕێیان نـاخۆش نەبـوو. پـاش تۆزێک گەشانەوە مام هێمن دیسان چرژایەوە! بە پەلە سیغارێکی داگیرساندو مژێکی قـووڵی لێدا عەریف قـادر ئـاگرەکەی خۆش کـردو دەستی کـرد بە دوعـا خوێنـدنێ، کـاک عەلـی حەسـەنیانی سوور داگیرسـا ، سولەیمانی چیـرە چـاوی پـڕ بـوون لە ئـاو، حـاجی و مەلا خـدر گریـان، ئەوانـی دیکەش بە دوای ئەوانـدا دەستیان کـرد بەگریـانێ، هەمـوون گریـاین، ئەمن مەرگـی عەزیـزانم زۆر دیتبـوو موعینیەکان، ئاوارە، شەریفزادە، نحۆ، مامۆستا زەنگەنە، هـاوڕێیـانی دەورانـی لاویـم کـاوە، قەرەنـی، مەلا عەلـی وەرگێڵـی، محەممەدی رەسووە مەرەی، بۆ سالح لاجانی و سولەیمانی کەرقەشانی و عەلـی گـوێ رەش ودەیـان شەهیدی قـارەمـانی دیکە لەزینـدانێداک دەستی حەسرەت و داخ و کەسەرم لەچۆکی خۆم راکێشابوو، دوای رزگاریم لە زینـدانێ مـام هەژار گـوتەنـی : بە پەکووە ببوومە پەپووی جێ وێـران ، سەنگم لەسـەر کـۆڵی پەنـاگـای هاوڕێیـان دانـابۆوە ، حەشـارگەی هاوڕێیـانی شەهیدم زیـارەت کردبۆوە.

بە باوەڕی من زۆر عەیبە ئینسـان بـاسـی گریـانێ بکـا، بەڵام پێم خۆش نیە درۆ لەگەڵ ئـازیزانی خـۆم بکەم، نـایشـارمەوە زۆرجاران لە جێ هەواری خاڵی هاوڕێیانی شەهیدم بەتەنـێ شیوەنم گێڕابـوو، لەسەنگەری بەجێمـاوی ئەمەگناسـاندا تـاق و تەنیا کوڵم رشتبوو، بەڵام تـازییە بـاری ئەو شەوەی لەو تـاریکاییەیدا بۆ من زۆر نـامۆ بوو.

کـاک عەلـی حەسـەنیانی وەک ئەوەی بەدەم خەونێکـی نـاخۆشـەوە لە خەوێکـی گـران رابـپەڕی وەدەنـگ هـاتوو گـوتی :ئەمـن پێموایە بەبێ موعـادەلەی دەقیق و لێکدانەوەی ورد و هەڵسەنگاندنی هێزی هەر دووک لا ئەو تێکهەڵچوونە ئەنجام دراوە.

کاک سولەیمان بێ ئەوەی قسەیەک بکـا بەتەکـان دانـی سەر بۆ چوونەکەی کـاک عەلـی تەئید کرد، مـام هێمن بە ئەدای شاعیرانەی خۆی بۆچوونی هاوڕێیانی بەشێوەیەکی دیکە پشت راست کردەوە و گوتی "هر کە بـا فولاد بـازو پنجە کرد،

ساعد سیمین خود را رنجە کرد" بەرخم هێزی ئـاوا گەورە بـۆ خـۆ لێـدانێ نەدەبـوو سـەر بە گـاشە بەردی دابـدەی سـەری خـۆت لەت دەبێ، مام هێمن هێندێ جار بۆ موخاتەبەکـانی خۆی کەلیمەی بەرخمی بەکـار دەهێنـا، ئەمن بـۆ چـوونی ئەوانم وەک یەک ئەسڵی مەنتقی بەڵام دوور لە موناسبەت بە تەواوی قبووڵ بوو، بەڵام هێندێ شت هەبوو دەبوو بە وردی شەرح بکرێت

چۆنیەتی ڕووداوەکەم بە وردی بۆ گێڕانەوە کە لێرەدا باسی ناکەمەوە رەنگە لەجێگای موناسب بیگێڕمەوە، هاوڕێیان پرسیان

دوژمن زیانی بووە عەرزم کردن دڵنیا بن بێ زیان نەگەڕاونەتەوە، بێ درۆ و دەڵەسەو شاخ و باڵ لێنان ئەوەی بەچاوی خۆم دیبووم بەوردی بۆم گێڕانەوە کە لێرەشدا پێم خۆش نیە باسی ئەو زیانانە بکەم، ئەمن کە لەبەرمبەر قسەی هاوڕێیاندا بەتەواوی کەوتبوومە حاڵەتی دیفاعەوە لە ئیدامەی ئەوو باسەیدا عەرزم کردن کە کاک بێهرووزی کورد ئەحمەدی کە بەشێکی شەڕەکەی بە چاوی خۆی دیتبوو دەتوانن جوزئیات و وردەی قەزییەکەی بە روونی لەناو براو وەربگرن، کاک بێهرووز هاوسەفەری ئێوەیە و ئێوارێ قەوڵی دا زووتر ئەمشۆ بۆ لای ئێوە بگەڕێتەوە و ئەو زانیاری زۆری لەمەسەلەکە پێیە، مام هێمن کە شایەتی چرژان و تێکچوونی من بوو و روو گەشتر وتی" جێی زەلامی زۆر خاڵیە بەلام تاریخ ئەوەیە کە بۆوو و دەبێ، نەک ئەوەی کە ئێمە پێمان خۆشە...

## شامی غەریبان و هەڵپرووکان و وەرینی گەڵاکان

### بەشی سێهەم و کۆتایی

مام هێمن و هاوڕێیان شێویان نەخواردبوو چاوەڕوانی بێهرووز و جەلالی بوون کە بەداخەوە جەلال هەرگیز نەگەڕایەوە، ئاوێکی ساردییان داینێئاو نەبوو گەوهەر بوو، شەراب بوو فێنکایی رووحی بوو، حەریف قادری ویستی نانی دانێ مەنجەڵێکی فافۆنی لەو راوە هێناو لەسەر ئاوەرەکەی دانا، لەو کاتەدا دوو جێتی جەنگی بەسەر ئێمەدا خوشان گرشە و چرقچژنی جێتەکان لەدۆڵ و شێوەکاندا دەنگی دایەوە، ناگێرمەوە زۆر وەحشەتناک بوو، هاوڕێیان فەورەن ئاوەرەکەیان کووژاندەوە، مامە هێمن وتی: ئێمە رێبوارین زوو پاروەک نان بخۆن هەر بێهرووز بگەڕێتەوە بەرەو مەقسەد وەرێدەکەوین،

جێتەکان تەقەیان نەکرد زۆر زوو ون بوون، بەلام رۆژێدواتر واوانیان بەختی بۆمباران کرد، ئاور نەمابوو چێشتی لەسەر گەرم کەنەوە، ناچار مەنجەڵەکەیان لەگەڵ هێندێنانی رەق لەپێش جەماعەتەکەیدا دانا لەنێو مەنجەڵەکەیدا هێندێبرینجی سارد بووە هەبوو، ئێمە کە ئێگجار زۆر برسی بوون دەستمان کرد بە قرتاندنی نانە رەقەکەی و خواردنی برنجە ساردەکەی، مام هێمن و وان هێشتا دەستیان بەنان خواردن نەکردبوو حەریف قادری کە چاوی بە برینجی نێو مەنجەڵەکەی کەوتەوە وەک ئەوەی کە تازە بە برینی خۆی زانیبێبەهەر دوو دەستان بەسەری خۆی دادا و بەهەمەوو توانایەوە لەبانگی دا و وتی: ئەوە ئەو برینجەیە کە نیوەرۆ جەلال لێنابوو، گریانی حەریف قادر هەمووی ئێمەی گریاند، ئەمن کە لەپێشدا لە دوورەوە شامی غەریبانم دیتبوو، ئێستا بەکردەوە بۆ خۆم لەنێوکۆڕی شامی غەریباندا بووم بەڵی ئەوە کۆڕی شامی غەریبانی بەراستی بوو...

دۆست و دوژمن لەسەر پێکهەڵپڕژانی ئەو رۆژەی داوەریان کرد بەشاهیدی دۆستان و دوژمنان ئەو رۆژە رۆژی سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام لەبەر چاوی من نەک تەنیا سەرکەوتن نەبوو، بەڵکوو نەوعێک تێکشکان بوو چونکە ئەمن بەدڵ خۆم بەتاوانبار دەزانی ئەو ئاورە ئەمن هەڵم هایساندبوو و ئێستاش کە سی و چەند ساڵ بەسەر رووداوەکەیدا تێدەپەڕێ خۆم وەک تاوانبارێک دێتە بەر چاو و شانۆی ئەو چنگەپڕچەی ویژدانم ئازار دەدا، هەر وەک کە کاک سەلاح قەڵادزەیی کە ئەو رۆژەی لەزیندانی پادگانی سەردەشتێ زیندانی ببوو پێش ئیعداتم بۆچەند ساعەتێک جەلالیان بردبووە لای ئەوان و دوای بۆمنی گێڕایەوە هەر ئەو شەوەی زۆر بەربەریانە زۆر وەحشیانە و زۆر دڕندانە، بێدادگایی و بێمحاکمە کردن جەلالیان شەهید کردوو تەرمەکەشی نەبیندرایەوە و گلکۆکەشی هەتا ئێستا دیار نیە.

ئەوە ئەوەڵین و دوایین شاکاری کۆماری ئیسلامیی نەبووسەدان و هەزاران دەستە گوڵی دیکەی لە کوردستانێ دا بەئاو دادا، بسم الله تازە سەرەتای کارەسات و جینایەتەکان بووئێستا وەرزێکی دیکە لەخنکاندنی بێ موحاکمەی ئەسیران و کوشتاری تێکڕایی زیندانیان و کۆمەڵانی بێ تاوانی کوردستان دەستی پێدەکرد بەدوای بێ سەرو شوێن کردنی جەلالی دا دەیان و سەدان زنجیرەی کوشتاری تێکڕایی و رەشەکوژی جینایەت و کاولکاری بێپسانەوە بەدوای یەکترداهاتن ، زۆر شاروگوند بەخوێن سوورکران زۆرباغ و رەز سووتێنران زۆرلە جەنگەڵ ودارستانەکان گڕیان تێبەربوو، سروشتی کوردستان هەڵدڕ هەڵدڕ کرا، تەنانەت سەری کێوە بەرزەکانیش داڵان داڵان وکون کون کران وکرانە بەمەتەرێزی زیندەوەرکوژی و کورد کوژی، بەڵام بە دانی باجی یەکجار زۆر ئێستا بەکردەوە شەڕی سێ مانگە لەهەموو نوقتەکانی کوردستان دەستی پێکردبوو بەڵام بە ئیعترافی پەیتا پەیتای رۆژنامە رەسمی دەوڵەتیەکانی ئەو کاتەی (سەردەشت مەیدانی گەرمی جەنگ) نێو دەبرا.لە سەر شەڕی سێ مانگە کەسانێک شتیان نووسیوە ، بەڵام زۆربەیان لەگۆترە نووسراون و لەگەڵ راستی یەکتر ناگرنەوە.

لەشەڕی سێ مانگە دا لەسەرتاسەری نوقتەکانی کوردستان دائێمە کێشراینە نێو شەڕێکی نەخوازراوەوە رۆڵەکانی گەلی کوردبەتێکڕایی دەستیان لەسەر دەست دانەنا، لە هەموو نوقتەکانی کوردستان دا بەگژ زۆرداران دا هاتنەوە ئەو فیداکارییە و لەخۆبردووییە بووە بەهۆی ئەوەی کەدوژمن مل بۆ وتوویژ رابکێشی ،سیمای ئاشتیخوازانەی کوردەکان زۆربە روونی دەرکەوت ، ئەوان بەتەواوی سابتیان کرد شەڕخوازنین دوای پشوویەک کە بەباوەڕی زۆرکەس بەقازانجی هەردووک لاو زۆرتر بەقازانجی دوژمن بوو جارێکی دیکە جمهوری ئیسلامی بەهێزی تەیارترو پشتیوانی زۆرتر، بێڕەحمانە تر، ملی بەکوشتار وەنایەوە. بەداخەوە ئەوجار شەپۆلی نیوەسوور و کاڵ بووەوەو رەنگ پەڕیوی بەشێک لە پەیڕەوانی بیرۆکەی ئینترناسیونالیستی بەناو چەپی ئێرانیی لەگەڵ بوو، ئەگەرچی ئەو شەپۆلە بەهێز نەبوو ، بەڵام لە کوردستان دا بەشێ خۆی پچڕی .لێرەدا وەک پێ لە جەرگی خۆم بنێم پێموایە ، بەڵام بەداخم کە نیوەی ئەو گرووپە کەمن هاومەتەرێزی



سەرچاوە Serchawe

ساڵەهای ساڵ و شان بەشان و دۆستی نزیکی خۆم بوون ، وە لە زۆر بواردا وەک مامۆستا و جگەرسۆزی خۆم حیسابم بۆدەکردن و ئێستاش پاش نەمانیان ڕێزم بۆیان هەیە.

تا کۆتایی شەڕی سێ مانگەو دەسپێکرانەوەی بەرەنگاریی تازە تەنیا ژینۆسایدی قاڕنێ و قەڵاتان رووی دابوو،لە قۆناغەکانی شەڕ فرۆشیی کۆماری ئیسلامی دا دەیان ژینۆسایدی گەورە رووی دا عێراق وئێران بەشەڕهاتن، جەلادانی نێوسوپای ئەو دوو وڵاتەی گۆرانی مەرگ و کۆمەڵکوژییان لەبەریەکتر دەگێڕایەوە، ئەو جارنۆبەی سەدام و دارو دەستەکەی بوو ئەوان رووهەڵماڵاوانەتر دەستیان پێکرد.داستانی وەحشیانەو پڕلە شەرم و شوورەیی ئەنفالیان لەمێژووی خۆیاندا تۆمارکرد. زۆرکەسیان دەرماناداو کرد. گازی خەردەل و بارانی زەردیان بەسەرهەڵەبجەو سەردەشت ودەیان جێگای دیکەی کوردستان دا باراند.گوڵ وگیاو دارو دارستان وجەنگەڵەکانیان بە کیمیاباران هەڵپرووکاندن ، بەڵام بە خۆشی یەوە کورد هەرماوەو لەسەر خەباتی خۆی هەروا بەردەوامەو تاگەیشتن بەئامانجەکانی هەروا بەردەوام دەمێنێتەوە. لە پاراگرافەکانی دوایی باسەکەیدا ئەمن درێژدادڕیم کرد.

ئێستا سەرنجی ئازیزانم بۆ لای کۆڕەکەی رادەکێشمەوە.پێمخۆشە وێڕای خۆشەویستانم یادێک لەکۆچ کردووەکان بکەینەوە.ئەو هاوڕێیانەی کە لەسەر سفرەی هەژارانەی نێو ماتەم و تاریکی دا لەدەوری یەکتر هەڵکورمابوون وە لە ئێوارە شامی غەریبان دا بە کردەوە بەشداریم کردو پارووی تفت و تاڵی خەم و پەژارەم قووت داو شەربەتی داخ و کەسەرم نۆشی.

جەلال بێ سەرو شوێن کرا، تەنیا یادە پیرۆزەکەی بوو کەتاریکی سەرکۆڕەکەی تاریکترکردبوو. بەتەرتیب شەهیدان مەلا خدرو برایم وحاجی لە گۆڕەپانی شەڕی تاریکی و رووناکی دا گیانیان فیدای نیشتمانیان کرد. دڵسۆزو نیازپاک کاک عەلی حەسەنیانی لە تاراوگەو غەریبایەتی و بێکەسی دا ماڵئاوایی خواست .مام هێمن بیست و حەوت ساڵ و چەند رۆژێک لەمەوبەر لەزێدی خۆیدا سەری نایەوە، ئەگەرچی مام هێمن لەسەر شانی لاوانی نیشتمانپەروەرو لە نێو کۆڕی تازییەبارانی راستەقینەی خۆیدا بە ئەو پەڕی رێزە و بە خاک سپێردرا، بەڵام بە راشکاوی دەتوانم بڵێم ئەویش لە نەوعێک غەریبایەتی دا سەری نایەوە . مام هێمن نابەدڵ مرد. ئەو بەهەموو توانایەوە بێزی لە ریش و پەشم و چەکمەی ئاخوندانی حاکم هەڵدەستا .ئەو هەرگیز نەیدەویست لە نێو جەوی قەدەر قودرەتی ژێردەسەڵاتی پانئیسلامیزمی کۆماری ئیسلامی دا ماڵئاوایی لەژیان بکا

دواتر بۆ خۆم مردم، باشترە بڵێم مندار بووم، مام هێمن گوتەنی : مردووەکانیش دیسان مردن. بە تیرۆری رێبەرانی

سەرکردە ئەمنی زۆر جار مردوو چەندین جاری دیکەش مردم، ئێستا مردووم و بەشی زیندووان دەخۆم. حەریف قادریش پاش یەک تەمەن پێشمەرگایەتی لەو دنیایەی دەرچوو و مرد.ئاخرین کەسی ئەو کۆڕە ماتەمینە کاک سولەیمانی چیرە بوو کە پاش بەربەرەکانیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشیەکی ئاستەم ،بەداخەوە ئەویش لە غەریبایەتی دا کۆچی دوایی کرد. ئاوبراو ئاخرین گەڵای هەڵوەریوی شاخەی کۆڕی ئەو شەوەیە. رۆحی هەمووانیان شادبێ.

لەسەرەخۆشی کاک سولەیمانی چیرە دا زۆر حیزب و سازمان و لایەنی جۆراوجۆر و کەسایەتی کوردو غەیرە کورد بەشدارییان کرد زۆر شێعرو پەیام خوێندرانەوە کەسانێکیش هەبوون لەگەڵ خوێندنەوەی پەیامەکانیان دا گریان . سەرەخۆشی کاک سولەیمانی چیرە بەو بەرینی و هەراوییەی کە نەوەدو هەشت تا نەوەدو نۆ لەسەدی کورد بوون ، دەرسێکی گەورەی تێدابوو .ئەزموونێکی هێژای وەبیر ئێمە هێنایەوە . ئەو دەرسە ئەوەبوو کە بێجگە لەدەستی خۆت هیچ دەستێکی غەیرە پشتی تۆ ناخورێنێ .

سولەیمان بە کردەوە بەو ئەزموونەی دا تێپەڕیبوو ئاگاهانە باوەڕی بەو ئەزموونەو چەند ئەزموونی دیکەش هێنابوو.تەرکیبی ئەو کۆڕە ماتەمینەی وە لێکهاڵانی کوردەکان لە دەوری یەکتر بەم هەراوییەی جارێکی دیکەش ئەو راستیەی سەلماند کە کوردەکان یا هەرمیلەتێکی چەوساوە و ناکامی دیکە دەبێ تەنیاوتەنیا پشت بە دەست و بازوو و ئینێژی و توانای زاتی خۆیی و یارمەتی بێ قەیدو مەرج و هیمەت و جوامێریی دڵسۆزانەو بێڕیای نیازپاکانی راستەقینەی سەر ئەو عەرزەی ببەستی و بەس. خۆزگە ئەو هیپۆکراتانەی بە فریوکاری و فرت و فێڵی جۆراوجۆر منداڵی میلەتانی ژێر چەپۆک بە گژ یەکتردا دەکەن رۆژێک لە رۆژان ویژدانی خرپ خەوتوویان لە خەو راچڵەکی بایە و بەیەکجاری وازیان لەو بازرگانیە نالەبارەی هێنابایە .دیسان دووپاتی دەکەمەوە یا خوا ئەوانەی بازرگانی فرمێسک و خوێنن شەرمەندەی هاوار و نالەی میلەتانی بێ پەنا بن.

دابەزاندنی لەفایلی دەنگییەوە بۆ تێکست: هێرش کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - رێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی کۆچکردووی



هێژا موهەندیس خەییاتی،

لەگەڵ حورمەت و ڕێزی بێ پایان.

هیجرانی یەکجارەی و کۆچی لە نەکاوی هاوسەنگەری ڕاستەقینەی گەلانی ژێر دەستەی کورد و ئازەربایجانی،

واتە موهەندیس ڕەزا خەییاتی لەرز و تایەکی قورسی خستە سەر هەست و دەروونی خۆم و بنەماڵەکەم.

ماوەیەک بوو گوێچکەی هەستم ئەو زەنگە خەتەرەی دەبیست. بەداخەوە ئەو خەیاڵە بوو بەڕاستی و سەرەنجام کاک ڕەزا خەییاتی ماڵئاوایی یەکجاریی لێ کردین. لێرەدا وەک پێشمەرگەیەکی سادە، بۆ من و هاوڕێیانم شانازییەکی گەورەیە کە ساڵەها هاوسەنگەر و هاوکارانی موهەندیس ڕەزا خەییاتی و پێشمەرگە ئازەری زمانەکانی دیکە بووین.

لێرەدا زیادەڕۆی نیە کە ئەگەر بڵێین: ئیعتیبارنامەی مۆرکراوی مێژووی سەخت و خوێناویی دەیان ساڵەی ڕابردوو، جەوهەری

کەسایەتیی موهەندیس ڕەزا خەبیاتی پڕ ڕەنگتر وخەستتر و بە پێزتر نیشان دەدا. موهەندیس خەبیاتی لە کاتی تەنگانە و وەیشوومە دا پەندانەی هەرە پەندانە دا لە ژێر بۆمباران و ڕاکێت باران و بارینی ئاگر و ئاسن دا، خۆی گەیاندە سەنگەری کێوەکان و بە هانای گەلی کوردەوە هات.

ڕەزا خەبیاتی هونەری هاوسەنگەریی کورد و ئازەربایجانیی بە ستایلێکی تازەترە و نوێتر وێنە کێشایەوە و فەن و هونەری ماهیرانەی ڕەزا خەبیاتی دارشتنی پەیکەری هاوسەنگەری و هاوچارەنووسیی گەلانی کورد و ئازەربایجانی دا زۆر بە ئاشکرا و ڕوونی دەردەکەوێ.

هاوڕێی کۆچکردوو خەبیاتی باپیرە گەورە و پاڵەوانی بە ساڵدا چووی مەیدانی تێکنیکیی ئەو بەشەی میدیای ئێمە بوو. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پەنجە و دەست و گۆڵەمی ڕەزا خەبیاتی بوو لە لایەک مەیدانی زۆرلێکراوانە و هاوار و ناڵە و ئێش و ژانی کوردەکان و لە لایەکی دیکەش نەعرەتە و حەماسەی پێشمەرگە و موقاوەمەتی شار و دێهاتی کوردستانی بەرەو ئاسمان حەوادا و بە گوێی گەلانی ئێران و میللەتانی دەوروبەر گەیاند.

هەر ئێستا قسە خۆشەکانی و شێعرە تورکیەکەی لە گوێم دا دەزرینگێتەوە کە دەیگوت:

ئی یاتمە تولکی گولگەسیندە
قۆی ئەسلان یێرسین سەنی
گێچمە نامەرد کوپروسیندە
قۆی ئاپارسین سیل سەنی

(کۆی مانای شێعرەکە ئەوەیە" شیر بتخوا باشترە تا لە سایەی ڕێوی دابخەوی، لافاو بتباتەوە باشترە لە تێپەڕین بە سەر پردی نامەرد دا")


بەڵێ! خەبیاتی هەرگیز لە سێبەری ڕێویەکاندا نەخەوت و هەرگیز بە پردی نامەردیش دا نەپەڕییەوە. لەدەست چوونی موهەندیس ڕەزا خەبیاتی سەرەڕای تفتی و تاڵیی ژانەکەی زیان و خەسارێکی زۆر گەورە بوو.

چاوەڕوانیی هاودەردیی بە کوڵی ئێمە وەربگرن و بەشەریکی ئەو غەمناکییە گەورەیەمان حیساب بکەن.

ڕەوانی پاکی شاد و ئارام و ئارامتر بێت.


حەسەن شێوەسەڵی و بنەماڵەکەی

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان – ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣



وێنە لە دیواری فیس بووکی کاک ئەحمەد شێربەگی وەرگیراوە

# ڕووداوێکی تراژیک و تێکەڵ بە حەماسەی پێشمەرگە



مەلاحەسەن شیوەسەڵی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی PDKI — شەهید، حەسەن حەسەنزادە

**مەلا حەسەن شیوەسەڵی**

کاک حەسەن حەسەنزادە، فەرماندە هێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٠ی نوامبری ٢٠١٠ دا لە وڵاتی فەنلاند کۆچی دوایی کردوو و پاش حەوتوویەک تەرمەکەیان بۆ وڵات واتە بۆ گوندی یارمقیە لە ماکۆ گەڕاندەوە، بەڵام دوای ناشتنی تەرمە پیرۆزەکەی، هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ماکۆ بە شەو قەبرەکەیان هەڵدایەوەو تەرمەکەیان دەرهێنایەوەو بۆ جێیەکی نادیار بردیان. بەڕێز کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی ٤٠ ڕۆژ دوای دەرهێنانەوەی تەرمی پیرۆزی کاک حەسەنی حەسەنزادە ئەم بابەتەی بۆ ڕۆژنامەی »کوردستان» ناردووە، بابەتێک کە گێڕانەوەی کارەساتی مرۆیی‌و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە زاری کەسایەتییەکی خۆشەویستی گەلەکەمانەوە.

چل ڕۆژ دوای لە ژێر خاک دەرهێنانەوەی تەرمی پیرۆزی کاک حەسەنی حەسەنزادەو ڕاگوێستنی بۆ جێگایەکی ونو نادیارکاتێک هەواڵی کۆچی دوایی شۆڕشگێڕ کاک حەسەنی حەسەنزادەم زانی زۆرم پێ خۆش بوو لەگەڵ بنەماڵەکەیان تەماس بگرمو ڕووبەڕوو سەرەخۆشی گەرمی خۆمیان عەرز بکەمو هاودەردی خۆمیان پێ ڕابگەیەنم. زۆر بە زەحمەت توانیم تەلەفونی ماڵەکەی ئەوان بەدەست بێنم بەڵام هەرچی هەوڵم دا نەمتوانی لەو پێوەندیگرتنە دا سەرکەوتوو بم، بەداخەوە پاش هەوڵدانی زۆر ماندوو بوومو ناهومێد بوومو وازم هێنا. هەڵم گرت بۆ ئەوەی لە فرسەتدا یا لە فرسەتێکی لەبارتردا

بتوانم سەرەخۆشی و هاودەردی خۆمیان پێ رابگەیەنم. بۆ یادکردنەوە لەم تێکۆشەرە بەڕێزە ئەمن ناچارم بگەڕێمەوە بۆ حدودی سی ساڵ لەمەوبەر بەڵام پێش هەموو شتێک ئەمن بەڵێن دەدەم کە ڕووداوەکان وەکوو هەن بیانگێڕمەوە، ڕاستی ڕووداوەکان وەکوو هەن و ڕوویان داوە باسیان لێبکەم بێ ئەوەی لە ژێر تەئسیری هەست و بۆچوونی خۆمدا یا بە هۆی خۆشەویستی‌و ناخۆشەویستی، ناوی کەسایەتی‌و کاراکتێری نێو ڕووداوەکان ڕەش بکەمەوە یا شەنە لە مێژووو ڕابردووی خەڵکی دیکە دەمو بە بای دا کەم یا غیرەت‌و قارەمانی خەڵکی دیکە بۆ خۆم بدزمو بیکەم بە هی خۆم یا حەتەم بەخشی لە سەر ئازایەتی گیانبازی‌و فیداکاری‌و لەخۆبوردوویی خەڵکی دیکە بکەمو بە درۆو بوختان ڕەزیلانە بیدەم بە کەسانی دیکەو هەروەها بەڵێن دەدەم مێژووی ژیانی کەسانی دیکە بە هیچ جۆر نەشێوێنم. هاوینی ساڵی ١٣٥٩ بوو لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئاگادار کرامەوە کە هەرچی زووترە خۆم بۆ مەئمورییەتێک بۆ شیمالی کوردستان ئامادە بکەم.

بۆچی ئەمن وەک پێشمەرگەو ئیسکۆرت بۆ ئەو مەئمورییەتە دیاری کرام هێنانە گۆڕی لێرەدا جێگای نیە ڕەنگە لە جێگای خۆیدا باسی بکەم. یەکسەد قەبزە تفەنگی دەسکەوت لای من هەبوو کە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی پێچامانن‌ەوەو لەگەڵ خۆمان بردن. ئەو سەد قەبزە چەکە بە ژمارەو حیساب‌و کتاب لە زێوەی مەرگەوەڕێ تەحویلی جێگری هێزی نحۆی ئەوکات، کاک غەنی غەنی‌پوور دران‌و ڕەسیدەکەیان ئێستاش لە دەستمدا ماوە. ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە بڕیار بوو لە مهاباد‌و ناوچەکانی دیکەوە بێن لە شاری شنۆ یەکترمان گرتەوە. شاری شنۆ لە دەست پێشمەرگەدا بووو لە ژێر چاوەدێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئیدارە دەکرا. بەرپرسایەتی ئەو هەیئەتەی بە ئەستۆی کاک جەلیلی گادانییەوە بوو، واتا کاک جەلیل بەرپرسی یەکەمی ئەو هەیئەتە بوو، برای بچووکی خۆتان‌و چەند پێشمەرگەی دیکە لە لایەکەوە وەک پارێزگارو لە لایەکی دیکەشەوە وەکوو چاوساغ لەگەڵ ئەو تیمەی بووین. گرووپەکە بریتی بوو لە سەرەوەڕا: بەڕێزان کاک جەلیلی گادانی، کاک حەسەنی شەرەفی، کاک تاهیری عەلیار، کاک سەرهەنگ چیا، واتا سەرهەنگ محەممەد ڕەسووڵی ڕەدیعی، شادڕەوان کاک ئەبوبەکری هیدایەتی‌و خووشکە پەروینی حەسەن خاڵی، کاک سەید عێزەت، کاک عەبدوڵڵای ئەمینی‌و چەند هاوڕێی دیکە کە حاڵی حازر لە وڵات دەژین‌و بە باشی نازانم لە بەر وەزعی ئەوان ناویان بێنم، شەهیدانی پێشمەرگە: شەهید مەلا خدری کانیە زەردی، شەهید حوسێنی حاجی حەسەنی ڕەبەتی ناسراو بە حوسێن ڕەبەتی، شەهید ڕەحیم قاڕنجی، شەهید ڕەحیم عەلی پوور، شەهید حاجی بەریاجی ناسراو بە حاجی قادرئاغای، کۆچکردوو عەلی گدروون، برای بچووکی خۆتان‌و سێ پێشمەرگەی دیکە کە ئێستا لە وڵاتن. لە بەر چەند هۆیەک وام بە باش دەزانی کە ئەمن لە پێش هاوڕێیاندا بەرەو ماکۆ حەرەکەت بکەم. ئێمە هێندێک چەکوچۆڵ‌و تەقەمەنی دیکەمان پێ بوو کە دەبوو بە وڵاغ بیگەیەنینە ناوچەی ماکۆ، تەسلیمی بەرپرسی یەکەمی ئەو ناوچەیە واتا کاک حەسەنی حەسەنزادەی بکەین.

ئێمە بە سورعەت لەوێ لەگەڵ کاک سەرهەنگ چیاو پێشمەرگەکان بەرەو ماکۆ وەرێ کەوتین. ڕێگایەکی یەکجار زۆر دوورودرێژو ناخۆش بوو، هێندێک جار ئێمە ناچار بووین بە رۆژی رووناک بە پەنای قەرەقۆڵەکانی پرچێدا رەد ببین کە تووشی گیروگرفتی یەکجار زۆر هاتین. بردنی موهیمات لە سەر پشتی وڵاغ بەو رێگا دوورەیدا کارێکی یەگجار زۆر دژوار بوو جگە لەوەش دەبوو ئێمە بە دوو ناوچەی ئازەرینشیندا تێپەڕ ببین کە ئازەرییەکانیش چەکدار بوون، سەرەنجام ئێمە توانیمان لە خەتی ترانزێتی ماکۆ ـ بازرگان تورکیە بەرەو ئاراز بپەڕینەوە لە جادەی بازرگان بەولاوە کە ئازاد بوو لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەکاندا بوو. بۆ ئەوەی حەقی هیچ کەسێکم نەفەوتاندبێ پێویستە ئیشارە بەوەندەش بکەم کە لە ناوچەیەکی پیرانێ زاهیری بەدریو چەند پێشمەرگەیەکی دیکە ناوچەی قتورێ بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئێمە هاتن،

ئەوان ناوچەکەیان باش دەناسی. رۆژنامەکانی دەوڵەتی ئەوکاتەی ئازەربایجان، زاهیری بەدریان وەک بەبری کوهستان ناو دەبردو لە نێو خەڵکەکەیدا ناسراو بوو. ئێمە پاش دەیان رۆژ رێگابڕین و سەرکەوتن و هاتنەخوار و هەڵە رووچکان بەسەر شاخەکاندا سەرەنجام گەیشتینە گوندی یارمقیە، دێی یارمقیە نیسبەتەن دێیەکی گەورەیە. ئەوکاتە بارەگای هێزی پێشمەرگەکانی ماکۆ لەو گوندەدا جێگیر کرابوو کە شادڕەوان حەسەنی حەسەنزادە سەرپەرستی ئەو هێزەی دەکرد. بنەماڵەی کاک حەسەنی حەسەنزادە بنەماڵەیەکی ناسراون، جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەن. خوالێخۆشبوو حاجی عەبدۆ، بابی کاک حەسەنی حەسەنزادە، پیاوێکی بەدەسەڵات و خاوەن نفوز بوو، رێزی زۆری لە نێو خەڵکەکەیدا هەبوو، خەڵکی گوندەکانی یارمقیە و خەریەرمەنی خەڵکێکی ئاگاهن، گەورەو بچووک و پیرو لاو پێشمەرگەیان خۆش دەویست، ئەو خۆشەویستییە بەشێکی زۆری دەگەڕایەوە بۆ بنەماڵەی بەڕێزی حاجی عەبدۆو هەروەها بەشێکی زۆری خۆڕاگری ناوچەکەو پێشمەرگەکان دەگەڕایەوە بۆ ئیعتبارو پرستیژو کەسایەتیی ئەو بنەماڵەیە. ئێمە جەولەیەکی زۆرمان لە ناوچەکەیاندا لێدا چەند جاریش تووشی تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی هاتین، چەند جاریش زاهیری بەدریو هاوڕێیانی لە سەر جادەی بازرگان ـ ماکۆ کەمینیان دانایەوەو چەند ماشێنێکیان وەکوو دەسکەوت بۆ ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە راگوێست. لە بەرامبەردا جمهوری ئیسلامی جموجۆڵێکی زۆری دەست پێکرد، هێزێکی زۆری لە ناوچەی بازرگان و ماکۆو دەوروبەریدا کۆ کردەوە، دەوڵەت بەشێک لە عەشیرەتەکانی هان دان کە بە گژ ئێمەدا بێنو ئێمە تەحویلی جمهوری ئیسلامی بدەنەوە. عەشیرەتەکان چەکدارێکی زۆریان لە ناوچەدا کۆ کردەوە و دەستیان کرد بە مانۆڕدان، بەشێک لە عەشیرەتە نیشمانپەروەرەکانیش بە ناچارو لە ژێر شەرایت و هەلومەرجی ناوچەکەدا بە نابەدڵ لەگەڵ ئەوان کەوتبوون. کاتێک تووشی یەکتر دەبووین نە ئەوان تەقەیان دەکردو نە ئێمەش، سڵاو و چاک و خۆشیان دەکردو دەڕۆیشتن، دیار بوو کە بەشێکیان بە نابەدڵ هاتوون لەگەڵ ئەو جەمعەی کەتوون. لێرەدا پێم خۆشە یەک شتی زۆر گرنگ وەکوو خاڵێکی گرنگی مێژوویی باس بکەم، ئەویش ئەوە بوو کە عەشیرەتی ساکان بە هیچ جۆرێک تەسلیمی ئەوە نەبوون کە لە دژی ئێمە هێز کۆ



سەرچاوە
Serchawe

بکەنەوە یا لە دژی پێشمەرگە شتێک بکەن.

عەشیرەتی ساکان پەیامێکی زۆر توندیان بە عەشیرەتەکانی دیکە داو رایانگەیاند کە بە هیچ جۆرێک ئێمە دژی پێشمەرگەو گەلی کورد شەڕ ناکەین، با دەوڵەت بێ هەموو گوندەکانی ئێمە وێران بکاتو هەمووی ئێمە بکوژێو قەتلۆعاممان بکا، بەڵام چەک لە دژی میللەتی خۆمان هەڵ ناگرین، شانازی دەکەین کە نێوی ئێمە وەکوو عەشیرەتێکی تێکراکوژراوو خاشەبڕکراو بچێتە نێو مێژووی خەباتو تێکۆشانی گەلی کوردەوە. ئەوە پەیامو هەڵوێستی عەشیرەتی ساکان بوو، ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیە چ لە سەر ئەو عەشیرەتانەی بە ڕاستی هاتبوونە شەڕی پێشمەرگەو چ لە سەر ئەو عەشیرەتانەی کە نابەدڵ لەگەڵ عەشیرەتەکانی دیکە کەوتبوون تەئسیری یەکجار زۆر گەورەی دانا. لە گەرمەی ئەو گێرەوکێشەیەدا بەڕێزان: کاک جەلیلو کاک تاهیری عەلیار و کاک حەسەن خەلیفە، بەرپرسی کومیتەی خوتورو هەروەها کاک حوسێن رەزگەو لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە گەیشتبوونە لای ئێمە. ئێمە لەگەڵ ئەوان دانیشتنێکی تێکڕاییمان کرد بە درێژی لە سەر وەزعی ناوچەکە باسمان کرد. کاک جەلیل و کاک حەسەن و چەند برادەری دیکە پێیان وابوو کە دەبێ لە بەرابەر عەشیرەتەکاندا رابوەستین و شەڕ بکەین، لە سەر ئەو شتانە زۆر قسە کرا سەرەنجام ئەکسەریەت هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئێمە هێرش بۆ عەشیرەتەکان نەکەین و تا ئەو جێگایەی کە دەتوانین لە شەڕ خۆ بپارێزین بەڵام ئەگەر تووش بووین تەنیا دیفاع لە خۆمان بکەین. لە سەر ئەو ئەساسە ئێمە جەولەو هەڵسووڕانی خۆمان لە ناوچەدا دەست پێکردەوە. بە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی ماکۆو لەسەر داوای کاک جەلیلی گادانی چەند گرووپی جیا لە قوتابیان و خوێندکارانی شاری ماکۆ هاتنە لای هاوڕێیان و جیا جیاو لە چەند جێگای جیاواز بۆ ماوەی چەند سەعات کلاسی کادریان بۆ دانرا. لە راستیدا حزووری بەشێک لە کادری رەهبەری ئێمە لەو ناوچە دووردەستەداو هەروەها کێشانی بەشێک لە رووناکبیرانی نێو شارەکان بۆ دەرەوەی شارەکان لەو هەلومەرجەدا کارێکی گرینگ بوو، کە بەش بە حاڵی خۆم لەو کارەی ناڕازی نەبووم و پێم باش بوو.

دوژمن هێزێکی زۆری لە ناوچەکانی بازرگان و ماکۆ کۆ کردبۆوە، بەڵگەکان بە روونی ئەوەیان نیشان دەدا کە هێرشێکی گەورە بۆ سەر بارەگای هێز لە گوندی یارمقیە بکرێت بۆیە ئەمنو جەمعێک پێشمەرگە بە پەلە گەڕاینەوە بۆ دێی یارمقیەو خۆمان بە بارەگای هێز ناساندەوە. پێشبینییەکان دروست لە ئاو دەرهاتن، هەمووومان چاکمان دەزانی کە ئەگەر دوژمن هێرش بکات لە پێشدا دەست بەسەر بەرزاییەکانی نێوان گوندی یارمقیەو خەرمەنیەریدا دەگرێ، بۆیە منو جەمعێک پێشمەرگە شەوێ لە گوندی دەهاتینە دەرێو تا بەیانی لە نێوان گوندەکانی یارمقیەو خەرمەنیەریدا گەشتمان لێدەدا. ئەوەی من لە بیرم بێ لە سەرەتای پاییزی ١٣٥٩ی هەتاویدا دوژمن هێرشێکی گەورەی بۆ سەر گوندی یارمقیەو

خەرمەنیەری دەست پێکرد. هێشتا رۆژ رووناک نەببوو کە لەگەڵ کەمینەکەی ئێمە دەستەویەخە بوون. زاهیری بەدریو هاورێیانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە فەوری خۆیان گەیاندە لای ئێمە، شەڕێکی زۆر توندی دەستەویەخە دەستی پێکرد. بە روونی دەردەکەوت کە دوژمن مەبەستی ئەوەیە خەڵکی گوندەکانی یارمقیەو خەرمەنیەری قەتلەعام بکات. هێزەکانی دوژمن لە ماوەی دوو سەعاتدا تێک شکانو پەرەوازە بوون، بەڵام دیسان خۆیان سازمان دایەوەو لە نێو تانکو نەفەربەرییەکاندا بەرەو گوند دم لە سەر پشت ملیان پێوەنا. پێشمەرگەکان بە شوعارو نەعرەتەی »درود بەر کوردستان« زیدی حەملەیان دەست پێکردەوە، دیسان لە ماوەی کەمتر لە یەک سەعاتدا دوژمن تێک شکایەوە. دێوەزمەی ترس کەلاکی لە مەیداندا کەوت، هێرشی پێشمەرگەکان ئەوەندە توندو گورجوگوڵ بوو کە نەک تەنیا تانکەکان هەڵاتنو پاشەکشەیان کرد بەڵکوو نەفەربەرێکیشان لە مەیدانی شەڕەکەدا لێ بەجێ ما. دوژمن بە تۆپخانەو کاتیۆشا مەیدانی شەڕەکەی دەکوتا، بەڵام چوکترین تەئسیری لەسەر روحیەی خەڵکو پێشمەرگەکان دانەدەنا.

دوژمن کە ئاوا خۆی بە تێکشکاوی‌و رەزیلی دیت ئەوجار هێرشی هەوایی دەست پێکرد، چەند فەروەند هێلی کۆپتێری تۆپدار خۆیان خزاندە ئاسمانی شەڕەکەیەوە، چەقەدووکەڵ بەری ئاسمانی گرتبوو، پێشمەرگەکان سروودیان دەخوێندەوەو بەشێکیش لەوانی دیکە لاوژەو حەیرانیان هەڵ دەدا، دنیا دنیای حەماسەو ئازایەتی بوو، رۆژی نواندنی پیاوەتی و غیرەت بوو کە پێشمەرگەکان لە مەیدانی ئاورو ئاسندا سابتیان کرد مەردی غیرەتن، کوڕی مەیدانن، رۆڵەی رۆژی لێقەومانن. شەڕکردن لەو دەشتەیدا زۆر ناخۆش بوو، لەو دەشتەیدا پەناو پەسیو نەبوو، لە هەمووی ناخۆشتر نەوعە گیایەکی شین لەو دەشتەدا دەڕوێ کە هیچ گەڵایەکی پێوە نیە جگە لە چەقەڵ نەبێ، چەقەڵەکان شکڵی سوژدەیان هەیە زۆر تیژن و زۆر ئاسان لە بەدەنی ئینسان رادەچن، لە سەر زگ راکشانو چوونەپێش لە نێو ئەو پنچکە چەقڵاویانەدا کارێکی زۆر دژوار بوو، بەڵام ورەی پێشمەرگەکان ئەو شتانەی نەدەخوێندەوە. خەڵکی بەشەرەفی ئەو گوندانە نانیان گەیاندە پێشمەرگەکان، ئاویان گەیاندە پێشمەرگەکانو شان بە شانی پێشمەرگەکان موقاومەتیان کرد. هێلی کۆپتێرە تۆپدارەکان بە ئەوپەڕی بێ روحمی و دڵڕەشییەوە داروبەردو عەرزو زەویان گڕ دەدا، مەڕوماڵاتیان دەکوشت و روحمیان بە حەیواناتەکەشدا نەدەهات، چەند هێلی کۆپتێر بێبەزەییانە بێئینسافانە، ژنو منداڵو دانیشتووانی گوندی یارمقییەیان راکێتباران دەکرد، ماشێنەکانیان شکاندن، بەشێک لە خانووەکان بە راکێتەکان تێک رووخان، قەڵاغ و گیشەکان ئاوریان گرت و سووتان، گوندی یارمقیە بوو بە جەهەنەمێکی بەگڕ، دوژمن لە دەشتەکاندا تێک شکابوو. ئەوەی کە ئێستا پێویستی بە یارمەتی بوو خەڵکی نێو گوندەکە بوو، بریندارەکان بوون، ئەمن و چەند پێشمەرگەیەک بەرەو گوند هاتین، یەکێک لەو پێشمەرگانە بەشی دەرمانی ئێمە بوو کە جگە لە هێندێک باندی کۆن هیچی دیکەی پێ نەبوو.

لەگەڵ گەیشتنی ئێمە بۆ نێو گوندی یارمقیە دیسان چەند هێلی کۆپتێری تازە نەفەس هێرشیان بۆ سەر گوندەکەی دەست پێکردەوە، وا دەردەکەوت کە ئەو جارە هەدەف ماڵە حاجی عەبدۆ بێ، واتا بابی شادڕەوان حەسەنی حەسەنزادە، ئێمە دیتمان کە چەند راکێت وە ماڵی حاجی عەبدۆ کەوتن، دووکەڵی رەش بە هەموو ماڵەکەیدا هاتە دەرێو بەشێک لە خانووەکەی تێک رووخا، دیمەنەکە ئەوەندە دڵتەزێن بوو کە رەنگە هیچ قەڵەمێک نەتوانێت تەوسیفی بکات، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم توانای ئەوەم نیە وەکوو پێویست باسی ئەو رووداوە بکەم بەڵام راچڵەکێنتر لە هەموو ئەو دیمەنانە دلۆ، خووشکی چوکەی حەسەنی حەسەنزادە لەسەر پشت کەوتبوو، هەر دووک لاقی لە پشت ئەژنۆوە پەڕی بوون، نەک هەر پەڕی بوون بەڵکوو ورد ورد ببون، هەر پنچکەی بۆ لایەک رۆیشتبوون، ئەمن پێموابوو تەمەنی بەینی ٨ تا ١٠ساڵ بوو بەڵام قەڵافەتو دارڕژاویو بەرزی بەژنو باڵای برێک زیاتر لەوەی نیشان دەدا کەمێک زیاتر، سەرو سیمای وەک گەوهەری شەوچرا لە نێو خوێندا دەترووسکایەوە، ساچمەی راکێتەکانی دیکە وە هەموو بەدەنی کەوتبوون وادەردەکەوت جگە لەو راکێتەی کە لە لاقەکانی دراوەو لاقەکانی پەڕاندبوون پڕنچکی راکێتەکانی دیکەشی وێکەوتوون، روومەتەکانی وەک بەردی مەڕمەڕ ساف بوون کە قەترە قەترە خوێن لە نێوچاوانیەوە بە سەررووومەتەکانیدا هەڵدەڕژا. کە ئێمە گەیشتینە سەری لێوەکانی وەکوو قەیتانێکی سوور وابوون، بەڵام وردە وردە کاڵ بوونەوەو بە تەواوی سپی هەڵگەڕان، خوێن لە چەنەگەیەوە هەڵدەڕژاو دەکەوتە سەر گەردنی بلوورینی، گەردەن چ گەردەن، شوشەی شەرابی قمقمۆکی بادەی، شلکەی یەکێک لە گوێیەکانی لەت ببوو، کە ئێمە گەیشتینێ بە توندی خوێنی فڕێ دەداو دوایی لە ناکاو قەتع بوو، پەنجەکانی دەتکووت شمشاڵن کە لە قامکەکانی دەستی راستی لە دەوری باڵای بووکەڵەیەکی بە پارچەسازکراو وەرهاڵابوون وەک ئەوەی دەچوو کاتێک راکێتبارانەکەی دیت تەنیا لە خەمی بووکەڵەکەی دابووبێ و ویستبێتی لە پەناگایەکی قایمدا بیشارێتەوەو بەم شێوە بووکەڵە ئازیزەکەی رزگار بکا، پرچەکانی درێژو ئاڵۆز بوون کە بەشێکیان رژابوونە سەر سینگی و لە خوێنی گەشو خەستدا لە سەر سینگی ئاڵقە ئاڵقە ببوون، بەداخەوە تازە هەناسەی تێدا نەمابوو، گوڵی تەمەنی پەڕ پەڕ ببوو هەڵپڕووکابوو، بەڵام قامکەکانی بۆ هەمیشە لە دەوری باڵای بووکەڵەکەی وەرهاڵابوون و بۆ هەتا هەتایە باریان کردبووو رەق هەڵاتبوون. ئەوە بارێک یا تەنیا لایەنێک یا تەنیا دیمەنی کارەساتێک بوون کە دڵی دڵڕەقترین ئینسانی سەر ئەو عەرزەی دەلەرزاند، بەڵام دیمەنێکی دیکەی ئەو کارەساتەی ترسەنۆکترینو بێورەترین ئینسانی سەر ئەو عەرزەی وەغیرەت دەخست، ئەویش هیمتەو غیرەت و پیاوەتی و لەخۆبوردوویی و دڵ گەورەیی حاجی عەبدۆی حەسەنزادە بوو.

ئەو وەک مەنجەڵ دەکوڵی، زۆر بە روونی لێی دەردەکەوت کە لە تاوی کچە جوانەمەرگەکەی وەک ژێ رێک دێو هەڵدەقرچێ، بەڵام پەیتا پەیتا دەیگوت بە قوربانی کوردستان بێ بە قوربانی گەلی کورد بێ، هەموو کەسم بە قوربانی کوردستان بێ، هەر موسیبەتێک کە لە رێگای خەباتو بەرخۆدانی گەلی کورد بەگژمان دابێ بەخێر بێ. بەڵێ وتەکانی

حاجی عەبدۆ ورەی ئێمەی زیاتر بەرز دەکرد، هومێدو ئیمانی بە ئێمە دەبەخشی، ئێمەی زۆرتر لەسەر خەباتو موقاوەمەت سوورتر دەکرد. ئەوەی کە لێرەدا جێگای شانازی خەڵکو پێشمەرگەکان بوو ئەوە بوو کە دوژمن نەیتوانی بێت دێهاتەکانی خەرمەنیەریو یارمقیەو گوندەکانی دەوروبەری قەتلەعام بکا، دوژمن تێک شکاو بەرەو دوایە گەڕایەوە، ماڵەکان رووخانو گوند وێران بوو، زۆر کەس ماڵی وێران بوو زۆر کەس زیانی گەورەیان وێکەوت، بەڵام راپەڕینو تەسلیم نەبوونی ئەوان سەربەرزییەکی گەورە بوو کە لە مێژووی گەلی ئێمەدا تۆمار دەکرێت. لە دوای ئەو کارەساتەی کاک جەلیلو کاک تاهیرو کاک حاجی حوسێن رەزگەییو برادەرانی دیکە هاتن بۆ لای ئێمەو سەردانی گوندەکەیان کرد. هاتنی ئەوانو دڵنەوازیو دڵدارییەکانو هەروەها هاودەردی ئەوان تەئسیرێکی باشی لە سەر روحیەی خانەوادەی حاجی عەبدۆو خەڵکی یارمقیە دانا. زۆر شتی دیکەی جالب لەو سەفەرەیدا هەیە کە ئەمن لێرەدا لەبەر ئەوەی باسەکە درێژ نەبێتەوە باسیان ناکەمو هەڵی دەگرم بۆ کاتەکانی دیکە. لە کاتی گەڕانەوەشدا ئێمە تووشی رووداوی زۆر دڵتەزێن بووین، بەسەر قەتڵەعامی سۆفیانو سەرۆکانیدا کەوتین کە لە کاتی خۆیدا من نامیلکەیەکی بچووکۆڵەم سەبارەت بەو جنایەتە گەورانەی کە بە هۆی پاسدارەکانی جمهوری ئیسلامیەوە ئەنجام دران نووسیوە. لەو رۆژەوە ئەمن هەر بە ئاواتەوە بووم یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی ببینمەوە بەڵام بەداخەوە هەر نەمدیتنەوە، دوایی بیستم کە کاک حەسەنی حەسەنزادە بەداخەوە بە توندی بریندار بووەو هەروەها یەکێکی دیکە لە کوڕەکانی کۆچکردوو حاجی عەبدۆ لە دەرگیری لەگەڵ پاسداڕەکاندا شەهید بووە.

ئێستا نزیک بە سی ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێ، ئەمن چەند حەوتوو لەمەوپێش خەبەری کۆچی دوایی کاک حەسەنی حەسەنزادەم بیست، بەداخم کە جارێکی دیکە نەمتوانی بیانبینمەوە. بیستم کە تەرمی پیرۆزی بۆ وڵات راگوێزرایەوەو لە وڵاتدا نێژراوە، لە زیهنی مندا وێنەیەکی دڵتەزێن کێشرا، وێنەی دوو گڵکۆ، وێنەی گڵکۆی کیژێکی هەشت نۆ دە ساڵەو گۆڕێکی بچووکی تاڕادەیەک کۆن لەگەڵ وێنەی گۆڕی پیاوێک بە گڵی تازە داپۆشراو، وێنەی دوو گۆڕی خووشکو برایەکی ناکام کە لە رێگای ئازادیو بەختەوەری میللەتی خۆیان سەریان داناوەو سەرەنجام ئاووگڵیان گەیشتۆتەوە لای یەکتر. لەوەش تاڵتر بیستم پاسدارەکانی جمهوری ئیسلامی تەرمی پیرۆزی کاک حەسەنی حەسەنزادەیان دەرهێناوەتەوەو بۆ جێگایەکی نادیار رەوانەیان کردووە. بەش بە حاڵی خۆم هیچ پێم سەیر نەبوو چوونکە هەر ئەو جۆرە کارانە لە جمهوری ئیسلامی دەوەشێنەوە. بۆیە لێرە بەم بۆنەوە بە دڵێکی پڕ لە کوڵەوە گەرمترین سەرەخۆشیو هاودەردی خۆم بە تێکڕای بنەماڵەی حاجی عەبدۆی حەسەنزادەو هەموو هەوادارانو کەسوکاری ئەوانو بەتایبەتی خانەوادەی بەڕێزی کاک حەسەن رادەگەیەنم.

ئێستا ئەوەی کە وەکوو دیمەنێکی زۆر تاڵ لە مێشکمدا دێتو دەچێو ئازارم دەدا، گڵکۆی کۆنی کیژۆڵەیەکی شەهیدە لە

پەنای قەبرێکی رەمزی کە بە دەستو پەنجەی رەشی شەیاتینی سەر ئەو عەرزەی تالان کراوە، قەبرێک کە بە رۆژی رووناک لە نێو بارانی فرمێسکو شیوەنی ئینسانی ئینسانەکاندا جگەرگۆشەیەکی ئازیزی لە باوەشگرت، بەڵام لە رەشەشەودا بە چنگورکی درندانەی تاریکیپەرەستان لە بن عەرز دەرکێشرایەوە بە تالان رۆیی، ئێستا دیمەنەکەی لە مێشکی مندا گۆڕێکی وێرانەکراوو هەڵتەکاوە کە تەنیا دەتوانێ رەمزی گۆڕێکی هەڵوەشاو بێ و بەس. ئەوانەی ئەو گڵکۆیەیان تالان کرد رەشە دزن، جەردەی نێو شەوەزەنگن، گورگی هارو برسی کێوەکانن، دەک کرمۆڵ بی کە چۆن ئەوە کردارو ئاییننتە. لەگەڵ ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەی هاوارێکی دوور ئاوازەیەکی لاواز، دوور دوور شیوەنێکی ئاشنا هێدی هێدی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە بە دەم گژەبایەکی نامۆوە بە سەر گۆڕێکی هەڵوەشاوەدا دەخوشێ، ئاوازەیەک کە تەنیا شەپۆلێکی بێهێزەو دیمەنێک کە تەنیا تارماییەکی خەیاڵییەو هیچی دیکە.

سەرچاوە: رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە: ٥٤٩

# دیمەنی دوو گلکۆ، یەکی گەورەو ئەوەی دی بچووک

مەلا حەسەن شیوەسەڵی



خوشک و برایەک

چەند راستییەک، هاوارێک و پەیامێک

ئاڵقە ئاڵقە سەرپێچیی رەش، رەش و رەشتر

تاجی پێچ پێچ دارِژاو لە هەش هێلانەی بیرۆکەی پووچەڵ

هێمای کەللەی رموزنەیەک خوارو بادراو لە گەوهەری پاکیی بێبەش

پەناگای بۆچوونی گەندەڵ بێ چاوورِوو قەمتەرکراو ئەلف بێتکەی مێژووی ئازار

ویژدان تەپیوو هەست چەمیووو گزەی سەمفونی داهێزاو

نۆتی نەمان میلۆدی ژان بەدمبێنی لە دموپەلدان تووند داکوتراو

بۆرەماری تورِەی تۆراو هەڵگری ژارو مەرگەموون

تینووی بەقەڵسی پێوەدان لەنێو پووشەڵانی پرِووکاو

دەخزی، دەگزی لای بارەگای ویژدان بێزراو

شڵە، پڵ پڵ، بۆرەقنە، دمم ئیشکارۆ، تەپلۆس تەپلۆس بۆ هێلانەی مەلان خزیو

بە رواڵەت سرِ بەدڵ هارۆژاو چەمووش رمووزنەی دێوەزمە پەرەست

کوڵکن قرژن چارەگرانو قیزەون، دزێو قەپلۆن باوەش پرِ لە زەنگوڵەی مردن

سیپارەی شەرِ مەنتیقی کەرِ راسانی رق هەژانی قین هەورەشی فێڵ کۆڵەوەژی

ئاوری هەرا شەنەی ڤیرووس سێڵکەی ئاور، دولکی ئازار، ئەقڵییەتی چەوتوچەوێڵ

زێنە خرۆن، دەکووژن، دەبرِن، مشکی کوێرن بەزێن فێرن

جرجن کەوڵی ئەرزێ دەدرِن، قەڵسە گێرِن

خێون دێون دژی شادین دژی بزەن

بە فێڵ بە درۆ رێ دەپێون دەخزرنو دەمرکێنن



سەرچاوە
Serchawe

دڕندەی بێنگرن چەموشن مرچن، مۆنن
شەیدای هەڵقرچانو کزەن، دایکە دزەی کورد کوژانن
دەعبای شومن، قەڵای کۆنی خوێن مژانن
حەزیان ماران هەڵدەلوشن بە چڕۆی کێوان نەهەژان
زنیدویان زیندە بە چاڵ کرد
سیمای گۆڕستانیان رنی
ناڵەی قەبرەکانیان خنکاند شارستانییەتیان ئەنجنی
وەک چەوەندەر وەکوو توران وەک گڕگازان
تەرمی نێژراویان کێشادەر
وەک مزگێنی، موشەک تەقی
لە جێی نیشتەر نوکی خنجەر
پەنسی برین بوو بە مەقەست
لەنجەی دڵی ئینسانی گەست
گابەردەکانیش خوێن گریان
لە جێی نەمام شمشیر چەقی
خوێن فیچقەی کرد
توند هەڵقوڵی لووزەوی بەست
لە جێی موزیک چەقەو لووره
لە جێی ئاشتی بگرەو بەردە
قرمژن چرقەو هارەهاڕ
بە زمانی دایناسۆڕەکان لە ئاست باڵای چیای پیرۆز
لە راست پەپوولەی بێ تاوان
لە راست چەپلوونەی یاسەمین
لە گەڵ شخەڵان خەڵفی شووشی نێو جەنگەڵان
لە راست بزەی کۆرپەی باوەش
لە راست نزای خانمی دووگیان

لە رووی قوڵتی کانی تەقیو

سروەی شەماڵ هاژەی شەپۆل لارو لەنجەی دارچناران

زەردەخەنەی کەزیزەی زەرد لەگەڵ سەرتاسەری سرووشت

بە گڕدەبڕ بە تەورزین بە دمی تیژی بێوری دمە زەرد

بە زلەو بە گوللەو بە مشت لە بەر چاوت وەکی دیتت ئاوا دوان

ئینسانیان کردە گاڵتەجاڕ ئا بەو حاڵەش هیوام بەرزە

دڵنیام دڵنیام کە دەتوانم دۆستو دوژمنم وەناسم ورد بڕوانم

راگەیەنم باسو خواسم

هۆ نیاز پاکانی دنیایە

هۆ خێرخوازان لە کاری ژێر دەستان

چازان لە ئاست درۆزنیی و دووڕوویی لە راست تەشقەلەی فێڵبازان

پسپۆڕانی گەمەو کایە، سرنج سرنج

هەڵویستەیەک هەست راگرتنێک گۆی شلکردنێک مەودا بۆ تۆزە سرتەیەک

لە بن چەنەگەی ئارارات لە حزور خۆی لە ژێر ئەژنۆی تاجی سەری دەورووبەری

تەنیا سەکۆی کەشتی نەجات لەو جێی ئینسان بە سەرسوڕمان خۆی دۆزییەوە

لە جێی ئێسکان لە برسان بەردی کرووسییەوە، خۆی ناسییەوە، گەرای ژیانی ناشتەوە

دیسان چەقەرەی دایەوە ئەلفو بێی مێژووی نووسییەوە پنچکی هەرمانی داشتەوە

لە نێو رێگەی هاتوونەهات لە سەر تەختەی سەمای مردن

لە نێو قوڵتو کوڵو گێژاو، لوورەی لافاو، بونەوەرانی سەحرای بوون،

کۆرەوانی کۆڕی گەردوون

سەر لێ شێواو زۆر شپرزە هێوا براو، گشت بێ وزە بێ بژێوو هیچ پێ نەماو

ئارارات بە وەرەی بەرزی بە بەژنی داڕژاوو تەرزی کۆڵەکەی بن ئاسمانی شین

گەردن بلوور ئاشنا لە دوور بە سامو بە گوڕو بە تین فریای گەمیەکەی نوحی هات

لە ژێر تاڤگەی گزینگی خۆر، خۆری خزیو لە نێو گەرمیی هەناسەکەی تەپلەی جودی

جەستەی کارگێکی هەڵتەقیو، هەستەی دووبارە ژیانەوە باڵای پتەو هەڵچوو، هەڵچوو هەتا

جرزی ئەستێرەکان هەڵکشاو هەڵکشاو بەرەو بن جادەی رێی شیری

بە ترشقەی هەوران پشکووتوو
کامە جودی ئارارات یان ئاگری داخ
هەموو هەموو داپیرەی زەنجیرە چیاکان گەورە لەمپەر بۆ هێرشکەر تێشکێنەر دژەتێنەر
پشت و پەنای نیاز پاکان لە داوێنی بەژن و باڵای لە بەر چاوی چرۆی خەندەی
بەبێ تۆزێک سکڵینەوە بەبێ نەختێک رەوینەوە بەبی گوێدان بە سکاڵای
لە هەوری گرژی وەیشومە هەڵئەرژا بارانی تاوان
لە نێو شەوەزەنگی تاریک ئەنگوستە چاو لووتو بزوت زۆر لە ناکاو
وەک سەرسەرێ بای دارە رووت لە نێو جەرگی سرِی خەزان
وەکوو وەکوو ساتۆری کۆڵ بە ئێش بە ژان دەم دابڕاو لووت هەڵقرچاو لەتلەتی کرد
قەڵتقەڵتی کرد، برِبرِی کرد، درِدرِی کرد، هەڵی لووشی هەناسەی خوڵ
پێبرِکەی کرد، کۆدرِکەی کرد، جووی، خنکاندی تەزووی گڵ هەڵمی گڵی دووجار دەردراو
تێکەڵ لەگەڵ کوڵو کەسەر لە فرمێسکو خوێن تێکەڵاو
ئاخر نانا کێ دیویە با وا نائاشنا وا نەناسراو وا بە شاڵاو
لە حەشارگەی تاریکیدا کتوپرِ ئاوا دابەزی
دیواری شەوەزەنگ ببرِی دەرفەت بچرِی بێنگرانە وابگەزی
نانا روونە، روونە، روونە، وەک رۆژی روون
بە تەقینەوەی روناکی ئەوساتانە گەردیلەکان، گەردیلەی خۆر لە کەژاوەی ئەم ئاسمانە دادەبەزن
ئەو رەشەباو ئەو تۆفانە ئەژنۆی دەشکێ لە چۆک دەچێ و
کرِنۆش دەبا وەکوو لەشکری بێگانە زۆر زوو تەفروتوونا دەبێ
رووناکی هەر سەردەکەوێ تاریکی بەشی تێکشکانە
بەڵام هاورِێم، هاوسەنگەرم، تاجی سەرم، گوێگرە لێم چیتر نەبییەن رۆژگار تەبا بەخت
رەشە گەردوون چەپە باش بزانە
ورد وردتر دوور برِوانە
سروشت نامووسی تێدایە ئەو سورِانە
ئەو خولانەوەو وەرچەرخانە سورِانێکن گەرِانێکن تینووی تۆڵە
ئاوسی دەرفەت پرِ ناوەرۆک پرِ لە کایە



سەرچاوە
Serchawe

هاوڕێی ڕێگام تەواو دڵنیام هەر لەگەڵمی بەڵام دووری، دووری لە تروسکەی سەبووری گوێبگرەوە وردو بە هەست تیشکێک

بۆ سەر روحی مەبەست

ئەم جاریش بۆلات دێمەوە

چیان لە گوێم خوێند دەیڵێمەوە

سستە پەلی، تەوەزەلی، نەمانتە، خۆ وەدوادان ئەو پەڕگەری، بێ جێ رامان، تێشکانتە

تیشە لە ریشە دانتە

بیرت تیژکەی ریشەی کێشەکان بدۆزێوە گوێ بە زەنگ بی

خاوەن دەنگ بی لەسەر پێ بی چاوەڕێ بی

دەرفەتەکان دەفتۆزیەوە، شێر زۆر بن شێرە پێکەی دادەچێنی

دادەهێزێ هەڵدەخزێ هەڵدەپزێ ڕێوی شاڵاوی بۆ دێنی

ئەسپی سەرکەش دەچۆک دەچی دوور دەگلێی کێی لەسەر پشتە دەگلێ

بۆ کشانەوەی نا بەوەخت تەڵەی ئازار چاوەڕێیە

مردنو نەمانی پێیە تیژتێپەڕین، رۆیینو ئاوڕنەدانەوە

خزین بۆ ڕێچکەی خواروو خێچ بۆ بزنەڕێ، بزنەڕێی بێگەڕانەوە

هەتلە، تەلاسە، تێقوماو، وەکوو دەستی دەگۆزەی ماو، روو وەرگێڕان لە رووناکی

پەلەقاژەی نێو شەوی رەش چەقین لە ناخی تاریکی

بێ پسانەوە کاروان دەڕواو تۆ بەجێماو خۆ لێزلبوون خۆلێونبوون

حاشا لە هەموو شتێک کردن راکشان لە ژێر داسی مردن

ئەوسات، ئەوکات، ئاکامەکەی، وەڵامەکەی، برینگی ئازارێکی بیژوو،

رەشەژانێکی نەناسراو، کرت کرت، کرت کرت ریشەی ژیانت دەقرتێنی

لەنێو زەلکاوی نەماندا تەپیو چەقیو تەڵەی تەقیو دەستەوەستان دادەمێنی

لەخۆمدایە ئەم ئەزموونە ئەم سەربردەیە زۆر زەقە

گوتنی تاڵە بیستنی تفتە دانپێداهێنانی رەقە

بێچەندو چوون ژیانی من بەڵگەی روونە خۆزگە بۆتۆ دەبووە ئەزموون

سرنج سرنج، موژدە موژدە لە بازوی پۆڵاینەوە

بازووی ئیبۆی لە سێدارەکەی شیرنێوە، رووەو گلکۆی بچووکی گلۆی لەشانی ئاراراتەوە

لەهیمەتی ساکانەوە لە خێڵی عەلی مەحۆوە لە رووحی نیاز پاکانەوە

پەنجە شانەیەک بەڕێوە، هێدی هێدی، نەرم نەرم پەرچەمی گلۆی دادێنی

بە پشووی تەژی لە شەرم رەوانی حەسێ دەدوێنی

ئازاری دادەمرکێنی، ئارام ئارام هێدی هێدی سوک دەینوێنی

ئاها ئاها، دیسان دیسان پشوویەکی دڵ والاتر شنە بایەکی ئاشناتر

گوڕ خۆش دەکا کرنۆش دەکا

بە خوێنی رژاوی گلۆی، بەڕمبی نووک تیژی ئیبۆی، پەیامێکی تر دەنووسێ،

باوەش لە خۆڵی کۆن دەدا

ئامێز لە کێلان وەردێنی

خۆڵی تازە رادەمووسی

خۆڵی تازە رادەمووسی.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان - ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی = ٢٤ی جانێوێری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

# وتووێژ لەگەڵ کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی



**دیمانەی حەمید تەیموری**

**پرسیار**: بەڕێز کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی، بەڕێزتان وەکوو کەسایەتی یەکی دیاری بزووتنەوەی گەلەکەمان، پێتانوایە پێکهاتنی کۆماری کوردستان چ ڕۆڵێکی لەسەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ـ دێموکراتیکی گەلەکەمان داناوە؟

**وەڵام**: کاتێک باسی ڕووداوی تاریخی دەکەینو بەتایبەت کە باسی کۆماری کوردستان دەکەین، یان دەبێ ئەو کەسە بۆ خۆی شاهیدی عەینی بێت یان دەبێ پسپۆڕی ئەو بوارە بێت، کە من نە شاهیدی عەینی کۆماری کوردستانم و نە پسپۆڕی ئەو بوارەمو بە هۆی هەلومەرجی تایبەتیی جەستەییمەوە ناتوانم بەو جۆرە موراجیعە بە کتێب بکەم، بۆیە من زیاتر پشت بەو گێڕانەوانە دەبەستم کە بیستوومەو بەو کتێبانەو بەو بەڵگانەی خوێندوومنەتەوە.

پێموایە باشتر ئەوەیە پێکهاتن و لەناوچوونی کۆماری کوردستان پێکەوە باس بکەین، چوونکە لە نێوان دروستبوون و

تێکچوونی کۆماردا تەنیا ١١ مانگ ماوە هەیە. بەڵام کۆماری کوردستان لەو ماوەیەدا چەند حەرەکەتی گەورەی کردووە کە جێگای شانازین و هەتا دنیایش هەیە شوێنەوارەکانیان دەمێننەوە. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ باسی کۆمار کوردستان بکەین، لە پێشدا دەبێ باسی بنەمای یەکەمی ئەم کۆمارە واتە باسی کۆمەڵەی ژێ - کاف بکەین، پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێ - کاف لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا دەستکەوتێکی گەورەی مێژوویی بوو، کەوابوو دەبێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد خۆیان بە قەرزداری کۆمەڵەی ژێ - کاف بزانن. ناسیۆنالیزمی پڕەنگی کۆماری کوردستان شتێک نیە کە ئینکار بکرێ، بەڵام من پێموایە کە ئەو رەخنەیەی بەو خەستوخۆڵیەی لە ژێر کاریگەری عەناسوری مارکسیستی برێک توندڕەو دا ئاراستەی کۆمەڵەی ژ - ک کراوە. کۆمەڵە ژ - ک، کۆمەڵەی لەدایکبووی رۆژگاری خۆی بووو بۆ بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی لەو رۆژگارەیدا دیاردەیەکی ئاسایی بووە. پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شیعاری گونجاوی دێموکراسی هەڵگرتبوو، بازتابێکی بەجێی مێژوویی بوو. کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کە کۆماری کوردستان بەدەستی حیزبی دێموکرات خولقا، ئەگەر مەبەست لە دێموکراسی ئەوە بێت کە زۆرایەتی دەسەڵاتی بەسەر کەمایەتیدا هەبێ، هەروەها پلۆرالیزم بە باشترین شێوە رەعایەت بکرێ و ئازادییە فەردیو کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیردرێ و جیاوازییەکانی رەنگو جینسی و ئاینی و غەیرە لەنێو بچن، کۆماری کوردستان توانی ئەو ئەسڵانە بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات و نەقشونیگاری چالاکانەو ماهیرانەی خۆی بە خەڵکی کوردستان و ئێران و دنیا نیشان بدات. کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەدا زۆر هەل و دەرفەتی رەخساند. لە کۆماری کورستاندا، ئیرادەی ئازادانە و گەل حکومەتی دەکرد، خەڵک بە راشکاوی پرسیاریان دەکرد، بیری ئەوە لە خەڵکدا پێکهات کە بێهۆ هیچ شتێک قبوول نەکەن و گوێ بۆ نەزەری موخالیفانی خۆیان شل بکەن، لەو دەمەدا ژیانی کوردی بووژایەوە و رۆژنامەگەری گەشەی کرد، خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات بەرێ کران، پەیمانی کوردستان و ئازەربایجان بەسترا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پێنج حیزبی دیکەی ئێرانی بوو بە هاوپەیمان، هەوڵدرا کە دۆستایەتی لە نێوان گەلی کوردی و باقی نەتەوەکانی ئێران بەهێز بکرێ، ژنانی کوردستان شانیان وەبەر ئەرکە نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی خۆیان دا، هەیئەتی سیاسی و نوێنەرایەتیی گەلی کورد بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێک سەردانی دەرەوەی وڵاتیان کرد، کوردستان تەرحی ئابووریی خۆی دارشت و بوو بە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز، کوردستان باوەشی گەرمی خۆی بۆ کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و بەتایبەت بارزانییەکان ئاوەڵە کردەوە، ئەفسەرانی کورد ریزی سوپای عێراقیان بەجێهێشت و بەوپەڕی خاکەڕایییەوە پێشمەرگایەتیی کۆماریان قبوول کرد، مەنتیق و رێبەرایەتی حەکیمانەی کوردستان وا جێی گرت کە کوردەکانی ئامریکا و ئورووپا بەپەلە خۆیان گەیاندە کوردستان، رۆژنامەنووسان و وێنەگرانی مەشهووری دنیا لە کوردستان دامەزران، تیاتری "دایکی نیشتمان" لەسەر شانۆ ئیجرا کرا کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، نەقش و رۆڵی کۆماری کوردستان ئەوەندە زۆر بوو کە من ئیستا تەنیا توانیم باسی بەشێکی زۆرکەمی بکەم. هەر ئەم دەستکەوتانەو نەقش و نیگار و رۆڵەکانی بوو کە کۆماری کوردستانیان کردە چقڵی چاوی

دوژمنان و نەیارانی ژوورەوە و دەرەوە کە بە هەموو توانایەوە پیلانیان گێڕا بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان بڕووخێنن کە بەداخەوە بە ئاواتی چەپەڵی خۆیان گەیشتن.

ئەگەر بمانهەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە کۆماری کوردستان چ تەئسیرێکی لەسەر جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی خۆی داناوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستان چ ئەزمونێکی لێوەرگیراوە و چ تەئسیرێکی لەسەر کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داناوە کە توانیویانە تا ئێستا لەگەڵ ئەو هەمووە گیروگرفتەی کە هاتووەتە سەر ڕێگایان، بە شێوەیەکی ئوسوولی ڕێگای خەباتو تێکۆشانی خۆیان درێژە بدەن. ئێستا شەست و چەند ساڵە کە خەباتی حیزبی دێموکرات درێژەی هەیە، حیزبی دێموکرات لەسەر رابردووی خۆی لێکۆڵینەوەی کردووەو بە ئەزموونێکی زۆر بەنرخ و بایەخدار گەیشتووە کە ئەو ئەزموونانە دەتوانن لەسەر بزووتنەوەیەکی میللی ـ دێموکراتیکدا شوێنەوارێکی گەورەیان هەبێ. شتێکی ئاشکرایە کە ئەو ئەزموونانە بە قیمەتی زۆرگران بەدەست هاتوون و نرخی زۆر گەورەیان بۆ دراوە. مێژووی دووردرێژو خوێناویمان ئێمەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بە وچانێکی زۆرەوە چاوێک لە رابردوومان بکەین و تەنیا دوژمنان بە تاوانبار نەزانین و لە شکستەکانی رابردوودا خۆمان بە بەشدار بزانین. مێژوو فێری کردووین کە ئێمە نابێ چیدی کەمتەرخەمی بکەین و ئەوەندەی لە تواناماندا هەیە لە باری سیاسی و فیکرییەوە خۆمان باربێنین و فێربین و فێربکەین و نەقشی رۆشنگەریی خۆمان لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەکی ئوسوولی جێبەجێ بکەین. زیانەکانی رابردوومان فێری کردووین کە ئێمە لەو کاتە دا کارکوشتەو بەئەزموون و لێهاتووین کە لە بەرابەر دوژمنی غەدار دا بە ئیحتیاتترو بەئەزموونتر بین، هەروەها ئێمە بەو ئاکامە گەیشتووین کە بە لەبەرچاوگرتنی دیسیپلینی ئاگاهانەو پەروەردەکردنی کادری پێگەیشتووو ئاگا لە مەیدانی تیۆری و کردەوەدا مەسەلەیەکی زۆرگرنگە، بەهێزکردنی بەدەنەو رێبەری، پشتبەستن بە چەوساوەکان و زەحمەتکێشانی گەلەکەمان و هەروەها لێدانی پردی یەکیەتیی بەکردەوە لە نێوان ئەوانەدا ئێمە بە ئاکامی باش دەگەیەنن و لە سەرکەوتن نزیکمان دەکەنەوە. هەڵسووکەوتەکانی رابردوو ئێمەیان گەیاندووەتە ئەو جێگایە کە هەم لە ژوورەوە و هەم لە دەرەوە دۆستان و دوژمنانی تاکتیکیو ئیستراتیژیکی خۆمان بە شێوەیەکی زۆر لەبارو ئوسوولی بناسین، فەلسەفەی باوەڕبەخۆبوون لە خۆماندا بەهێز بکەین، لەسەر رۆژهەلاتی کوردستان وەک پایگایەکی قایموقوڵی ئینسانی و سیاسی حیسابی خۆمان هەبێو لە موعادیلاتی سیاسی و ئیمرۆیی ئەورۆ دا رۆڵی عەقلانی خۆمان بگێڕین. ئێستا ئەزموونە تاڵەکان، شکستەکان و دەرسەکان هەموومان وەک مەشخەڵێکی بەرز رێگای خەبات و تێکۆشانی میللی ـ دێموکراتیکی گەلەکەمان روون دەکەنەوە. حەرەکەتی میللی - دێموکراتیکی ئێمە لە سایەی ئەو ئەزموونانەوە قۆناخەکانی دینامیزم و پویایی خۆی دەپێوێ.

**پرسیار**: رۆڵی پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرکۆمار تاچەند بەرجەستەیەو ئایا کەسایەتیی بەڕێزیان لە یەکدەنگبوونی خەڵک لەو سەردەمەدا شوێندانەر بووە؟

**وەڵام**: ئەم پرسیارەو ناساندنی شەخسییەتی بەرزی پێشەوا قازی موحەممەد، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ رۆژگاری پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان و زۆربەکورتی چاوێک بە وەزعی ئێران و کوردستان و دنیادا بخشێنین. ئەوەی کە من لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"ی دوکتور قاسملوو تۆزێکم لەبیر مابێ، لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دا رێژیمی رەزاشا رووخا، لەشکری سوور لە شومالی ئێراندا جێگیر بوو، ئەوە بوو کە سۆڤییەتییەکان راستەوخۆ لەگەڵ مەسەلەی کوردو وەزعی کوردستان رووبەڕوو بوون، لەدوای راپەڕینە عەشیرەتییەکەی ورمێ تێگەیشتن لە کوردستاندا هەستێکی توند و خەستوخۆڵی نەتەوایەتی هەیەو دەبێ کەڵکی لێوەربگرن، بۆیە سۆڤییەتییەکانو ئەفسەرانی ئەو وڵاتە دەستبەکار بوون تا کەسێکی بەتوانا و ژیر وەک ئەسڵی قەزییە لە کوردستاندا بدۆزنەوەو لە راستیدا ئەوان بەدوای بەنفووزترین ئینساندا دەگەڕان.

پێشەوا قازی موحەممەد هەم لە باری تێگەیشتن و ئاگایی سیاسییەوەو هەم لە باری نفووزی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابووو ئەو کاراکتێرە بوو کە سۆڤییەتییەکان دەیانویست. ئەو هەیئەتە سی کەسییەش کە لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کورد لە لایەن سۆڤییەتییەکانەوە بۆ باکۆ بانگهێشت کرابوو، وەک ئەمن بیستوومە گۆیا بەمەبەستی ئەوە بووە کە سۆڤییەتییەکان لەسەر کەسایەتییە کوردەکان موتالیعە بکەن و بتوانن موخاتەبی ئەسڵیی خۆیان بۆ دوارۆژ ببیننەوە. پێمخۆشە لێرە دا ئاماژە بەوە بکەین کە چەند مانگ پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان، نازیسمی ئاڵمانی بە سەرۆکایەتی هیتلێرو فاشیزمی ئیتالیا بە سەرۆکایەتی موسولینی و هەروەها ئیمپراتۆری ژاپۆن تێک رووخابوون، لە رۆژهەڵاتی ئورووپا دا هێندێ کۆماری سوسیالیستی خەریکی پێکهاتن و شکلگرتن بوون. سۆڤییەتییەکان ئەوجار پێشەوا قازی محەممەدیان چاک ناسیبوو و لە راستیدا ئەوان کەسایەتیی ئیدەئال و هەروەها خاوەن نفووزی خۆیان لە کوردستاندا دۆزیبووەو بەو نفووزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە لە شەخسی پێشەوایان دەرک دەکرد، زۆر پیانخۆش بوو کە لەگەڵ پێشەوا کار بکەن. سۆڤییەتەکان کە لە تێکشکاندنی فاشیسمدا رۆڵی گەورەیان هەبووو بەتەنیا ٢٠ میلیۆن کوشتەیان دابووو تووشی وێرانبوون و زیان و زەرەری زۆرقورس هاتبوون، نفووزێکی زۆریان لە دنیای دەرەوە دا پەیدا کردبوو، هەروەها شورەوی کە لە دنیای دەرەوە دا تەنیا پشتیوان و دۆستی کوردەکان بووو تەنیا دەروازەی کوردستان بۆ دنیای دەرەوە بووو لە لایەکی دیکەشەوە بوونی پێشەوا قازی محەممەد وەکوو کەسایەتی و ئینسانێکی بەتوانای سیاسی و شەخسییەتی هەڵکەوتووی کۆمەڵایەتی، وەکوو ئینسانێکی خاوەن فەرهەنگی بەهێز، وەکوو ئینسانێکی خاوەن پرستیژو ئیعتبار و نفووز، وەزن و قورسایی و حورمەت و ئۆتۆریتەی زیاتری بۆ خەباتی رەوای گەلەکەمان بەدیاری دەهێنا. پێشەوا بوو کە خاوەن گەنجینەی



سەرچاوە
Serchawe

گەورەی زانست و فەرهەنگ بوو و بە ئاشنایی بە حەوت زمانی زیندووی دنیا زیاتر لە هەموو کەس دەیتوانی بەتایبەتی لە پۆستی سەرکۆماری دا رێبەری راستەوخۆو راست و دروست و زمانی ئاگای گەلی بەشخوراوی کورد بێت.

**پرسیار**: **پێتانوایە هەبوونی حیزبێکی مۆدێرن وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پشت کۆمارەوە تا چەند یارمەتی بە مۆدێرن بوونی کۆمار داوە؟**

**وەڵام**: مۆدێرنبوون و سەردەمی بوونی کۆماری کوردستان لە سەردەمی بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ، چوونکە کۆماری کوردستان بەدەستی بەهێزی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هات، لە راستیدا موهەندیسی ئەسڵی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەو کۆماری کوردستان ئاوێنەی بالانوێنی تەلارو ناوەرۆک و بەرنامەی حیزبی دێموکراتە. کەوابوو بۆ دەرکی ئەو واقعییەتە و تیشک خستنە سەر سەردەمی بوونی کۆماری کوردستان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناوەرۆکی سەرچاوەی ئەسڵی کۆمار، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. حیزبی دێمورات زۆر زوو توانی تەکانێکی مێژوویی وەها لە خۆی نیشان بدات و پێ بنێتە نێو جەغزی مۆدێرنیزەبوون و چاکسازی و خۆی لەگەڵ رۆژگار و هەلومەرجی ئەوکاتە دا رابێنێ، پێش هەموو شتێک پێمخۆشە ئیشارە بەوە بکەم کە هەڵگرتنی دروشمی گونجاوی "دێموکراسی" وەک دروشمی هەڵقوڵاوی خەون و ئاواتە لەمێژینەکانی میللەتی ژێرچەپۆک، بەرهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، بۆیە کێشان بەرەو مەیدانی تازەبوونەوە و نوێبوونەوە و وەدەرکەوتن بەمەبەستی حەللی بەکردەوەی گیروگرفتەکان لەو مەیدانە دا تازەیە. بەوپێیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆماری تازەی خۆیدا بەمەبەستی کەڵکوەرگرتن لە گوتاری دێموکراسی بۆ حەللی بەکردەوەی مەسەلەکان لەسەر سێ میحوەری ئەساسی دەستی بەکارکردن کرد، یەکەم، راکێشان و هێنانەمەیدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ژێر تیشکی ناوەڕۆکی بەرنامەیەکی روونی سیاسی کە جەماوەری شارو دێ بتوانن لێی حاڵی بن و لە ژێر ئەو بەرنامەیە دا بتوانن رێگای خەباتی دوارۆژی خۆی دیاری بکەن، دووهەم، نزیک کردنەوەو لە لێک گرێدانی خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دێموکراسی بۆ وڵاتو هەروەها دژایەتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ هەرچەشنە فیکرەیەکی نالەباری ئەو سەردەمە دا، سێهەم، حیزبی دێموکرات دەیهەویست پشتیوانیی گەلانی ئازادیخواز و دژی فاشیزمی جیهانی بۆ لای خۆی رابکێشی و لە نفووزی بەهێزتر لە جیهانی ئەورۆژە دا بە قازانجی گەلەکەی خۆی کەڵک وەربگرێ. ئەو سێ خاڵە باسمان کردنن هەموویان شتی تازە بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی بۆ دەدا. بەتایبەت خاڵی سێهەمیان مەسەلەیەکی تازە بوو، چوونکە بۆ یەکەم جار بوو، خەباتی گەلی کورد لەگەڵ خەباتێکی بەرینی جیهانی دا دەچوونە ناو یەک بەرەوە. لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی لە هەشت ماددەدا بڵاو کردەوە کە بەشی



سەرچاوە
Serchawe

زۆریان شتی تازە بوون. ئەگەر لە کۆماری کوردستاندا کۆمەڵگایەکی مەدەنی نازەنین و رەنگین پێک هاتو لەوێدا جیاوازیدانانی جینسی، فەرهەنگی و نژادی و مەزهەبی زیندە بەچاڵ کراو رێز بۆ هەموو تایبەتمەندییەکانی جوولەکەکان و ئازەربایجانییەکان و ئاسووری و ئەرمەنییەکان دانراو پەیمانی هاوکاری و بەرگریکردن لە یەکتر، لە کوردستان و ئازەربایحان مۆر کراو ئەگەر بەرەیەکی بەرین لە نێوان حیزبی دێموکرات و پێنج حیزبی بەرینی سەرتاسەریی ئێران پێک هات و چەند شتی دیکەش، هەموویان بەرهەمی ئیبتکار و فیکری نوێخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون و لە نێو جەغزی هەڵسووران و تێکۆشانی کۆماردا رەنگیان دایەوە و بەکردەوە تا ئەو جیگایەی توانرا هەنگاویان بۆ هەڵهێنرا.

**پرسیار**: کۆماری کوردستان لە زۆر بواردا توانیویەتی بناغەو بنەمای بوارە جیاجیاکانی داهاتووی خەباتی گەلەکەمان دابرێژێ کە یەکێک لەوانە پێکهاتنی سوپای میللی لەو سەردەمەدا بوو، دەکرێ بەرێزتان زیاتر لەسەر دامەزراندنی سوپای میللی کوردستان بۆمان باس بکەن؟

**وەڵام**: کۆماری کوردستان شکل و قەوارە و ناوەڕۆکی دەوڵەتی هەبوو، لەسەر سێ پایەی هێزەکانی قەزاییە و موقەننەنە و موجرییە دامەزرابوو، بەشی بەرچاوی هێزی پێشمەرگە یان سوپای میللی بوو کە تێکرا یونیفۆرمی نیزامییان دەپۆشی و لە سەربازان و دەرەجەداران و ئەفسەرانی خوار و ئەرشەد پێکهاتبوو. گومان لەوەدا نیە کە پێکهاتنی ئەو سوپایە سەرکەوتنێکی یەکجارگەورە بۆ گەلی کورد بوو، چوونکە گەلی کورد هەرگیز سوپایەکی ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو. لە سەرتاسەری مێژوو دا هەرگیز لاوانی کورد ئەوەندە هەستیان بە سەربەرزی نەکردبوو، پێشمەرگەکان کە لە جووتیاران و زەحمەتکێشان پێک هاتبوون بەتێکڕا ئامادەی فیداکاری بۆ کۆمار بوون. بەڵام هێزی میللی سەروسامانێکی رێکوپێکی پەیدا نەکرد، ئەوەش بە دوو مەسەلە دا دەردەکەوت، یەکەم، هێزی پێشمەرگە چ لە باری سیاسی و چ لە باری نیزامییەوە وەکوو پێویست نەبووە، تەنیا مەرجی بوون بە پێشمەرگە کوردبوون و لێزانینی چەک بوو، ئاییننامەی رەسمیی سوپای مللی نەنووسرابوو و بەشکۆو دیسیپلینی نیزامی بەتەواویی جێگیر نەبوو. رەوابیتی عەشیرەتی وەک نەپسێن لە بە ژن و بالای سوپای میللیدەوە ئالابوو و دەست و بالای شەکەت دابوون و زیانی زۆری بە سوپای میللی گەیاند. دووهەم، ئەگەرچی سوپای میللی زۆر سەرکردەی بەجەربەزە و نەبەز و لێوەشاوەی لە نێوخۆیدا پەروەردە کردبوون و پێگەیاندبوون و ئەوانە جێگای هیوای دوارۆژی گەلەکەمان بوون و هەورەها وەکوو پێشمەرگە ئاگایی سیاسی و نیزامییان لە پلەیەکی بەرزدا بوو، بەڵام مەخابن زۆربەی ئەفسەرانی هێز لەو سیفەتە ئەساسییە بێبەش بوون کە بۆ هەموو ئینسانێکی نیزامی و شۆڕشگێر پێویستن، سەرکردایەتی هێزی میللی لاواز بووو لە توانایدا نەبوو ئەرکی سینفی و دژواری پاراستنی کۆماری کوردستان بەئەستۆ بگرێ



سەرچاوە Serchawe

و لە ئاکامدا سوپای میللی نەتەنیا دیفاعی لە کۆماری نەکرد، بەڵکوو دیفاعی لەخۆیشی نەکرد. لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە ئاشبەتاڵ تەنیا تایبەت بە سوپای میللی نەبووە و ئەو سوپایە تەنیا هێزێک نیە کە لە ئاشبەتاڵدا مەسئوول بوو، سوپای میللی هێزێکی شلکوناسک بوو، تازە پێی هەڵدەگرت، تازە خەریک بوو وەگەڕ دەکەوت، من بە چاوی خۆم چەند هێزی پۆشتەو تەیارو مۆدێرنم دیوە کە کاتێکی دیتویەتی کە ڕێبەرایەتییەکەی تێکچووە، وەک بەفری هاوینی تواونەتەوە.

**پرسیار**: ڕۆڵی بارزانی یەکان لە کۆماردا هەمیشە جێگای باس و شانازی بووە، ئایا بە بڕوای ئێوە دەکرێ باسی کۆماری بکرێ بەبێ ئەوەی باسی ڕۆڵی بارزانی یەکان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی بکرێ؟

**وەڵام**: لێرە دا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، هێندێ واقعییاتی تاریخی هەیە کە ناتوانی بەسەریدا تێپەڕی یان فەرامۆشی بکەی یان لەبیرخۆتیان بەریتەوەو باسیان نەکەیت. بۆ من کە نە شارەزاییم کە مێژوو هەیە و نە لەگەڵ کۆمار بوومو نە لە نزیکەوەش بارزانییەکان دەناسم، دەکرێ باس لە کۆمار بکەم و نێویکیش لە بارزانییەکان نەهێنم. بەڵام تا کوێ لەگەڵ ویژدان دێتەوە و تا کوێ مونسیفانەیە، ئەوە مەسەلەیە. هەڵوێستێکی زۆر بێئینسافانەو داوەرییەکی زۆرناعادلانەیە کە باسی کۆماری کوردستان بکەی، بەڵام نەخشی گرنگ و بەرچاوی بارزانییەکان فەرامۆش بکەی. بارزانییەکان بەشێکن لە مێژووی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و کۆماری کوردستان، بەشداری و فیداکاری بارزانییەکان بەتایبەتی و هەروەها بەشداری و لەخۆبردوویی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان جێگای شانازیی هەموو لایەکی ئێمەیە. کەسێکی بێهێزی وەک من باسی قەزییەی بارزانییەکان بکا یان نەکا، مێژوونووسانی ناوخۆو دەرەوە لەسەر پاڵەوانەتی و قارەمانی ئەوان بە پاراوی نووسیویانە. بەڵام لێرەدا ئیمکانی ئەوە نیە باسی هەموو کون و قوژبنی ئەو مەسەلەیە بەوردی بکەین، بەڵام هێندێ شت هەن کە دەرسن، ئامۆژگارین، حەماسەتن، نوختەی بەرزو ڕووناکن و مەشخەڵن کە ئەگەر لەبیر بچنەوە هەم وەکوو فەرد، هەم وەکوو میللەت زەرەری زۆرمان پێدەگا. نەخشی بارزانییەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕوون و بەرچاوە،بەڵام لە مەیدانی بەرەنگاربوون و دەستە و یەخەبوون لەگەڵ دوژمنانی فێڵبازی میللەتەکەماندا هێندێ نوختەی زۆر ڕووناک و ئاوڕدانەوەو وەرچەرخانەوەو کشانەوەی زۆر حەکیمانە و ژیرانە و وردبینانە هەیە کە لە شەخسی بارزانی نەمردا خۆدەنوێنن. سەرداری نەمر مەلا مستەفا بارزانی ئەرکی قورسی بەرپرسایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەسەرشان بوو، لە هەموو مێژووی مانەوەیاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ساتێک ڕانەوەستان و هەناسە بەدوای هەناسە لە مێژووی گەلەکەماندا تۆماریان کرد. چەندین شاکاری گەورەی لە مەیدانی سیاسی و نیزامیدا لە خۆی نیشان دا کە دوژمنانی گەلەکەمان سەریان سووڕما، دەکرێ پاشەکشەی بارزانییەکان لە ژێر ڕێنوێنی حەکیمانە و وردبینانەی بارزانی نەمردا، شەڕی سەقزو زۆر حەماسەی تر وەبیر بێنینەوە. ئەوان توانییان گەلێک پسپۆڕانەو وردبینانەو بەبێ ئەوەی زیانیان پێبگا بەرەو ناوچەی مەهاباد پاشەکشە

بکەن، کە پاشەکشە بە تاکتیکێکی زۆر شارەزایانە و نیزامییانە دادەنرێ. شانۆی پێکهەڵپرژانی لەشکری شاو بارزانییەکان لە چەند جێگای جۆراوجۆرداو هەوەرها تێکشکاندنی سەرشوڕانەی لەشکری پۆشتە و پەرداخی ئێرانێ کە دەستووری راستەوخۆی لە دەرباری شاوە وەردەگرت و هەروەها ئێعترافی ئەرتەشی ئێران بەوەی کە هەرگیز لەگەڵ دوژمنی ئاوا سەرسەخت بەرەوڕوو نەبووە، تا رادەیەک تێکشکانی کۆماری کوردستانی قەرەبوو کردەوە و برینی گەورەی سەرتاسەری کوردستانی تا رادەیەک سارێژ کردەوە و فێنکایی بە دڵی دانیشتووانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەخشی. ئامۆژگاریی بارزانی نەمر بە ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد کە باوەڕ بە حکوومەتی عێراق نەکەن و نەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی عێراق، بەداخەوە کاریگەر نەبوو و دوای گەڕانەوەیان و شەهیدبوونیان، راستی و دروستی ئامۆژگارییەکانی بارزانی نەمر دەرکەوت. پاشەکشەی لێزانانە و وردبینانەی بارزانییەکان لە ژێر فەرماندەیی بارزانی نەمرو هەروەها هێرشی پەیتاپەیتای تورکیەو عێراق و ئێران بە لەشکری دەهەزار کەسییەوە لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی دنیادا وەک تۆپ تەقیەوەو دەنگی دایەوە. بڕینی ڕێگا بە شەڕی نیوەشەو و تێکشکاندنی دوژمن لەسەر پردی ماکۆو کێوی ئاراس و گەیشتن بە خاکی یەکیەتیی سۆڤیەتی، داستانێکی دیکەی هەرەقارەمانەتی و شانازی بۆ گەلی کوردو بە تایبەتی بۆ بارزانییەکان تۆمار کرد. لە ژیانی پڕلە تەنگ و چەڵەمەو شۆڕشگێڕانەی بارزانییەکان و بەتایبەتی ژیانی سەخت و دژواری نەمر مەلامستەفای بارزانی و هەروەها ماندوویی و هەوڵ و تەقەلای بێوچانی ئەو هێزە شۆڕشگێڕە بۆ بەئاکام گەیاندنی کۆماری کوردستان هەرگیز فەرامۆش ناکرێن و لە مێژوودا بە ئاوی زێڕ دەنووسرێنەوە. خۆگێل کردن لەو واقعییەتە تاریخییانە، تەنیا کاری دوژمنانی گەلی کوردە و بەس.

**پرسیار**: کاک مەلا حەسەن هەروەک دەزانین ئەو بوارە گرێدراوانە بە کۆماری کوردستانەوە کە پێویستیان بە تاوتوێی تایبەتی و دوانی زیاتر هەیەو لە دەرفەتی ئەم وتووێژە دا ناکرێ لەسەر هەموویان پرسیارتان ئاراستە بکەین. وەکوو دواپرسیار داوامان لە بەڕێزتان ئەوەیە کە سەبارەت بە ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوایەتیی کۆمار بۆمان باس بکەن؟

**وەڵام**: کە باسی ئاڵای کوردستان دەکەین هەمیشە وەبیر شێعرەکەی مام هەژار دەکەومەوە، کە پێموایە لە کاتی هەڵدانی ئاڵا لە بۆکاندا گوتوویەتی "بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وابوو کورد سەرناکەوێ . کێ بوو پێی وابوو کە نەکبەت لەسەرمان ناڕەوێ". ئەو کاتەی ئاڵا لە مەهاباد هەڵکرا، سروودی "ئەی رەقیب"یش بوو بە سروودی نەتەوایەتی. شێعری سروودی "ئەی رەقیب" هی مامۆستا دڵدارە، گۆیا کە بیستوویەتی شێعرەکەی بووە بە سروودی کۆمار، لە خۆشیدا دەستی کردوە بە گریان. لە مێژوودا زۆر حەرەکەتو رووداوی چووک هەیە کە بووە بە سەرەتای راپەڕین و سەرکەوتنی زۆرگەورە و ئاڵوگۆڕ و ئاکامی زۆرباشیان بەدوودا هاتووە. لەو کاتەدا کە قاڕڕەی ئورووپا بەدەست کاتۆلیکەکانەوە ناڵەی دەگەیشتە ئاسمان، مارتین

لوتێر کە بۆخۆیشی پیاوێکی ئایینی بوو، چەند تێزێکی خۆی بە درگای قەڵای کلیسای کاتۆلیکەوە چەسپاند کە ئەگەر ئیشتبام نەکردبێ وابزانم ئەوکاتەی ١٥١٩ی میلادی بوو، هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە وردە وردە تلیسمی کاتۆلیکەکان بشکێت و چەند راپەڕین و ریفۆرمی گرینگی بەدوادا هات. لە زەمینەی رەگەزپەرستی سپی‌پێستەکانی ئامریکادا، ژنێکی رەشپێست کورسییەکەی خۆی بۆ پیاوێکی سپی‌پێست چۆڵ نەکردو ئەوە زۆر راپەڕین و خۆپیشاندانی زۆرگەورەی بەدوا دا هات و مافی رەشپێستەکانی تا رادەیەکی بەرچاو مسۆگەر کرد. بەڵام هەڵکردنی ئاڵا کارێکەی سادە نەبوو، یەکەم جار هەڵکردنی ئاڵا لە دووی رێبەنداندا لە نێو بەفرو سروشتی نیوەخنکاوی ئەوکاتەدا، مەشخەڵی بەگڕو بەتین و رووناکیدەری سەرتاسەری مێژووی کورد بوو. بەرزبوونەوەی ئاڵای سێ رەنگی سوورو سپی و سەوز، زنجیری کۆیلەتی و دیلیی گەلی ئێمەی پساند. گەلی کورد لە هەموو مێژوودا ئەوەی ئاواتی بوو، پێی گەیشت و پێناسە و کەسایەتیی راستەقینەی خۆی دیتەوە. هەر ئەو ئاڵا لە هەموو شارەکان و دێهاتەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەڵکرا. گەلی کورد هەرگیز خۆی وا بە سەربەرزی نەدیبووو بە دیتنی ئەو ئاڵایە لەسەر سەری خۆیان سەربەرزو سەربەرزتر دەبوون. ئەمن ئاڵای ئەم دواییانەم نەدیتووە، گۆیا تەغییرات و ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک هاتووە، بەڵام ئاڵای سێ رەنگی ئەوکاتەی بەمجۆرە لە شێعرەکانی مام هەژاردا رەنگ دەداتەوە: "پارچەکەی سێ رەنگی کورد دەنوێنێ . رەنگی سوور دەڵێ تا تنۆکێک خوێنێ کورد مابێ قەتی نانوێ . سپی یەکەی مژدەی بەیانی رۆژی کوردی کرد بەیان . یەعنی رۆژی کورد هەڵات و لێی نەما پەردەی شەوان . رەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەو رۆژەوە . شین و سەرسەوزە و وەدەستی کەوتەوە رەنگی نوێ . دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە رسقی خۆت هەبێ . خۆت کە برسیت، بۆچی دوژمن پێت بژی لێرو لەوێ . پێم دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشت پێدەوێ . غەیری من دەست ناکەوێ بۆ رێی تەرەقی و پێشڕەوێ." ئەوەی کە لە مامەقالەی دەباغیم بیستووە، سەد کەس تەنیا لە سەردەشتێ سەرەڕای ئەوەی زستانێکی زۆرسەخت بووو بەفر لە رێگاکاندا بوو بە پیادە تا مەهاباد رۆیشتن و بەشدارییان لە رێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستاندا کردووە. بەرزبوونەوەی ئاڵای کوردستان ئەمجار بە شێوەی رەسمی بەرزبوونەوەی کەرامەت و کەسایەتیی تێکڕای گەلی کورد بوو. ئێستا ئێمە شتێکی ناڕاستمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین زیاتر لە سی میلیۆن کورد ئەو ئاڵا پیرۆزە بە کەرامەت و سەربەرزیی خۆیان دەزانن. شەکانەوەی ئەو ئاڵایە نەتەنیا بۆ گەلی کورد، بەڵکوو مزگێنی ئاسۆی روون و سەرکەوتنی یەکجاری بە هەموو میللەتانی ژێر چەپۆکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا راگەیاند. شەکانەوەی ئەو ئاڵایە رەمزی سەرکەوتنی کوردان بووو هەروەها ئایەتی وەگەڕکەوتنی بە رەسمیی کۆماری کوردستان بوو. شاباڵی پیرۆزی ئەم ئاڵایە باوەشێنی دڵی هەر کوردێکی ماندوو و ئازارچێشتووی سەر ئەم جیهانە دەکات. بۆیە ئەمنیش لە کۆتاییدا وێڕای مام هەژار ئەم دۆعایەی دەکەمەوەو دەڵێم: "رەبی هەرکەس دوژمنی ئەم میللەتە دڵپاکەیە . ژێرکەوێ، کۆستی کەوێ، رەبی سەعاتێ نەسرەوێ . داری ئاڵاکەم عەجەب چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو". هەر کەسێک خۆشی نەوێ رەبی وەبەر خەنجەر کەوێ". شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستان تا ئێستایش لە مێژوودا شیرینترین زەردەخەنە بووە کە لە دڵی

کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا جێی گرتووە.

بڵاو کراوە لە پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستان ٥٠٢ – ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## نامەیکی تەلەفۆنی لە مەلا حەسەنی شیوەسەڵی

مەلا حەسەنی شیوەسەڵی سەرکردەی مەیدانی حزبی دێموکراتی کوردستان کە لە خەباتی کوردایەتیدا هەردوو دەست و چاوەکانی لە دەست داوە ئاوا هەستی خۆی بۆ کوردستانی باشوور دەردەبریت لە کارەساتی ١ی شوباتی هەولیر.

نامەیکی تەلەفۆنی لە مەلا حەسەنی شیوەسەڵی

لەریگای هەڤال شیرکۆی شیخ نوری بۆ هەڤال ملازام عومەر

(دەقی نامەکە وەک خۆی)

هیند دڵم تەنگە دەڵێم بەم شەوە لەم شارە برۆم
لە ولاتیک کە جەڤا حاکم و سالارە برۆم
نە وەفا لای کەسو کارە و نە سەفای ماوە ژیان
لە دەسی بی بەزەی هەرجی کەسو کارە برۆم

کاکی گەورەو قارەمانم کاکە عومەر عبدولا

لە سڵاوی شۆرشگیرانە وەرەز بوم چەور زمانیشم پی خۆش نیە بۆیە واز لەم شتانە دینم و باسی هیج کامیان ناکەم بەڵام پیم خۆشە لە قولپەی دڵمەوە گەرمترین سەرەخۆشی خۆم بە بۆنەی کارەساتی جگەر بری هەولێر بە بەرێزتان و تەواویی هاوریان و کەسو کاری خوا لی خۆشبوانی هەموو لا رابگەینم هیوادارم وەک هاودەردیک حسابم بۆ بکریت کاکە گیان لە بیرم ماوە ئەو کاتەی ٠ئیوە ناوزەنگو زەلیتان چۆل دەکرد بە هەلگری ئیستای ئەم نامە دا ئەم وەڵامە ناخۆشەی بە برا بچوکی خۆت راگەیاند منیش لە چیای گیارەنگەوە چاویکم بە شان و ملی روتی مامەندە دا خشاندو قولپی گریان هاتە دە گەروم لەو کاتە دا بۆیەکەم جار خۆمم بە بی یارو یاوەرو پشتیوان هاتە بەرچاوو چەند وشەیەکم ئارستەی ئیوە کرد ئیوەش هەر بەو هەستەوە پەیامی منتان وەرگرتبوو بە چەند رۆژیک دوای ئەوە لە ترۆپکی هەرە بەرزی مامەندە خۆم لە ناو کۆمەڵێک دەعبای نامۆ دا دیتەوە و لە دڵمەوە خۆم بە شەرمەندە زانیو چاویکم بە شوینی ئیوە دا گیرایەوەو نیگایەکم بە ناو

ریچکەکانی ناو تەپۆلکە سوتاوەکانی بەری ئاسۆس و مەرگە دا خشاندەوە دلم کولی حەسرەت گرتیەوە هەمان کات لە ناوەراستی دڵمەوە پەیامێکی خامۆشم بۆ پشتە ملی جیای سورداش و لوتکەی ژیلوان و گۆجار و ئاسۆس رەوانە کرد سەری کرنوشم بۆ ئەوان دانەواندەوە کە دەتوان برای دایک و بابی و راستەقینەی مامەندەو بابرینگ و دەشتە نەرمایەکانی بردە سپیان لە لایکی دیکەوە پەیامێکی خامۆشتر لە گوی دڵم هەست بەوە دەکەم کە تۆش خۆم ئاسای لە وڵاتی خۆت و لە ناو کەس و کاری خۆت بی کەسو خەریب ماویتەوە هەر ئەوەندە دەلیم یاخوا روی رۆژگار سپی بیو بشکی ئەو دەستە دڵت دەشکینیت ئەوەی هەرگیز نەعرەتەی شیرانە و تیشکی جرای قەلافەتی دلیرانەتان لە ناو شەوە زەنگ دەکریت بڵیم شەوی رەش و سوری خونیاوی خدراوی و گۆرە مەرو دەورو بەری ئالوەتان لە بیر ناکات و لە یادتە ....

حەسەن شیوە سەلی سوید

١٦ - ٢- ٢٠٠٤

نوسین و تۆمار کردنی نامە شێرکۆ شێخ نوری ئەنیشخەدە هۆلندا))






**وتەکانی؛ سەبارەت بە کۆچی نەمر عەوڵا لاجانی برای شەهیدان کاک ساڵح لاجانی و کاک قادرلاجانی**

**٨ - ١ - ٢٠٢٣**

---

**پەیامی دەنگی بۆ یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس**

**١٧ - ٩ - ٢٠٢٢**

---

**وڵامێکی کورتی سەبارەت بە کتێبی کاک مەلا رەحمان کاژەیی**

**١٦ - ١ - ٢٠٢٢**

---

**وەسیەت نامە و کورتەیەک لە ژیانی  سمکۆ عەلیار و پەیامی دەنگی کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی**

**٢٠ - ١١ - ٢٠٢٠**

---

لە شەوی یەڵدا دا کەمێک لە ئامۆژگاریەکانی قوربانیە مەزنەکەی کورد وە بیر دێنینەوە.
ناوی دکتۆر قاسملووم لەکێ و لە کوێ بیست و چۆن لە گەڵی ئاشنا بووم

٢١ - ١٢ - ٢٠١٩

دەنگ: کێشەکە لە ئمپرالیزمەوە دێ.

٢٨ - ١٠ - ٢٠١٩

---

ڤیدیۆ: دیمانەیەک لە گەڵ هاوڕێ کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی و خوشکە کلسووم ، ساڵە نەڵۆسی

٩ - ١٢ - ٢٠١٨

---

ڤیدیۆ. وتەکانی لە کۆڕیادی شەهید سامان شیوەسەڵی,

١ - ٧ - ٢٠١٨

---

لە یادی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدان

٦ - ٤ - ٢٠١٨

---

لە یادی ٥٠ ساڵەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێراندا

٣٠ - ١٢ - ٢٠١٧

دەنگ، پرسەی خۆی ناڕاستەی بنەماڵەی مامۆستا کەریم زەندی دەکا.

٢٣ - ١١ - ٢٠١٧

ڤیدیۆ، لەسەر وتوویژ لە گەڵ حکومەتی عێراق دوای داگیرکرانی کەرکوک و ناوچەکانی تری باشووری کوردستان

٣٠ - ١٠ - ٢٠١٧

---

ڤیدیۆ، یادی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان لە هوسبی ترێف لە ستۆکهۆڵم، رێزی لێ گیرا.

٩ - ٤ - ٢٠١٧

---

دەنگ، پرسەنامەی بۆ یادی شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٣ - ٧ - ٢٠١٦

---

، ئای لەم هەموو فروفیشاڵەی، ئاخ بۆ تۆزێک چاووڕو روحانی کە ئەوان هەولێریان لە هێرشی داعش پاراست.

١ - ٦ - ٢٠١٦

---

ڤیدیۆ، بەشێک لە وتە بەنرخەکانی لە ٦٩ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێیانی.

١٠ - ٤ - ٢٠١٦

**دەنگ؛ سوپاس نامەی بۆ هەموو ئەو دۆست و هاوڕێ و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات و کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی حیزبی دێمۆکڕات.**

**١٢ - ١٢ - ٢٠١٥**

**لە یادی یەک ساڵەی شەهید قاسملودا، و کاک ساڵح زارعی دەنگەکەی بڵاو کردەوە**

**٣٠ - ٧ - ٢٠١٥**

---

**ڤیدیۆ، لە سەر یەکگرتنەوەی حیزبی دێمۆکڕات چی بکەین باشە، مەلا حەسەن شیوەسەڵی**

**١٢ - ٢ - ٢٠١٥**

---

**دەنگ؛ دەکرێ ئاسنی سارد بکوتین وڵامێک بۆ کاک کەریم فەرخەپوور و یەکگرتنەوەی حیزبی دێمۆکڕات**

**٢١ - ١ - ٢٠١٥**

---

**مەلا حەسەن شیوەسەڵی: منیش فروفیشاڵم هاتووە، وڵامێک بەو کەسە بێ ناوەی کە لە سایتی زمزیراندا هێندەک شتی ئیشارە پێ کردووە و وڵامێک بۆ یەک ڕستەی حاجی حوسێن حەداد سەبارەت بە محەممەدی حاجی ڕەسوڵی.**

**٢ - ١ - ٢٠١٥**

---

ڤیدیۆ، ٥٠٠ ساڵەی دابەش کردنی کوردستانمان،

٢٢ - ٨ - ٢٠١٤

---

دەنگ، وتووێژێک سەبارەت بە شەهید ڕەحمان سۆفیزادە

١٧ - ٨ - ٢٠١٤

دەنگ، یادێک لە شەهیدی نەمر کاک ڕەحیم قاڕنجی گرتووە.

١٨ - ٥ - ٢٠١٤

---

ڤیدیۆ، وتووێژ لە سێمینارێکی حیزب، لەشاری ئیسکیلستوونای سوید،

٢٥ - ٣ - ٢٠١٣

---

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان

---



سەرچاوە
Serchawe

## کە چاو دەبێتە قیبلەنما،

### بۆ کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی

**برایم لاجانی (خوسرەو)**



هێندە گەورەی....

بە تونێلی فراوانی ئەم

گەردوونەشەوە ناچی

تۆ زۆر مەزنی تۆ خۆشەویستی ئەم خەڵکەی

******

هەموو ڕۆژێ قامکەکانت

وەک دە چۆلەکەی سەربڕاو

بەرەو ئاسۆ هەڵدەفڕێنێ

ئەوە تانێ... بەو دەستانەت

ئەم هەورانە رادەماڵی،

دەتەوێ خۆرمان بۆ بێنی

چاوم لێیە قامکەکانت....

کەوتوونە سەر پەلپیتکەی چەکی

هەموو پێشمەرگەکان

بوونە قەڵەم بۆ منداڵانی کوردستان

******

چاوەکانت چاوی شۆڕشی ئەم

گەلەن

چاوی حیزبن

لە تۆفان و گەردەلوولدا

بۆمان دەبنە قیبلەنما

لە هەورازو هەڵدێراندا....

دەستمان دەگرن

لە پێشەوەی ئەم کاروانە

سەروەریەدا

کاروانکوژە دەناسنەوە....

******

لە رووناکیی چاوەکانت

بەرەو کوردستانێک دەچین

پڕ لە خۆشی و نان و ئاوە

بە سەر پردی دەستەکانت

دەچینە سەر کانی موراداan....

******

چاوم لێتە

هەموو شەوێ نیوە شەوێ لە سەر چیاکان

ئاگرێکی سوور هەڵدەکەی....

هەر دە پەنجەت لە خوێنی شەهیدەکان

هەڵدەکێشی

داستانی شۆڕشی گەل تۆمار دەکەی

******

ئیستاو ئێستاش وەکوو ئەوسا هەر

فەرماندەی

هەموو رۆژێ.... لەسەرتاسەری

وڵاتا....

هەر وەک جاران

لە نێو سەنگەرەکانمان دای

وەک دار بەڕوویەکی بنار

بە بیرت دێ کە کاک دوکتور

دەستکێشەکەی بۆ هێنابووی؟

چەند دڵ خۆش بووی

ئەودەم ئەمن وام دەزانی

دەستەکانت زوو دەتەزن....

کەچی ئێستا ئەوەتانێ....

چوار فەسڵی ساڵ... دەستەکانت

لە سەر لووتکە بەرزەکانا

لە سەرما و بەفر و بۆرانا

ئاڵای خەبات رادەگرن و

لەگۆ ناچن و.... ناش تەزن

******

- ئەم شێعرە لە ژمارە ٣٩ی گۆڤاری لاوان لە سەرماوەزی ١٣٦٩ چاپ و بڵاوبۆتەوە. هۆنراوەی کاک برایم لاجانیە و بە ناوی خەسرەو کاتی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، خەسرەو کوڕی شەهید قادر لاجانیە.


لە فەیسبووکی کاک تاهیر مەحمودی وەرگیراوە

وێنە: مامۆستا و کاک تاهیر

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان – رێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe




بەڕێزان: مستەفا شڵماشی و مەلا حەسەن شیوەسەڵی

سەرچاوە
Serchawe


KURDISTAN


سڵاو و ڕیز لە پێشمەرگە، فەرماندەری پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری
مامۆستا حەسەن شیوە سەڵی




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٣ی زایینی**